# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٢٣ | شەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٤٠١ _ ٢١ی مەی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## خالید عەزیزی: فەرهەنگی پەروەردە دەبێ هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە



کاک خالید عەزیزی لە ڕێورەسمی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی پێشگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا ڕایگەیاند هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە یادگاری کۆماری کوردستانە، لە قوتابخانەی فکریی حیزبی دێموکراتدا و لە مەیدانی کردەوەشدا تێکەڵ کرا بە ڕوحی بەرگری، دیفاع لە مافە نەتەوایەتییەکان و خۆشەویستیی نیشتمان، بەگژداچوونی ئەو لایەنانەی هێرش دەکەنە سەر کوردستان و، مافەکانی ئەو گەلە لەبەرچاو ناگرن. جا ئەگەر وایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆیە چەکی هەڵگرتوە، چونکی ئاشقی وڵاتەکەیەتی و نیشتمانپەروەری، خاکپارێزی و خاکخۆشەویستی، بەردی بناغەی پرسی نەتەوایەتییە کە بە خۆشییەوە شانازیی ئەو پەروەردەیە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە ئیدارەدانی وڵات فەلسەفەی وجوودیی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. مادام حیزبێک ئاوا بیر بکاتەوە، ئەوەی کە بیری لێ دەکاتەوە و خەمی لێ دەخوا پەروردەکردنی خەڵکە. چونکی میللەت-نەتەوە دەبێ پەرورردە بکرێ و فەرهەنگی ئەو پەروەردەیە لە ماڵەوە دەست پێ دەکا و ئەو فەرهەنگە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە هەموو توانایەکی خۆی بەکار هێناوە، لە پەروەردەی نیشتمانییەوە هەتا بەرگریی پێشمەرگانە لە خاک و وڵاتەکەمان.

## فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە لە ٤٠ ساڵەی دامەزرانیدا

# بارهێنان بە بیری کوردایەتی و پەروەردەی پێشمەرگانە



## یادی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی حیزبی دێموکرات

لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی بە بەشداریی سکرتێری گشتی، ئەندامانی ڕێبەری و سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، یادی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بەرز ڕاگیرا.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و «ڕێژە»ی پێشمەرگانەی چەند دەستە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێ کرد و پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەلایەن کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕیزنامەی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی-نیزامی پێشکێش بە بەڕێوەبەریی فێرگە کرا و لە درێژەدا ڕاپۆرتی چل ساڵەی تێکۆشان و چالاکییەکانی فێرگەی پێگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە چەندی‌وچۆنیی خولە پەروەردەییەکانی حیزب لە ئاستی جۆراوجۆری لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە خۆی گرتبوو، خوێندرایەوە.

پێشکێشکردنی چەند سروودێکی شۆڕشگێڕی، ڕێزلێنان لە مامۆستایانی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە و خەڵاتکردنی سەرکەوتووانی دوا دەورەی بەڕێوەبەریتی لەلایەن فێرگەوە چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

سەروتار

## داهاتووی خەڵک لە گرەوی یەکبوون‌دایە

کەماڵ کەریمی

لە مانگی بانەمەڕدا و لە درێژەی بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ئێران، دەورێکی نوێ لە نیشاندانی ئەم ناڕەزایەتییانە دەستی پێ کرد.

لە ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨ کە درێژترین ماوەی بەرپاکردنی دەنگی ناڕەزایەتی لە سیاسەت و هەڵسووکەوتی ڕێژیم بوو، زۆرجار بە هۆکاری جۆراوجۆر و لە ناوچەی جیاجیادا لە ئێران، خەڵک ڕژاونەتە سەر شەقام و بێدەنگیی شەقامیان لە ئاست سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شکاندوە. ئەوەی لە بەرچاو بێ، هۆکارەکان زۆرتر کێشەی ئابووری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بووە. بەڵام هەموو جارێ دیاربوو کە ئەوانە زۆرتر بیانوویەک بوون هەتا مەیدانێک بکرێتەوە و خەڵک ڕق و بێزاریی خۆیان لە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. جگە لە کوردستان کە زۆرترین خۆپیشاندان و مانگرتنەکان لایەنی ئاشکرای سیاسیی هەبوو، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران هەر جارەی دروستکردنی کێشەیەک خەڵکی هیناوەتە سەر شەقام. بابەتگەلی وەک گرانی و دزی لە مەشهەد، کێشەی ئاو لە ناوچە عەرەبییەکانی خووزستان، بردنەسەری بایی بەنزین و ناڕەزایەتییەکانی شیراز و زۆر شاری دیکەی ئێران، کێشەی ئاو لە زایەندەروودی ئێسفەهان و دەیان کێشەی دیکەی لەمجۆرە و ئەمجارەش گرانی و چوونەسەری چەندقاتی نرخی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەک لە ماوەیەکی کورتدا و لە ئاستی ئێراندا.

لەو ماوەدا جگە لە دەربڕینی ناڕەزایەتیی گشتی خەڵک لە زۆر لە پارێزگاکانی وڵات، مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەکان لەسەر داوای شوڕای هاوئاهەنگی ڕێکخستنە سێنفییەکانی فەرهەنگیان و شۆفێر و کرێکارانی سەندیکای کرێکارانی شێرکەتی واحیدی ئۆتوبووسەکانی تاران جێگەی سەرنجن. ئەم دوو بەشە کە خاوەنی گەورەترین ڕێکخستنی سێنفی لە ئێراندان، بە داوای مانگرتنی گشتی بارێکی قورسیان خستۆتە ئەستۆی ڕێژیم. هەربۆیە دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیم دەستیان کردوە بە دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی کەسانی ناسراو لە بەڕیوەبەرانی ئەم دوو ڕێکخستنە و ئەوەی دیارە تا ئێستا نزیک بە ١٠٠ کەس لە چالاکانی کرێکاری و مامۆستایان لە شارە جیاجیاکانی ئێران دەسبەسەر کراون. هەتا ئێستاش ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## ئێمە ئاواین!

ناسیۆنالیزمی کوردی، ناسیونالیزمێکی ئینسانییە، ناسیۆنالیزمێک کە ڕێز لە بەها و بایەخە ئینسانییەکان دەگرێ. وەک نموونەیەکی بەرچاو لە هیچ پارچەیەکی کوردستان، کورد لە سەر خاکی ئەوی تر شەڕی نەکردوە، ئەمە واتە جۆری نەتەوەخوازیی کوردی، نەتەوەخوازییەکی بەرگریکارانە بووە لەسەر بنەمایەکی ئینسانی نەک هێرشبەرانە و دژەمرۆیی. ئەم ناسیۆنالیزمە کە بە قاوغێکی ئینسانییەوە خۆ دەردەخا، لەسەر بنەمای گوتارێکی ئەخلاقتەوەریش دامەزراوە، واتە ئەخلاق لەم گوتارەدا ئەخلاقێکی کانتی و ئەرکخوازانەیە.

ناسر باباخانی | ٣

## ستەم یان ستەمکار کێشە کامیانن؟

کۆمەڵگەی ئێران لە سەت ساڵی ڕابردوودا سێ جۆر حوکمڕانیی جیاوازی ئەزموون کردوە: ساڵانی کۆتایی تەمەنی قاجارەکان، پاشایەتیی پەهلەویی و لە ئێستاشدا پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئاگردانی دادخوازی و خەبات بۆ ماف و داوا ڕەواکان لە هەموو قوژبنێکی ئەو وڵاتەدا هەروا نیڵەی دێ. لە وڵاتانی دیکەی ناوچەش چ لەو شوێنانەی بە شۆڕش یان کودەتای نیزامی دەسەڵاتەکان گۆڕاون، دەرد هەمان دەردە. هۆکار چییە؟

عەلی بداغی | ٤

## پان‌تورکیزم لە کوردستان و هەڕەشەکانی

سوورەتی مەسەلەکە بە پێچەوانەی ئاڵۆزی و تێکهەڵچڕژانی هۆکارە سیاسی، جوغرافیایی، مەزهەبی و نەتەوەییەکان، ئاسان و خۆ بەدەستەوەدەرن، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دوو نەتەوەیە کە سەدان ساڵە لە بەشێک لە شار و ناوچەکانی پارێزگای ورمێدا پێکەوە دەژین، سەرەڕای بوونی ئاڵۆزی و ناکۆکی و دووبەرەکی، هیچیان نەیانتوانیوە ئەوی دیکەیان لە شوێنی ژیانیان دەربکەن، یا لە خۆیاندا بیانتوێننەوە و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە هیچکامیان نە دەتوانن ئەوە بکەن و نە دەبێ ئەوەش بکەن.

سمایل شەڕەفی | ٤

◆ درێژەی سەروتار

## داهاتووی خەڵک لە گرەوی یەکبووندایە

... ئەوەی دیارە هۆکاری ئاشکرای هاتنەسەر شەقامی ئەمجارەی خەڵک و دەربڕینی نارەزایەتییەکان کێشە ئابووریی و گرانی و کەمبوونی پێداویستییەکان لە بازاڕدان. بەڵام ئەگەر گوێ لە هاواری ئەوان لە چوارچێوەی دروشمەکانیاندا بگرین، دەردەکەوێ لە ڕاستیدا دەربڕینی بێزاریی ئەوان لە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییە و بەئاشکرا دیارە کە ئەم سەرهەڵدانانە لایەنی سیاسیی هەیە. بۆیە ئەوە کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانیان کە دەیانەوێ ئەم سەرهەڵدانە نوێیە لە چوارچێوەی نارەزایەتی لە بەرنامەکانی دەوڵەت و بە ناوی شۆڕشی برسییەکان لە قەڵەم بدەن، دەنا هاواری مەرگ بۆ خامنەیی و مەرگ بۆ دیکتاتۆر و سووتاندنی وێنە و بنێرەکانی ڕێبەری ڕێژیم لە شارە جیاجیاکانی ئێران دەردەخا کە ئامانجی خۆپیشاندانەکان تەنیا هاوار بۆ نان نییە. ئەوان بەدوای گەیشتن بە ئازادی و سەربەستیدا دەڕۆن. خەڵکی ئێران دوای ئەزموونێکی تاڵ و درێژماوە و ژیان لە ژێر دەسەڵاتی کەسانێک کە هەموو ئامانجەکانی خەڵکیان لە شۆڕش لەدژی دەسەڵاتی پاشایەتی بەبا دا، ئێستا بیر لە گۆڕانێکی دیکە دەکەنەوە و هەر ئەوەشە کە بێترس لە گرتن و کوشتنیان لەسەر شەقام هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتی ڕێژیمێک دەدەن کە نە تەنیا نان بەڵکوو هەموو کەرامەتی ئینسانیی ئەوانی لە نێو بردوە. هەربۆیەشە کە سەران و بڵێندگۆ بەدەستەکانی ڕێژیم دەیانەوێ ئەم خۆپیشاندانانە لە چوارچێوەی نارەزایەتی خەڵک لە دەوڵەت و هاوار بۆ گرانی بەرتەسک بکەنەوە. لەولاشەوە بەردەوام دەیانەوێ ئەوە بخەنە زەینی خەڵکەوە کە ئەم نارەزایەتییانی ئاکامێکی نابێ و دەبێ چاوەڕوان بن هەتا دەوڵەت بیرێک لە چارەسەری کێشەکان بکاتەوە! و بەمجۆرە خەڵک تووشی بێهیوایی بکەن.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە وەک خەڵکی ئێران بەباشی تێگەیشتوون، چارەسەری ئەم کێشانە لە هیچ شوێنێکی ئێران و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی نییە. ڕێژیمێک کە زیاتر لە چوار دەیەیە لە پێناو بەرنامە سیاسییەکانی خۆیدا، خەڵکی تەنیا وەک ئامراز بەکار هێناوە بەبێ ئەوەی بەرامبەر بە هیچ بابەتێک بە وەڵامدەر زانیبێ، ڕێژیمێک کە بەبێ گرینگیدان بە ژیانی خەڵکی وڵاتەکەی، هەموو سەرمایەی ئەو خەڵکەی لەپێناو سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار هێناوە و خزمەتکردن بەو حکوومەت و گرووپانەی لە وڵاتانی دیکە کە تەئیدی سیاسەتەکانی دەکەن بە ئەرکی خۆی زانیوە، دەسەڵاتێک کە هیچ پردێکی پێوەندی لە نێوان ئەوان و خەڵکدا نەماوە، ناتوانێ هیچ ڕێکارێک بگرێتە پێش بۆ چارەسەری ئەم کێشانە. لە خۆڕا نییە کە تەنیا شتێک کە بیری لێ دەکەنەوە ئامادەباشی بە فەرماندەکانی سپا و هێزە ئەمنییەتییەکانیان دەدەن بۆ سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتییەک و گرتن و کوشتنی خەڵکی سەرشەقام سڵ ناکەنەوە. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەم هێزی سەرکوتەش تا سەر ناتوانێ لە بەرامبەر خرۆشی کۆتایی خەڵک خۆی ڕابگرێ. ئەوان ڕەنگبێ بۆ ماوەیەکی دیکەش بە سەرکوتی ئەم خۆپێشاندانانە دڵخۆش بکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن هەتا کۆتایی ئەم خەڵکە بێدەنگ بکەن.

ئێستا سەرەڕای قەیرانە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، قەیرانە نێوخۆییەکان لە ئێران هەتا دێ لەسەر ڕێژیم بارگرانی دەکەن. قەیرانگەلێک کە لە باوەڕی خەڵکدا تەنیا بە گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆتاییان پێ دێ. ئەوەی ئێستا لە ئێران دەیبینین قەیرانێکی قووڵی سیاسییە کە یەخەی ڕێبەرانی هەرەسەری ڕێژیمی کردووەتە ئامانج. هەربۆیە خەڵک بە دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر دەڕژێنێتە سەر شەقام. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخا کە خەڵک لێبڕاوانەتر لە جاران هاتوونەتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانداا. ئەوەی ئێستا گرینگە بەردەوامیی خەڵک و پشتیوانیی هەمەلایەنە لەم سەرهەڵدانەیە کە ئەرکی قورسیش دەخاتە بەردەم ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی و چالاکانی نێوخۆ. بەمەش دەکرێ هیوا و هومێدێکی زیاتر بدرێ بە خەڵک بۆ پشتیوانی کردن لە هەر نارەزایەتییەک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و بەربڵاوبوونی زیاتری نارەزایەتییەکان. دەبێ ئەوەش بزانین کە داهاتووی ئێران لە چنگی کۆماری ئیسلامیدا نییە بەڵکوو لە گرەوی یەکگرتوویی خەڵکدایە بۆ هەنگاونان بەرەو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

# خالید عەزیزی: نیشتمانپەروەری، خاکپارێزی و گەڵخۆشەویستی بەردی بناغەی پرسی نەتەوایەتیین

## (دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٤٠ ساڵەی یادی دامەزرانی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەدا)




**هاوڕێیانی پێشمەرگە!**
**ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

پێشەکی بەبۆنەی یادی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکەم مەدرەسەی پەروەردەکردنی پێشمەرگە، کادر و فەرماندەرانی نیزامی لە حیزبی دێموکراتدا و بەردەوامیی تێکۆشانی ئەو مەکۆیە لەو ڕێبازەدا پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە دەکەم. هەروەها پیرۆزبایی لە کۆمیسیۆنی پێشمەرگە و لە ڕێگای کۆمیسیۆنی پێشمەرگەشەوە پیرۆزباییەکی گشتی بە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان دەڵێم. لەو ڕۆژەدا جێگای خۆیەتی پیرۆزبایی لە خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بکەم کە ئەو شانازییە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە کە ٧٧ ساڵ لەوە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان دابمەزرێ و شانازییەکەش ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی تێکۆشەرانی دێموکرات تا لە ماوەیەکی کورتی دوای دامەزرانی حیزب، حکوومەت و کۆماری کوردستان ڕابگەیەنن. هۆکاری ئەمەش ڕوونە، چونکی فەلسەفەی وجوودیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چێکردنی حکوومەت و ئیدارەی وڵات بوو. ئەوە ئەسڵ و ئەساسی سیاسەتەکانی سەر کۆمار پێشەوا قازی محەممەد بوو.

یەکێک لە دەسکەوت و یادگارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دامەزرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە دواتر ئەو نازناوە بۆ جەنگاوەری کورد لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان بوو بە ڕەمز. لە قوتابخانەی فکریی حیزبی دێموکراتدا و لە مەیدانی کردەوەشدا پێشمەرگە تێکەڵ کرا بە ڕوحی بەرگری، دیفاع لە مافە نەتەوایەتییەکان و خۆشەویستیی نیشتمان، بەگژداچوونی ئەو لایەنانەی هێرش دەکەنە سەر کوردستان و، مافەکانی ئەو گەلە لەبەرچاو ناگرن. جا ئەگەر وایە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆیە چەکی هەڵگرتوە، ئاشقی وڵاتەکەیەتی و نیشتمانپەروەری، خاکپارێزی و خاکخۆشەویستی، بەردی بناغەی پرسی نەتەوایەتییە کە بە خۆشییەوە شانازیی ئەو پەروەردەیە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە. جێگای خۆیەتی هەر لەو ڕۆژە پیرۆزەدا کە یادی ٤٠ ساڵەی مەکۆی پەروەردە و فێرکردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستا بەرز ڕادەگرین، ناو و یادی ئەو تێکۆشەرانە بەرز ڕابگرین کە لە ڕۆژە سەخت و ناخۆشەکاندا، دەوریان هەبووە لە پێگەیاندنی هێزی پێشمەرگەدا.

دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و کاتێک هێرش کرایە سەر کوردستان، کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو هەوڵێکی دەدا کە کێشەی کورد لە ئێران لە ڕێگای وتووێژ و دانوستانەوە چارەسەر بکرێ، کاتێک کوردستان کەوتە دۆخێکەوە کە بۆ بەرگری لە ماف و شانازییەکانی دەبوا بەرگریی لە خۆی کردبا، بەخۆشییەوە ئەوە هێزی پێشمەرگەی ئێمە بوو کە لە مەیداندا ئەو پێشەنگایەتییەی کرد. لەو کاتدا بەشێکی زۆر لە ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکان ڕیزەکانی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتیان بەجێ هشت و وازیان لە پەلە و پایە و ژیانی خۆش و ئاسوودەیی هێنا. ئەو نیشتمانپەرورانە کە هاتنە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، دەورێکی بەرچاویان هەبوو لە ڕێکخستنی سیستمی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. یادی هەر هەموویان بەخێر بێ و ئێمە هەرگیز ئەو ئەفسەرە تێکۆشەرانە لەبیر ناکەین کە لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستاندا ئەو ئەرکە گرینگەیان کەوتە ئەستۆ. بۆیە جێگای خۆیەتی لەو ڕۆژەدا یادی ئەو مامۆستا و فەرماندە نیزامییانەی ئەو کات و هەموو مامۆستایانی بواری سیاسی و نیزامی بەرز ڕابگرین کە لە ماوەی ژیان و چالاکییەکانی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەدا خۆنەویستانە تێکۆشاون. هەر لەو دەرفەتەدا جێگای خۆیەتی یادێک لە "سەروان چەکۆ ڕەحیمی" و ناوی بەرز ڕابگرین کە یەکەم بەرپرسی زانکۆی حیزب بووە و لە پێناو بەسیستەمکردنی پرسی پەروەردە لە حیزبدا ئەرکی زۆری خستە ئەستۆی خۆی و ئێمە ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو نەسرەوتن و تێکۆشانەیە کە دەیبینین.

**هاوڕێیانی ئازیز!**
**پێشمەرگە خۆنەویستەکان!**
**خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

وەک باسم کرد ئیدارەدانی وڵات فەلسەفەی وجوودیی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. مادام حیزبێک ئاوا بیر بکاتەوە، ئەوەی کە بیری لێ دەکاتەوە و خەمی لێ دەخوا پەروردەکردنی خەڵکە. میللەت-نەتەوە دەبێ پەروردە بکرێ. فەرهەنگی ئەو پەروەردەیە لە ماڵەوە دەست پێ دەکا کە منداڵەکەت فێری نیشمتانپەروەری بێ، فێری خاکخۆشەویستی بێ و ئەو فەرهەنگە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە هەموو توانایەکی خۆی بەکار هێناوە، لە پەروەردەی نیشتمانییەوە هەتا بەرگریی پێشمەرگانە لە خاک و وڵاتەکەمان.

ئێمە هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، دەبێ لە ڕێگای وتووێژ و دانوستانەوە چارەسەر بکرێ. بەڵام بەداخەوە دەوڵەتە ناوەندییەکان، یەک بەدوای یەکدا هەرگیز ڕێزیان بۆ ئەو بۆچوونە پێشکەوتووانەیە دانانەوە. هەمیشە ئەوان دەستپێشخەری شەڕ بوون و ئێمەش ئەرکی نەتەوایەتیی خۆمان بەجێ هێناوە و بەرگریمان لە خاک و نەتەوەی خۆمان کردوە. هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سۆنگەیەوە پاشخانێکی بەهێزی لە پەروەردە و خۆئامادەکردن هەیە. پەروەردەش لە حیزبی دێموکراتدا هەر ئەوە نەبووە چەک لە شان بکا و بۆ داکۆکیی باش لە زێد و نیشتمانەکەی فێری تکنیک و فەننی شەڕ ببێ کە دیارە ئەوە مافی خۆیەتی. پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە بواری مێژوو، لە بواری سیاسی، زانستە مرۆییەکان، ڕێکخستن و چۆنیەتیی ئیدارەی وڵاتدا فێر دەکرێن، چونکی دەبێ بۆ ئەرکەکانیان لە داهاتووی وڵاتدا ئامادە و پەروەردە بکرێن.

جا بۆیە فەلسەفەی پەروردە و فەلسەفەی پێگەیاندنی کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بیرۆکەیەکە بۆ درێژخایەن. بیرۆکەیەکە سەرچاوەکەی بۆ خاکخۆشەویستی و نیشتمانویستی دەگەڕێتەوە. هەر لەژێر ڕووناکایی ئەو بیرۆکەیەدایە کە ئێمە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینین، سەرەڕای زوڵم و زۆریی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای بەئەمنیەتی و بەنیزامیکردنی کوردستان، سەرەڕای هەڵاواردنی کوردستان لە سۆنگەی مافویستیی ئەو نەتەوەیە، دیسانەکە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری جۆراوجۆری سیاسی، ئەدەبی، فەرهەنگی و هونەری، ژینگەپارێزی، زمانەوانی و هەموو ئەو بەشانەی دیکە کە کۆمەڵگە بۆ شوناسخوازیی خۆی دەیهەوێ، بەردەوام دەچێتە پێشێ.

هەمووی ئەوانە ئێمە لەو خانەیەدا پێناسە دەکەین: یەکەم، بەجێهێنانی ئەرکی نیشتمانیی خۆمانە کە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان دیفاع لە مافەکانی خۆمان دەکەین. دوویەم، نەفسی ئەو خۆڕێکخستنە پەروردەکردنی خۆمانە. ئامانج لەو نیزامی پەروەردەییە ئەوەیە کە خەڵک منداڵەکانی خۆیان بە بیری نیشتمانی و کوردایەتی گۆش بکەن، بایەخ بە زمانی میللیی خۆیان بدەن، فێری ئەرکوەخۆگری و بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی بن. خەڵک فێر بن کە لە بەرانبەر مێژوو و داهاتووی خۆیان بێتەفاوت نەبن و بەرانبەر بە ڕووداوە سیاسییەکان و پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە هەڵوێستیان هەبێ. ئێمە خەڵک هان دەدەین خاک و وڵاتی خۆیان خۆش بوێ. بیرۆکەی ژینگەپارێزی کە لە جیهاندا بووە پرسێکی گرینگە، بەخۆشییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا بڵێی بەهێزە و بۆتە قوتابخانەیەک بۆ پەروردە و فێرکردنی خەڵک بۆ وڵاتپارێزی. لە بوارەکانی دیکەشدا خەڵک دەبێ هەموو بوارە ئەدەبی، هونەری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بکا بە سەنگەر، بە زانکۆ و بە مەکۆی بەرگری، ئەمە بەردی بناغەی نەتەوەسازییە و هەوڵدان بۆ نەتەوەسازی و یەکیەتی و یەکگرتوویی نەتەوەیی هەمیشە بەشێک بووە لە سیاسەتی فەرەڕەهەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەر ئەوەش لە حیزبەکەی پێشەوا، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەڕەفکەندی و دەیان ڕێبەر و کادری شەهید و هەزاران پێشمەرگری شەهید چاوەڕوان دەکرێ. هەمووی ئەو بیرۆکانەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە بە پشتبەستن بە بیر و ئەزموون و تواناکانی خۆمان بەشمان بەو پەروەردە نەتەوەییەوە هەبێ و بەخۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان، زانکۆ و زانستگەیەکە لە هەمووی بوارەکانی جۆراوجۆری ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتیی و مێژووی و پێشمەرگانە و تەشکیلاتی و هتد. ئەوەیە لە داهاتوودا عەقڵییەت و بۆچوونی ئێمە لەسەر ئیدارەی وڵات، بەهێزتر دەکات.

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**هاوڕێیانی پێشمەرگە!**

بە درێژایی مێژووی دوایی شۆڕشی ئێران لە بەردەوامی خەباتی و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی کوردستان، بەتایبەت خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامیدا، یەکێک لە سیاسەتەکانی ڕێژیم ئەوە بووە کە هێزی پێشمەرگە لە خەڵک داببڕێ. کۆماری ئیسلامی لەو سیاسەتەدا هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە و نابێ و، هیچ هێزێک و هیچ ڕووداوێک ناتوانێ خەڵک و پێشمەرگە لێک جیا کاتەوە. هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کوڕان و کچانی ئەو میللەتەن، بۆیەشە میللەتەکەمان و خەڵکەکەمان لە قۆناغی هەرە سەختی خەبات، لە ڕۆژانی خۆشی و ناخۆشی و لە کاتەکانی دەسکەوت و کارەساتیشدا هەمیشە لەگەڵ و لە پشتی حیزبەکەی خۆیان بوون. ئەوە بڕیاری ئەوانە و ئەوە بیرۆکەی دیفاع لە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆمانە کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستادا ڕەنگەی داوەتە و جێ کەوتوە. بۆیە جارێکی دیکە وێڕای پێزانین لە چالاکی و تێکۆشانی هەموو ئێوە پێشمەرگەکان و کادرەکان و فەرماندەران و مامۆستاکانی فێرگە؛ ئەو پەیامە دەدەین بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کچان و کوڕانی ئێوە، ئەوانەی لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا چەکیان لە شاندایە و وەکوو کادر خۆیان پێگەیاندوە؛ لەگەڵ ئێوە و بە هەمووان ئەو خەباتە هەتا سەرکەوتن دەبەینە پێشێ. هەتا ئێوە هەبن و لە مەیدادا بمێنن، پێشمەرگەش هەر دەمێنێ. بە دڵنیاییەوە نەتەوەی کورد بەو پاشخانە دەوڵەمەندە قەت لەبەین ناچێ و حیزبی دێموکراتیش لە سەنگەری خەبات و مافخوازیدا هەر دەمێنێتەوە، چونکی ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەنگەر و بژێوی ئەو حیزبەن.

ئێوە خەڵکی کوردستان زۆرجار لەو ئەزموون و تاقیکردنەوانە بە سەربەرزی هاتوونەتە دەرێ. کاتێک مووشەکبارانی قەڵی دێموکرات کرا، لەبیرتانە کە کۆماری ئیسلامی دەیویست بە مووشک ڕێبەران و کادرەکان و فەرماندەکانی ئێوە لەنێو بەرێ کە بەداخەوە پۆلێک لەوانی لە ئێمە و ئێوە ستاند. بەڵام ئێوە لە نێوخۆی وڵات بە مانگرتن دەرتان خست، نیشانتان دا و سەلماندتان کە حیزبی دێموکرات ئێوەن. ئەو پەیامەی ئێوە دنیا بیستی و مانگرتن و هەڵوێستی ئازایانەی ئێوە وای کرد کە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە کۆبوونەوەی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا بێتە بەر باس.

**بەڕێزان!**

هەموو ئەو پڕۆژە و بەرنامانە مادام بەرنامەی جەماوەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانن، مادام پڕۆژە و بەرنامەن بۆ ڕێکخستن و ئیدارەی حیزبی دێموکرات و، ئیدارەی وڵات؛ ئەم ئیدارەدان و خۆبەڕێوەبەرییە بە پەروردەکردن دەچێتە پێشێ. بۆیە هیوادارم هەموو لایەک بە عەقلییەتی خۆپێگەیاندن و خۆپەروردەکردن، بە عەقلییەتی میللەتسازی بەو مانایە کە ئێمە وەکوو میللەتێک لەپێناو مافەکانی خۆماندا خەبات دەکەین، بەو عەقڵییەتە و بەو تێگەیشتنە خەباتەکەمان هەتا سەرکەوتن ببەینە پێشێ.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکەش، بژی پێشمەرگە، پێشمەرگەی حیزبێک کە بەدرێژایی مێژوو هەمیشە هەوڵی داوە خەبات و تێکۆشانەکەی لەنێو میللەتی خۆیدا بێ، ئەو میللەتە پشتیان گرتووە.

# ئێمە ئاواین!

**سالّی ١٩٨٤، ییڵماز گونای لە دواگرتەی ڤیدیۆیی خۆیدا، دوایین قسەکانی بە زمانی تورکی دەکا. ئەو دەسەڵاتی فاشیستی ژێنراڵەکانی تورکیە دەداتە بەر ڕەخنە و بە زمانی تورکی باس لە بڤەکان دەکا! ئەو تابوویانەی باسکردنیان باسی سەرە: "کوردستانی سەربەخۆ!" لە ڕاستیدا ییڵماز لە قسەکانیدا خۆ لە قەرەی گوتارێک دەدا کە ڕێک قالب و چوارچێوە و نێوەرۆکەکەی، شوناسخوازیی نەتەوەیی کوردە بەڵام بە زمانی تورکی! ئەوە ڕێک لەم کاتەدایە کە ژێنراڵ ئێورەن سەرۆکی ئەم وڵاتە، حاشا لە بوونی کورد دەکا و وەک تورکی شاخان ناویان دێنێ. ئێورەن لە وتوویژ لەگەڵ شپیگێڵدا دەڵێ: "کوردەکان زۆر جار لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئاتاتورکدا ڕاپەڕیون بۆ دابەشکردنی تورکیە، خەڵکێک لە تورکیە بە ناوی کورد بوونیان نییە." بۆیە بەردەنگی گونای ڕێک دەسەڵاتی سیاسی – نیزامی تورکیەیە کە بە زمانی خۆی بەگژیدا بچێ و کشوماتی کا. چون لە ڕاستیدا دەقی بێ بەردەنگ، دەقێکی مردووە و گونای بە زمانی ئەوی تر ڕۆدەبێتە بناخەی ناسیۆنالیزمی داگیرکەر کە ئەمە ڕێک ڕوحی شۆڕشگێڕیی کوردییە لە نێو زمانی ئەوی تردا.**



ناسر باباخانی

ڕەنگە گرینگترین بەربەستی گەشەونەشەی زمانی کوردی، یان تەنانەت سەرەکیترین لەمپەری نووسین و خوێندنی زمانی کوردی و بە زمانی کوردی، "دەسەڵاتی زاڵ" بێ. ئەم دەسەڵاتەی بەدرێژایی مێژوو، تەواوی حەولی تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە بووە لە هەناوی خۆیدا لە ڕێگەی هۆمۆژێنسازییەوە. (ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەب بەنیسبەت ئەم هۆمۆژێنسازییە میکانیزمی جیاوازیان هەیە) بۆ ئەم مەبەستەش ستراتیژیی لەنێوبردنی زمانی کوردیی ڕەچاو کردووە، زمان وەک سیاسیترین توخمی پێناسەی نەتەوەیی.

بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم دەسەڵاتە سەرەڕای ئەوە کە بەری بەوە گرتوە کە تاکی کورد بە ڕەهاییەکی تەواو لەگەڵ زمانی کوردی هەڵسوکەوت بکا، ئەدی چۆنە نەیتوانیوە بیری ناسیۆنالیستی لە زەینی ئەم تاکە بسڕێتەوە؟ بەپێچەوانەوە، ئەم ناسیۆنالیزمە لە ڕەوتی زەماندا و زۆرتربوونی گوشارەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە و خۆی لەگەڵ ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و... زیاتر گونجاندوە و بەرەو "ناسیۆنالیزمێکی فرەڕەهەند" هەنگاوی هەڵێناوەتەوە.

بۆ وێنە لە باکووری کوردستان ئەگەر زمان بە فەرمی قەدەغە دەکرێ، چۆنە هەندێ کارەکتێر یان هەندێ جار چەند کاریزمایەک پەیدا دەبن کە بە زمانی خودی داگیرکەر هاوکێشەکە پێچەوانە دەکەنەوە و دواجار چۆنە ئەم تاکە ڕێک بە زمانی خودی داگیرکەر بەرەنگاری دەبێتەوە؟ ئایا ئەمەش جۆرێ چوونە نێو ناسیۆنالیزمی فرەڕەهەندە؟

سالّی ١٩٨٤، ییڵماز گونای لە دواگرتەی ڤیدیۆیی خۆیدا، دوایین قسەکانی بە زمانی تورکی دەکا. ئەو دەسەڵاتی فاشیستی ژێنراڵەکانی تورکیە دەداتە بەر ڕەخنە و بە زمانی تورکی باس لە بڤەکان دەکا! ئەو تابوویانەی باسکردنیان باسی سەرە: "کوردستانی سەربەخۆ!" لە ڕاستیدا ییڵماز لە قسەکانیدا خۆ لە قەرەی گوتارێک دەدا کە ڕێک قالب و چوارچێوە و نێوەرۆکەکەی، شوناسخوازیی نەتەوەیی کوردە بەڵام بە زمانی تورکی!

ئەوە ڕێک لەم کاتەدایە کە ژێنراڵ ئێورەن سەرۆکی ئەم وڵاتە، حاشا لە بوونی کورد دەکا و وەک تورکی شاخان "Mountain Turks" ناویان دێنێ. ئێورەن ١٩ی سێپتامبری ١٩٨١ لە وتوویژ لەگەڵ شپیگێڵدا دەڵێ: "کوردەکان زۆر جار لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئاتاتورکدا ڕاپەڕیون بۆ دابەشکردنی تورکیە، خەڵکێک لە تورکیە بە ناوی کورد بوونیان نییە." بۆیە بەردەنگی گونای ڕێک دەسەڵاتی سیاسی – نیزامی تورکیەیە کە بە زمانی خۆی بەگژیدا بچێ و کشوماتی کا. چون لە ڕاستیدا دەقی بێ بەردەنگ، دەقێکی مردووە و گونای بە زمانی ئەوی تر ڕۆدەبێتە بناخەی ناسیۆنالیزمی داگیرکەر کە ئەمە ڕێک ڕوحی شۆڕشگێڕیی کوردییە لە نێو زمانی ئەوی تردا. ئەو بە زمانی تورکی دەدوێ کە داکۆکی لە زمانی کوردی بکا، واتە کوردایەتی بە زمانی تورکی. هەرچەند ئەمە بە لای ناسیۆنالیزمی سوننەتییەوە، جۆرێ لە پێکهاتەشکێنی پێوە دیارە، بەڵام ئەم ناسیۆنالیزمە فرەڕەهەندە کە لە حەولی بەرفرەوانکردن و سنووربەزاندندایە، وەک باس کرا بەرهەمی ژینگەی هاوچەرخی تاک و کۆمەڵی کوردە. ڕەنگە هۆکاری پێکهاتەشکێنیی ئەم داڕشتەش، بگەڕێتەوە سەر ئەو دۆخە تایبەتەی تێیدا ژیاوە و بۆیە ئەم ناسیۆنالیزمە هاوچەرخە، جۆرێ ڕەنگدانەوەی ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە. "ناسیۆنالیزمێکی فرەڕەهەند" کە تێکەڵاوێکە لە چەندین جۆری ئیتنیکی، فەرهەنگی، ئانتی کۆلۆنیالیزم، مەدەنی، ڕۆمانسی، چەپ، ئایینی و... .

کۆی ئەمانە، ڕوخسارێکی ئینسانی دەدەن بە ناسیۆنالیزمی کوردی، ناسیۆنالیزمێک کە ڕێز لە بەها و بایەخە ئینسانییەکان دەگرێ. وەک نموونەیەکی بەرچاو لە هیچ پارچەیەکی کوردستان، کورد لە سەر خاکی ئەوی تر شەڕی نەکردوە، ئەمە واتە جۆری نەتەوەخوازیی کوردی، نەتەوەخوازییەکی بەرگریکارانە بووە لەسەر بنەمایەکی ئینسانی نەک هێرشبەرانە و دژەمرۆیی. ئەم ناسیۆنالیزمە کە بە قاوغێکی ئینسانییەوە خۆ دەردەخا، لەسەر بنەمای گوتارێکی ئەخلاقتەوەریش دامەزراوە، واتە ئەخلاق لەم گوتارەدا ئەخلاقێکی کانتی و ئەرکخوازانەیە. بۆیە ئەگەر بە زمانی تر باس لە مافی کورد دەکا لە هەمان کاتیشدا بۆ وێنە گوێ لە مۆسیقای نەتەوەکانی تر دەگرێ، کتێبەکانیان وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، لە کوردیڕا دەق وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئەوان، سەیری فیلم و شانۆیان دەکا و بۆیە ئەگەر کاسێتی گۆرانیبێژێکی فارسیش لە گیرفانی پێشمەرگەیەکی شەهیددا دەدۆزرێتەوە نەک هیچ سەیر نییە، بەڵکوو نیشانەی بەرحەق بوون و ڕەوا بوونی ئەم ناسیۆنالیزمەیە کە ئەو باوەڕی پێیەتی. ئەم "ناسیۆنالیزمە چاکئاکارە" باوەڕی بە Cultural Diversity واتە هەمەجۆریی کولتووری و پلۆرالیزمی فەرهەنگی هەیە و لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە ڕێز لە کولتوور، ئەدەب و هونەری نەتەوەکانی تر دەگرێ. جیاوازیی ئەم ناسیۆنالیزمە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانە کە دواجار فاشیزمی لێ دەکەوێتەوە، ڕێک لەوەدایە. واتە کورد، بوونی خۆی لە نەبوونی ئەوی تردا پێناسە ناکا. ئەگەر وردتر بدوێم ناسیۆنالیزمی کوردیی ئەم چاخە بە هەموو تاریفەکان و وردەڕیشاڵەکانییەوە، ڕوخساری ناسیۆنالیزمێکی ئینسانیی پێوە دیار بووە، واتە مرۆڤ سەر بە هەر نەتەوەیەک بووبێ، بە لای ئەوەوە بایەخی خۆی هەبووە.




دیارە چێژوەرگرتن لە دەق وەک دەقێکی نقیساری، بینراو و بیسراو پەیوەندی بە ڕەگەز و تۆرەمە و ئایینەوە نییە. چون چێژوەرگرتن شتێکی تاکەکەسییە، هەستێکی ئینسانییە. پەیوەندی بە دڵ و دەروونی تاکەوە هەیە. ناکرێ لۆمەی یەکێک بکەی کە بۆچی چێژ لە مۆسیقای نەتەوەیەکی تر وەردەگرێ؟ بۆ فیلمی نەتەوەیەکی تری بەلاوە سەرنجڕاکێشە؟ دەربڕینی حوکمی لەم چەشنە، چێژکوشتنە. بۆ نموونە ئەو گەنج و لاوانەی گوێ لە دەنگی گۆرانیبێژی نەتەوەیەکی تر دەگرن، یان شێعری نەتەوەکانی تر لەژێر لێو دەڵێنەوە، هەر ئەوان بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەیی و زمانی کوردی ئامادەن زیاترین تێچوو بدەن! ئەوانەی دەڵێن گوێ لە مۆسیقای نەتەوەکانی تر مەگرن بەداخەوە زۆربەیان شارەزاییەکی کەمیان لە مۆسیقا و بەتایبەتی مۆسیقای کوردی هەیە. ئەوانەی دەڵێن دەقی فارسی و تورکی و عەرەبی تەرجەمە مەکەنەوە بۆ سەر زمانی کوردی، بەداخەوە زۆربەیان شارەزاییەکی کەمیان لە وەرگێڕان هەیە و کەمتر دەتوانن کۆپلەیەک بە کوردی بنووسن بەبێ هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی! یان لەمانە سەیروسەمەرەتر کە لە نووسینەکانی هەندێکیان ورد دەبییەوە، دەبینی کە سەرچاوە و ڕێفرێنسی سەرەکیی نووسینەکانیان فارسییە، تورکییە یان عەرەبییە!

ناسیۆنالیزمی کوردی ڕێز لە بەها کولتوورییەکانی نەتەوەکانی تر دەگرێ و وەک باسم لێوەکرد ناسیۆنالیزمێکی چاکئاکارە کە باوەڕی بە پلۆرالیزمی فەرهەنگی هەیە، تا ڕادەیەک کە لە هەندێ شوێن پەلکێشی دەکا بۆ ناسیۆنالیزمی مەدەنی. لەم جۆرە ناسیۆنالیزمەدا خاک دەبێتە چەمکی ناوەندی، خاک دەبێتە نیشتمانی هەموان بە هەموو تۆرەمە و ڕەگەز و ئایینەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کاتێ بزانین کە لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی، بە هۆی پێکهاتنی حیزبیە سیاسییەکان، لە ئەساسنامە و مەرامنامەی ئەم حیزبانەدا ناسیۆنالیزمی مەدەنی بەتایبەتی و بەگشتی ئەم ناسیۆنالیزمە فرەڕەهەندەی باسم لێوە کرد، بەدی دەکرێ.

بۆ وێنە لە مەرامنامەی "حیزبی ئازادیی کوردستان"دا -ئەم حیزبە بەر لە سازبوونی کۆمەڵەی ژێکاف دامەزراوە-، سەرەتا بەوردی باس لە دابەشبوونی خاکی کوردستان دەکا و، دواتر هەر لە بەندی یەکەوە باس لە نەبوونی فەرق و جیاوازی لە نێوان کورد، ئەرمەنی، ئاسۆری و تورک دەکا کە نیشتەجێی خاکی کوردستانن. لە بەندی ٥دا باس لە برەوپێدانی زمانی کوردی و ئەرمەنی و تورکی دەکا. لە بەندی ٨ و ١٣شدا ئەم باسانە هەیە و لە کۆتاییدا لە بەندی ٢٣دا ئاوا دەڵێ: "ئازادیی ئەدەبی، فەرهەنگی، قەڵەمی و زمانیی هەموو میللەتە بچووکەکان و ڕێزگرتن لە میللییەتی ئەوان." (اسناد احزاب سیاسی ایران، بە کوشش بهروز طیرانی، ١٣٧٦) کە سەیری بەندەکان دەکەی ناسیۆنالیزمی فرەڕەهەند بەتەواوی خۆ دەردەخا: دابەش بوونی کوردستان (ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی و ناسیۆنالیزمی دژە – کۆلۆنیالیزم)، نەبوونی فەرق و جیاوازی نێوان نەتەوەکان (ناسیۆنالیزمی چەپ)، کوردستان وەک خاکی نیشتەجێی نەتەوەکان (ناسیۆنالیزمی مەدەنی)، برەوپێدانی زمانی نەتەوەکان (ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی) و... . واتە دەمەوێ بڵێم ناسیۆنالیزمی کوردی، لە هەناوی خۆیدا ئەم ناسیۆنالیزمانەی هەڵگرتوە و کردوویە بە ناسیۆنالیزمێکی فرەڕەهەند.

یان لە ئیعلامییەی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پاش پێشەکی و شرۆڤە، کۆمەڵێک دروشم ڕیز کراون لەژێر ناوی "دروشمەکانی ئێمە ئەوانەن". لە دروشمی ژمارە ٦دا ئاوا دەڵێ: حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەباتدا بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتییەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسۆرییەکان و ئەرمەنییەکان و هی دیکە، یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێکبهێنێ." هەروەها لە مەرامنامەی حیزب، پەسندکراوی کۆنگرەی ١ لە فەسڵی ٢، لە بەشێک لە ماددەی ٤دا ئاوا هاتووە: "هەروەها لە کوردستان ئەبێ لەسەر بنچینەی دێموکراسی قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕەچاو بکرێ، ئەبێ بێگوێدانە جیاوازیی میللی و مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شوڕای میللی مافی وەک یەکیان هەبێ." دواجار لە ماددەی ٢٢دا ئاوا دەڵێ: "دەبێ مافی کەمە نەتەوەییەکان کە لە کوردستاندا دەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری، بەتەواوی دابین بکرێ." دەکرێ ڕێک بۆ کۆمەڵەی ژێکافیش ئەم ناسیۆنالیزمەی تێدا بەدی بکەین. بەڵام ئەم دوو نموونەیەم باس کرد تا زیاتر لایەنی پلۆرالیستی، هەمەجۆری، و وێکهەڵکردن لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا زەق کەمەوە.

هەندێ جار نەوەیکێشان و حاوانەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تر، دەگاتە ئەو ئاستە کە لە هەناوی گوتاری نەتەوەیی بە تۆخی ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی یان ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی وەدەر دەکەوێ. مەبەست لەم ناسیۆنالیزمە مەدەنییە بایەخەکانی دنیای لیبراڵە لەسەر بنەمای ئازادی و دێموکراسی و ڕێزگرتن لە ویست و ئیرادەی تاک. تەنانەت ئەو هێڵە تۆخ و ڕادیکاڵەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم سەردەمەدا کە وەک ناسیۆنالیزمی دژە-کۆلۆنیالیزم ناوزەد دەکرێ لە هاوکێشەی کۆلۆنیالیست-کۆلۆنیالیکراودا خوازیاری وێکهەڵکردنە. هەرچەند ڕەنگە لەبری باس کردن لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی، باس کردن لە ناسیۆنالیزمی فرەڕەهەندی بەرهەمی ژینگەی نەتەوەی کورد، چاکتر جێ بگرێ. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، مەترسییەکی تریش هەیە کە دەکرێ وەک دیوی تری دراوەکە سەیر بکرێ. واتە ئەم تاقمەی کە بە زمانی ئەوی تر لە خزمەت ئەوی تردان. زۆر جاران ئەم تاقمە باڵاپۆشی نووسەر، لێکۆڵەر، ڕۆژنامەنووس و مێدیاکاریشیان بە شانەوە، بەڵام ڕێک بۆ بەرژەوەندیی خاوەنی ئەم زمانە، واتە بۆ نەتەوەی باڵادەست دەنووسن و دەدوێن. ئەمە هەندێ جار ئاسیملاسیۆنێکی نەرمی نابەئاگایە کە خۆیشی ئاگاداری نییە، بەڵام ئەوانەی ئاگایانە لەم زمانە کەلک وەردەگرن بۆ نیشاندانی باڵادەستیی ئەم زمانە لەچاو زمانی کوردی چیرۆکەکەیان جیاوازە. واتە لەگەڵ ئەوەدا کە جۆرێ لە خۆدۆڕاندن و خۆبەدەستەوەدەری (زۆرتر لە پێناو داهات) لەهەمبەر زمانی نەتەوەی باڵادەست لە گۆڕێدایە، حەول دەدەن بە هۆمۆژێنسازییەکی خۆکرد لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست، ببن بە بەشێک لە ئەوان. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە پاش ساڵەهای ساڵ خزمەتی زمان و کولتووری نەتەوەی داگیرکەر، وە خۆیان ناگرن و لە کۆتاییدا بەوپەڕی ڕوانینێکی سووک و نزم وەک "کرد پارسیگوی" ناودێر دەکرێن!

ئەوانەی بە زمانی ئەوی تر داکۆکی و پارێزگاری لە مافی کورد دەکەن، دووقات ماندووترن، چون هەندێ جار هەم دەبنە نیشانەی تیری دوژمن و هەم دەکەونە بەر تانە و تەشەری دۆست. هەرچەند وەک باسم کرد ئەم شاوڵە چی تر وەک پێوەر کاری پێ ناکرێ. لە ڕاستیدا گرینگ ئەوەیە ئێمە چمان پێیە بۆ گوتن لە بەرامبەر ئەوی تردا و چۆنی دەدەرکێنین.

وەک دواوتە، کێشەی ئێمە لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست، عەقڵییەتی حاکم بەسەر گوتارەکەیاندایە بۆ سڕینەوەی هەموو شتێکی ئێمە، دەنا ئێمە کێشەمان لەگەڵ جوانییەکان و بەها ئینسانییەکانی هیچ نەتەوەیەک نییە و مەزن هێمن گوتەنی "جیلوەی جوانی لە هەرچیدا هەبێ خۆشم دەوێ" هەر ئەویشە کە دەڵێ: "ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی."

ئێمە ئاواین!

# ستەم یان ستەمکار، کێشە کامیانن؟


عەلی بداغی

کۆمەڵگەی ئێران لە سەت ساڵی ڕابردوودا سێ جۆر حوکمڕانیی جیاوازی ئەزموون کردوە: ساڵانی کۆتایی تەمەنی قاجارەکان، پاشایەتیی پەهلەویی باوک و کوڕ و لە ئێستاشدا پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئاگردانی دادخوازی و خەبات بۆ ماف و داوا ڕەواکان لە هەموو قوژبنێکی ئەو وڵاتەدا هەروا نێڵەی دێ و خەڵکی هەرکام لە ناوچەکان بە پێودانگی خۆیان عەودالی دەسکەوتنی مافەکانیانن. لە وڵاتانی دیکەی ناوچەش چ لەو شوێنانەی بە شۆڕش یان کودەتای نیزامی دەسەڵاتەکان گۆڕاون، دەرد هەمان دەردە. کەواتە هۆکار چییە؟ عەلی ئەلوەردی، کۆمەڵناسی عەرەب بۆ چییەتیی ئەو باسە وەڵامێکی گشتی دەدا بە دەستەوە: "شۆڕش و خەباتەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕینی ستەمکارەکانی لێ کەوتۆتەوە، بەڵام نەهێشتنی ستەم نا". پرسیار ئەوەیە سووڕی باتڵی ئەم دۆخە هەتا کەی بەردەوام دەبێ؟ زوڵم و ستەم لە ئێرانی فرەڕەنگ و فرەپێناسدا چ پێناسەیەکی گشتیی ئەشێ لێ بکرێ کە کۆدەنگییەکی لەسەر دروست بن بۆوەی ستەمکارەکان تەمەنی خۆیان لە بەگژ یەکتریداکردنی جۆراوجۆرییەکانی ئەو وڵاتەدا درێژ نەکەنەوە؟ بۆ نموونە:

هەموو بەڵگە و دیکیۆمێنتەکانی ڕووداوەکانی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی یەکەمی دوای شۆڕشی ٥٧ و هەتا ئێستاکەش دەیسەلمێنن کە جووڵانەوەی کورد لە ئێران داواکانی بەرحەق و ڕەوا بوون و هەن. خەڵکی کوردستان ویستوویانە شار و ناوچەکانی خۆیان بۆخۆیان ئیدارە بکەن، بە زمانی خۆیان بخوێنن، بۆخۆیان پارێزگاری لە ژینگە و شوێنی ژیانی خۆیان بکەن و پەرە بە فەرهەنگ و کەلەپووری خۆیان بدەن، هاوکات هەموو ئەو مافانەیان لەوکاتەدا نەک هەر بۆ گەلانی دیکەی ئێرانیش ویستوە، بەڵکوو لە دەیان ساڵە پێشترەوە ئەو بەرابەری و مافی وەکیەک و یەکسانییەیان بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە داوا کردوە. لە ڕاگەیەندراوی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها مەرامنامەی ئەو حیزبەدا کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بڵاو بوونەتەوە، پێ لەسەر مافی دێموکراتیکی وەکیەک و یەکسانی گەلانی ئێران داگیراوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەزموونی بەڕێوەبەریی خۆیدا (کۆماری کوردستان) هەموو ئەو دروشمانەی لە مەیدانی کردەوەشدا جێبەجێ کردوون و وەدیی هێناون. بەڵام دوای شۆڕشی ٥٧ کوردستان هەر لە سۆنگەی ئەو دادخوازی و مافویستییەوە هێرشی کرایە سەر و لەلایەن خەڵکی غەیردە کوردەوە جێگای "ماف" و "ستەم" گۆڕدرا. ئیسفەهانییەک کە هەموو ئەو "ماف"انەی کورد داوای دەیکردن و بۆخۆی لە ئێراندا هەیبوون، بۆ کوردی بە "ستەم"کردن لە خۆی دادەنا، ئەگینا چۆن دەکرێ تەنیا لە ناوچەیەکی کوردستاندا زیاتر لە ٧٥٠٠ ئیسفەهانی لە شەڕ دژی کورددا و لە خاکێکدا کە کوردستانی ناوە بکوژرێن؛ بۆ مەگەر کورد دەستی بۆ بستێک خاکی ئیسفەهان بردبوو، یان مافخوازیی خۆی لەگرەی ئەستاندنەوە و زەوتکردنی مافەکانی ئەوان دانابوو؟

ئەوەی لێرەدا ئاڵقەی ونی باسەکەیە، جێگۆڕکێی "ستەم" و "ستەمکار"ە. دەسەڵاتی ستەمکار کە ئەو مافە بەرحەقەی بۆ کورد بەڕەوا نەدەدی، هەوڵی دەدا ئەو مافە وەک ستەم لەدژی ئەوانیدی جێ بخات. هەر ئەوکات کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بەرپرسایەتیی ئەو شەڕە و کوژرانی پەلاماردەران و قوربانییانی ئەو شەڕە لە کوردستانی خستە ئەستۆی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لە سەروو هەمووان خومەینی، ڕێبەری ڕێژیم و ڕوو بە کۆمەڵانی غەیرە کوردی ئێران ڕایگەیاند کە "دەبێ وەخۆ کەون، بەرۆکی کاربەدەستانی ئیسلامی توند بگرن و بتانەوێ بۆتان ڕوون کەنەوە ئەو شەڕە کێ سازی کردوە و درێژەپێدانی بە قازانجی کێیە؟ خوێنی هەزاران لاوی نیشتمانتان لەوان بخوازن و مەجبووریان بکەن بەرامبەر بیروڕای گشتی و بەرامبەر بە خەڵکی ڕاپەریوی ئێراندا وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە. جا ئەگەر دیتتان جوابێکی ئەوتۆیان نییە، ڕێگایان مەدەن چیتر ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە درێژە پێ بدەن..."، هەروەها "ڕۆڵەکانتان لەنێو ئەرتەش و سوپا و هێزە چەکدارەکانی دیکەدا وشیار بکەنەوە و مەیەڵن بۆ دیفاع لە کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا لە خەیانەتێکی نیشتمانیدا بەشدار بن."

"ستەم" بێبەشکردنی خەڵکی چوارچێوەیەکی جوغرافیایی لە مافێکە کە هەمووان دەبێ وەک یەک هەیانبێت. هەرکات خەڵکی هەر بەشێکی ئەو جوغرافیایە بێبەشیی ئەوانیدیی لە مافێکدا کە بۆخۆی بە ڕەوای دادەنێ و خاوەنیتی بە "ستەم"ێک بۆ سەر خۆی زانی و، لە بەرامبەریدا هەڵوێستی هەبوو؛ ئەوکات ئەوە ستەمکارە بەرەوڕووی بەرگژە و سەرهەڵدان دەکرێت نەک ڕەواییدان بە ستەمێک لەدژی خەڵکانی دی. ئەگەر کێشەی بێئاوی لە خوزستان و ئیسفەهان و مافخوازیی ئەو خەڵکە بوو بە ویستی هەموو خەڵکی وڵات؛ ئەگەر بەتاڵانبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و سووتانی دارستانی زاگرۆس بوو بە خەمی هەموو خەڵکی وڵات؛ ئەگەر بێبەشیی خەڵکی کورد، ئازەری، بەلووچ و غەیرە فارسەکانی دیکەی ئێران لە خوێندن بە زمانی نەتەوەکەیان لە ڕوانگەی فارسێکەوە وەک ستەمێک لەسەر ئەوان و خۆیشیان بیندرا؛ ئەگەر دادخوازیی مامۆستایان، کرێکاران، کامیونداران، پەرستارەکان و.... هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە پرسی هەموو کۆمەڵ داندرا و هەمووان پێکەوە بۆ چارەسەرکردنی هاتنە مەیدان؛ ئیدی ئەوکات دەستی ستەمکار بۆ سەرکوت و ستەمی چەندقات ئاوەڵا نامێنێت.

بەر لە هەموو شتێک ئەگەر گەلانی جۆراوجۆری ئێران خوازیاری پێکەوەژیان و مانەوەن لەژێر یەک ساباتدا، دەبێ ئەو خاک و وڵاتەیان بۆ هەمووان بوێ و ڕەوایی مافەکانی خۆیان لە ڕەوابوونی هەمان ماف بۆ هەمووان‌دا ببینن، ئەگینا بەدڵنیاییەوە گەلانی ستەملێکراو بیر لە جێگرەوەی دیکە دەکەنەوە و هەنگاوی بۆ هەڵدێننەوە. پاشان هەنگاوە کردەییەکانی سەرکەوتن بە سەر ستەمکاری ئێستا و چێکردنی نیزامی دێموکراتیکی هاوبەش دەست پێ دەکەن.

شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان لە ئێران و ناکارامەیی حکوومەت لە بەڕێوەبەرێتیی وڵات و قەیرانەکان پێمان دەڵێن کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیوەتە کۆتایی هێڵ، بەو مەرجەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە بە خۆیاندا بێنەوە و کەلێن و مەودای بەدیهاتوو لە نێوان خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن پڕ بێتەوە. کۆماری ئیسلامی کاتێک بەتەواوی و بە دڵنیاییەوە دەڕووخێ کە جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە لاقی لەسەر عەرزی بێت و متمانەی خەڵکی بۆلای خۆی ڕاکێشابێت. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بری قەتیس‌مانەوە، زەقکردنەوەی جیاوازییەکان و پێداگرییان لەسەر تایبەتمەندییەکانی خۆیان، پێویستە وزەی خەباتگێریی خۆیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان چڕ بکەنەوە؛ بە واتایەکی دی دەبێ هاوپەیمانییەکی بەرین لە هێزە دێموکراتیک و گۆڕانخوازەکان دروست ببێت. ناکۆکییە ئیدئۆلۆژییەکان پێویستە وەلا بنرێن و جێگای خۆیان بدەن بە هاوبەشی لە دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەڕەتی بەبنەما وەرگرتنی دەنگ و ئیرادەی خەڵک. تابۆی لێکترازانی تەواوەتیی ئەرزی و هەڵوەشانی جوغرافیایی دەبێ جێگای خۆی بدا بە ڕێزگرتن لە مافی وەک یەک بۆ هەمووان و گەرەنتیی دابینبوونی ئەو مافانە بۆ هەر پێکهاتە و گرووپێکی نەتەوەیی و ئایینیی ئەو وڵاتە. هەڵوێستی هاوبەشی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەدژی سیاسەتەکانی ڕێژیم، دروستکردنی ستادێکی هاوبەش بۆ مودیرییەتی نارەزایەتییەکان و بوون بە ئادرەسێکی هاوبەش وەک ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی هەنگاوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنە کە ئەگەر ئیرادە بکەن هەمووی کردەنین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو ماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا باوەڕی وابووە کە ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی تەنیا بە دانی دروشمی توندوتیژ و شرۆڤەی میدیایی ناڕووخێ. بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی هێزێکی ڕێکخراو و بەهێز و بەدەستوبرد پێویستە و دەبێ لە هەموو دەرەتانێکیش بۆ پێکهێنانی وەها بەرەیەکی بەرین لە هەموو هێزە دێموکراتییەکان کەڵک وەربگیرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێرانیش لەم بارەوە درێخیی نەکردوە و لە دوا ڕۆژیشدا نایکا و لەو بڕوایەشدایە کە پێکهێنانی بەرەیەکی ئەوتۆ زۆریش وەدرەنگ کەوتوە.

# پان‌تورکیزم لە کوردستان و هەڕەشەکانی


سمایل شەرەفی

یەکێک لەو پرسانەی کە ناوەبەناوە و هەر جارە و بە بیانوو و هۆکارێک خۆی دەردەخات و لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک باسی پێوەندیداری دیکەی مێژوویی و هەنووکەیی دێنێتە ئاراوە، هاوکێشە و پێوەندییەکانی نێوان دوو پێکهاتەی کورد و تورک لەو شار و ناوچانەیە کە تێکەڵاویی پێکەوە ژیان بوونیان هەیە. لە بەشێکی پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە سەدان ساڵە دوو نەتەوەی کورد و تورکی ئازەریی تیایدا دەژین و لە ڕەوتی ئەو پێکەوە ژیانەدا هەم ئەزموونی بەنرخ لە هاوپێوەندی و هەم ئەزموونی تاڵ و ناخۆشیان لە ناکۆکی و پێکهەڵپڕژان هەیە، چەند ساڵێکە ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە بەرگێکی دیکەی بە بەردا کراوە و خەریکە ئاراستەیەکی جیاواز لە ڕابردووی پێ دەبەخشرێ.

جیا لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە وەک باس کرا ڕابردوویەکی دورودرێژی سەدان ساڵەی هەیە، لە ڕووی سیاسییەوە پێوەندیی نێوان ئەم دوو پێکهاتەیە لەم شوێنە بە چەند قۆناغی مێژوویی تایبەتدا تێدەپەڕێ کە هەڵگری ئەزموونی خۆش و ناخۆش و پڕ لە دەسکەوتە کە لەگەڵ ئەوەی لەم بابەتەدا زۆری وەرد نادەینەوە، بەڵام ئەزموونە سەرکەوتووەکان دەتوانن ببنە دەسمایەی بنیاتنانی داهاتووی باش لە پێکەوە ژیان و کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکان.

سوورەتی مەسەلەکە بە پێچەوانەی ئاڵۆزی و تێکهەڵچڕژانی هۆکارە سیاسی، جوغرافیایی، مەزهەبی و نەتەوەییەکان، ئاسان و خۆ بەدەستەوەدەرن، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دوو نەتەوەیە کە سەدان ساڵە لە بەشێک لە شار و ناوچەکانی پارێزگای ورمێدا پێکەوە دەژین، سەرەڕای بوونی ئاڵۆزی و ناکۆکی و دووبەرەکی، هیچیان نەیانتوانیوە ئەوی دیکەیان لە شوێنی ژیانیان دەربکەن، یا لە خۆیاندا بیانتوێننەوە و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە هیچکامیان نە دەتوانن ئەوە بکەن و نە قەرارە ئەوەش بکەن. کەوابوو ئەساسی کار پێکەوەژیان و پێکەوە هەڵکردن و بەڕەسمی ناسینی یەکترییە کە دەتوانێ ئامیانی چارەسەریی کێشەکان بێ. هەروەک ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان دوو حکومەتی خودموختاری کوردستان و ئازەربایجان بە سەرۆکایەتیی سەرۆککۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و سەرۆکی حکوومەتی ئازەربایجان، جەعفەر پیشەوەری لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ هەتاوی لە شاری تەورێز هاتە ئاراوە و بوو بە بنەمایەکی باشی بەڕەسمی ناسینی یەکتر و بنیاتنانی پێکەوە کارکردن و پێکەوەژیان.

بۆ تێگەیشتنی وردتر لەم بابەتە و چوونە سەر مەبەستی سەرەکی لەم نووسینەدا سەرەتا با بزانین کێشەکان چین و چ ماهییەتێکیان هەیە و هۆکارەکان کامانەن. جۆری ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە نێوان کورد و تورک لە شارەکانی وەک نەغەدە، تیکاب، ورمێ، خۆی و سەڵماس وەک یەک نین ماهییەتێکی هاوبەشیان نییە، چونکی لە ئەساسدا هۆکارەکانی ئەم ئاڵۆزییانەش وەک یەک و هاوسەرچاوە نین. بەشێکیان پێوەندی بە ئێحساس و دەربڕینێکی کاتیی تێکەڵ بە هێندێک هەستی نەتەوەییەوە هەیە کە تا ڕادەیەک ئاسایی دێتە بەرچاو و دەکرێ بۆ نموونە لە ئاکامی کێبڕکێی دوو تیمی وەرزشیی لە نێوان دوو شاری کوردنشین یان تورک‌نشینیشدا ڕوو بدات. بەڵام ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا ئێمە لە شێوە و نێوەرۆکی هەڵوێست و کردەوەی تاقمێک لە نێو هاونیشتمانیانی ئازەریدا دەبینین و دەبیستین، دیاردەیەکی دیکە و لە جنسێکی دیکەیە کە پێویست بە هەڵوێستە لەسەرکردنە.

هەر هەڵدانی ئەم ڕەوتە (پان‌تورکیزم) کە ئاخێزگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوخۆیی نییە و بە ڕویکەردێکی ئەو دیوی سنوورەکانەوە خۆی لە پانێکی تورکستان‌دا پێناسە دەکات، وجوودی خۆی لە قۆناغی یەکەمدا لە دژایەتی لەگەڵ کورددا دەبینێ و بە هێنانە بەر باسی بابەتی خاک و "ڕاوانانی کوردەکان لە ئازربایجان"، هیچ مەجالێک بۆ بابەتی دیالۆگ لەسەر پێکەروە ژیان و چارەسەری کێشەکان بە ڕەوا نابینێ. وێژمانی ئەم ڕەوتە کە لەلایەن تاقمێک پان‌تورکیزم بە زنجیرەیەک لە دەزگای پڕوپاگاندای میدیاییدا پەرەی پێ دەدرێ، وەک لیدێرەکانیان باس دەکەن و لە درووشمەکانیان ڕا دیارە، دڵی نەک لە تەورێز و ئەردەوێڵ، بەڵکوو لە ئانکارا و باکۆ لێ دەدا.

سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ڕەوتی پان‌تورکیزم لە ئێران و پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەساسی دژایەتی‌کردنی کورد و فارس کە دوو دەوڵەتی دیکەی تورک بە سەمپات و پشتیوانی خۆیان دەزانن لە درێژخایەندا بەرەو کوێ دەڕوات و لە هاوکێشە سیاسی و مەزهەبییەکانی دیکەی نێوان ئێران و تورکیە و ناوچەکەدا تووشی چ چارەنووسێک دەبێت و چۆن مودیرییەت دەکرێ، باس و مەبەستی ئەم وتارە نییە و دەکرێ لە مەجالی دیکەدا بخرێتە بەر باس و شیکردنەوە. بۆیە لێرەدا زیاتر قسە لە خەسارەکانی ئەم ڕەوتە و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی لەلایەن دوو پێکهاتەی تورک و کوردەوە دەکەین. کە دەڵێین پێکهاتەی تورک، ڕاست مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە لەنێو کۆمەڵگەی تورکی ئازەری لە ئێران و کوردستاندا خاوەنی کەمترین پێگە و ئێعتبارە و بە هەڵقوڵاو لە ناخ و دەروونی کۆمەڵگەی خۆیانی نازانن. کەم نین ئەو هاونیشتمانییە تورکانەی کە سەرهەڵدانی ڕەوتی پان‌تورکیزم بە دژ و زیانی تەبایی و پێکەوەژیانی خەڵکی ناوچەکە دەزانن و پێیان وایە ئەم ڕەوتە دەستی دوژمنان و نەیارانی پێکەوە بوونی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری لە پشتە.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیمی دژی‌گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە و بە دروستکردنی شەڕی نەغەدە و هاندانی کەسێکی خوێنڕێژی وەک مەلا حەسەنی بە دژی کوردەکان، تا ئێستاش هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە پەرە بە ئاڵۆزی و ناکۆکیی نێوان کوردەکان و تورکەکان بدات، تەنیا بۆ ئەوەی ئەم دوو نەتەوە کە لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بێبەش کراون، بیر لە یەکیەتی و یەکگرتوویی دژ بە سیاسەتە دژی گەلییەکانی نەکەنەوە. ئێستا کە ئەم ناکۆکی و ئاڵۆزیانە ماهییەتێکی دیکەیان پەیدا کردوە و خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ دەوڵەتی ناوەندگەرای ئێرانی ساز کردەوە! دیسان کۆماری ئیسلامی ئێران لە چوارچێوەی سیاسەتی دژی‌گەلیانەی خۆیدا بۆ ناکۆکی‌نانەوە و بەرینترکردنەوەی کەلێنەکان کەڵکی لێ وەر دەگرێ.

پەرەگرتن و بەربەرەڵاهێشتنەوەی ئەم ڕەوتە کە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە بە مەرامی سیاسی و بە مەبەستی ئامانجە زێدەڕۆییەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن و بە بیری دژایەتی لەگەڵ کورد گۆش کراوە، هیچ گومانی تێدا نییە کە نەتەنیا بە قازانجی تەبایی و ئاشتیی نێوان ئەم دوو پێکهاتەیە نابێت، بەڵکوو دژکردەوەیەکی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە کە زیانباری سەرەکیی ئەم دۆخە هەر تەنیا دوو نەتەوەی تورک و کوردی ناوچەکە دەبن.

بۆیە جێی خۆیەتی کە خەڵکی ئەم شارانەی کە دوو پێکهاتەی تورک و کوردیان تێدا دەژین، پێش هەموو شتێک وریای پیلانەکانی ڕێژیم بن و لە هیچ لایەک ئێزن بە توندڕەوی، ئاڵۆزینانەوە نەدەن و بە ڕۆحێکی یەکگرتووانە ئەساسی کاریان پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم، کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان و بنیاتنانەوەی پێکەوە ژیانێکی ئەمرۆژیانە بێت و ڕێز لە جیاوازییە فەرهەنگی و نەتەوایەتییەکانی یەکتر بگرن. لەم نێوە ئەرکی کەسایەتییە ئایینی، فەرهەنگی و سیاسییەکانی هەر دوو نەتەوەی کورد و تورک و ڕێکخراوە مەدەنییەکانە کە پێکەوە بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی هاوبەش، بانگەشە بۆ تەبایی و گیانی پێکەوەژیان، ئاشتی و برایەتی بکەن.

***

# ڕاپۆرتی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە بەبۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگە




**هاوڕێیانی بەڕێز و خۆشەویست!**
**خوشک و برا بەڕێزەکان!**

بەخێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە.

لە پێش هەمووشتێکدا بەبۆنەی یادی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی ناوەندی پەروەردەی سیاسی و نیزامی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا و هاوکات لەگەڵ ئەو یاد کردنەوەدا، سەبارەت بە تەواوبوونی دەورەیەکی مودیرییەتی بۆ کاروباری حیزب و، دەسپێکی دەورەی ٢٤٧ی سەرەتایی پێشمەرگە لە مانگی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاویدا؛ لە لایەن فێرگەی سیاسی نیزامیی پێشمەرگەی حیزبەوە پیرۆزبایییەکی گەرم لە هەموو ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لەو ماوە زەمەنییەدا بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد ڕیبازی دێموکراتیان هەڵبژاردوە و کاریان تێدا کردوە.

**هاوڕێیان و خۆشەویستان!**

ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردی بناغەی خۆی لەسەر بنەڕەتی پەروەردەی تاک و کۆمەڵگە دانابوو، بەڵام هەلومەرجی خەبات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد دۆخێکی بەسەر ئەو حیزبەدا سەپاندووە کە ڕێبەری و ڕیزەکانی ئاشکرای کەمتر لەنێو خەڵکدا بن. بەڵام بنەڕەتی ئامانجەکانی حیزب کە پەروەردە یەک لەوانە، هەمیشە لەجێی خۆی بووە. حیزبی دێموکرات چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە ناردنی خوێندکار بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت و چ دوای ڕووخانی کۆمار بە کردنەوەی دەورەی پەروەردە بۆ پێشمەرگە و کادرەکان لە نێوخۆی کوردستان و باشووری کوردستان هەمیشە بایەخێکی زۆری بۆ پرسی پەروەردە داناوە.

دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و پێش لە دامەزرانی ناوەندێکی فێرکردن و پەروەردەی پێشمەرگە، ئەو کەسانەی ڕیزی پێشمەرگایەتییان هەڵدەبژارد، ئەرکی فێرکردنیان بە شێوەی پچڕ پچڕ و بە گوێرەی سەلیقەی جیاواز لە ناوچەکانی کوردستاندا بەڕێوە دەچوو کە دیارە هەر لەجێدا شتێکی بەکەڵک و باش بوو. بەڵام مخابن بە هۆی هەلومەرجی دژوار و هێندێک هۆی دیکە ئەو دەورە فێرکارییانە هەم تەمەنیان کەم بوو، هەم بە ڕێکوپێکیش بەڕێوە نەدەچوون و بەهۆی هەلومەرجی ئەوکاتی جووڵانەوەی کوردستان نەدەکرا بەردەوام بن.

لەو بۆنەیەدا سەرەتا بۆ ڕێزگرتن لەو هەوڵ و ماندووبوونانە وەک نموونە ئاماژە بە هێندێک لەو دەورانە دەکەین:

١_ یەکەم دەورەی نیزامیی حیزب لە نیوەی بەهاری ساڵی ١٣٥٨ لە شاری مەهاباد پێک هاتوە.

٢- لە ڕێکەوتی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٥٩ تا ٢٠ی گەلاوێژ دەورەیەکی سیاسی نیزامیی گەورەتر کە پێشمەرگە لاوەکانی زۆربەی ناوچەکانی تێدا بەشدار بوون، لە باغی "یەنگیجە"ی نێوان "ئاشی گوڵان" و "سەردەراباد"ی بۆکان بۆ ماوەی دوو مانگ بەڕێوە چووە. هاوکات شانبەشانی ئەو دەورەیە هەر لەو سەروبەندەدا لە گوندی" خڕەجۆی" مەهابادیش دەورەیەکی سیاسیی کادر بە بەشداریی کادرەکانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە چووە.

٣_ لە نیوەی یەکەمی هاوینی ١٣٦٠ لە ئاوایی "نەڵۆس"ی شنۆدا دەورەیەکی سیاسی نیزامی بۆ ماوەی مانگێک بەڕێوە چووە کە دواتر بەردەوامیی دەورەکە گوازرایەوە بۆ گوندی سینگان.

٤_ لە گوندی گرژاڵی سەردەشت لە ساڵی ١٣٦٠ دەورەیەکی دیکە بەڕێوە چووە.

٥_ لە ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد لە هاوینی ١٣٦١ بۆ ماوەی دوو مانگ دەورەیەکی سیاسی نیزامی بەڕێوە چووە، و هەر لەو ماوەیەدا لە ئاوایی "خدراویَ"ی نێوان سەردەشت و پیرانشار دەورەیەکی سیاسی نیزامی داندراوە.

ئەوەی ئاماژەی پێ کرا، هێندێک لەو خولە پەروەردەییانە بوون کە هەتا ساڵی ١٣٦١ هەر جارێ لە شوێنێک و لەلایەن ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزبەوە و بە جیا جیا دەکرانەوە و، تا ئەوکات حیزب ناوەندێکی هەمیشەیی تایبەت بە فێرکردن و پەروەردەی نەبوو. بەڵام بەو حاڵەش ڕەوتی بارهێنانی پێشمەرگە قەت نەوەستاوە و ئەم خولە فێرکارییانە بە شێوەی جۆراوجۆر و بە ئیبتکاری فەرماندە نیزامییەکان کە ئەوکات زۆربەیان ئەفسەر و دەرەجەداری نیشتمانپەروەری پێشووی ئەرتەش بوون بەڕێوە دەبران. بۆ وێنە لە بەهاری ١٣٦٠دەورەیەکی سیاسی نیزامی لە "ئەشخەڵ"ی ناوچەی ڕەبەت بە بەشداریی ڕادەیەکی بەرچاوتر لە بەشدارانی دەورەکانی پێشوو بۆ ماوەی دوو مانگ‌ونیو بەڕێوە چوو کە جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ دەورەکانی پێشوو هەبوو. بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ بەشدارانی دەورەکەدا بۆ یەکەم جار بوو کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا لاوانی بە هەست ونیشتمانپەروەر لە یەک دەورەدا کۆ دەکرانەوە. دواتر بەهۆی هاتنی بەربڵاوی لاوان بۆ ڕیزەکانی حیزب لە لایەک و لە لایەکی دیکە بەرین‌بوونەوەی بەرەکانی شەڕ کە هەموو کوردستانی گرتبۆوە، ئەو دەورە بڵاوانە نەیانتوانی وڵامدەری هەلومەرجەکە بن. هەربۆیە لە بەهاری ساڵی ١٣٦١ لە سەر پێشنیاری فەرماندەرانی نیزامی و هەستکردن بە پێویستیی پەروەردەی پلانمەند و پتری پێشمەرگەکان، لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە ئۆرگانێک بە ناوی کۆمیسیونی پێشمەرگە پێک هات.

یەکێک لە بەشە بنەڕەتییەکانی کۆمیسیونی پێشمەرگە کردنەوەی بەشی فێرکردنی سەرەتایی پێشمەرگە بوو کە لە گوندی "بێتووش"ی ناوچەی سەردەشت دەستی بەکار کرد. ئەرکی ئەو بەشە بریتی بوو لە: فێرکردنی لاوان لەسەر ئوسولی شەڕی پارتیزانی و ئاشناکردنیان بە چەک و کەرەستەی نیزامی و ئەرکەکانی دیکەی پێشمەرگایەتی، بارهێنانی سیاسیی پێشمەرگەکان، بردنە سەرێی ئاستی توانایی فەرماندەران لە بواری سیاسی و نیزامیدا، دانانی بەرنامەی ئاموزشی بەپێی ئاڵوگۆڕی دۆخی خەبات و جۆری تاکتیکەکانی ڕێژیم وخۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغە جۆراوجۆرەکان بەپێی پەروەردەی نوێ.

دواجار بە هۆی گۆرانکاری و گرینگیی فێرکردن و بارهێنانی پێشمەرگە، ڕێبەرایەتیی حیزب و لە سەرووی هەموویانەوە شەهیدی هەمیشەزیندوو دوکتور قاسملوو، ئیمکاناتی پێویست بۆ پێکهێنانی زانکۆی حیزب تەرخان کرا. زانکۆی حیزب لە ساڵی ١٣٦١ لە "پیربابا"ی ناوچەی ئالانی سەردەشت و لەژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی کومیسیۆنی پێشمەرگەدا دەستی بە کار کرد. دەورەکانی یەکەم تا سێهەم لە بنکەی پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت ئاموزش دران، بەڵام بەهۆی زۆربوونی ڕادەی بەشدارانی دەورە و پڕ کاری و ئاڵۆزیی شوێنی دەورەکان، بەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرا کاری فێرکردن بەباشی بەڕێوە نەدەچوو. هەر بەو هۆیەوە داوا لە دەفتەری سیاسی کرا شوێنێکی سەربەخۆ بۆ کاری ئەو بەشە دیاری بکرێ. بەمجۆرە لەسەر ڕەزامەندیی دەفتەری سیاسی ناوەندی زانکۆ لە شۆێنێک لە بەرزایی "تالیش"ی ناوچەی سەردەشت کە لە دەوروبەری دفتەری سیاسی هەڵکەوتبوو، دامەزرا. مەبەست لە دەستنیشان‌کردنی ئەو شوێنەش ئەوە بوو کە هەم پارێزەری بنکەکانی دەفتەری سیاسی بێ و هەم بتوانێ کاری ئاموزشیی خۆی لە شۆێنێکی سەربەخۆدا بەڕێوە بەرێ.

دوای تێپەڕینی چەند دەورەی زانکۆ لەم قۆناغەدا، ساڵی ١٣٦٢ بڕیار درا ناوی "زانکۆ" بۆ "فێرگەی سیاسی _نیزامی" بگۆڕدرێ و دوای ئەو گۆڕانکارییە بەرنامەکانی کاری فێرگە لە دوو فۆڕمدا ڕێک خرا: یەکەم، دەورەکانی سیاسیی سەرەتایی، سیاسیی نێونجی و سیاسیی بەرز کە لەژێر چاوەدێری بەشیی سیاسیی فێرگەدا بەڕێوە دەچوون. دووهەم، دەورەکانی نیزامیی سەرەتایی و مودیرییەتی کە لە لایەن بەشی نیزامییەوە چاوەدێری دەکرا و بەڕێوە دەبردرا. دواتریش بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی فێرگەی سیاسی_نیزامی ئاییننامەیەکی نێوخۆیی داڕێژرا و لە دەفتەری سیاسیدا پەسند کرا. بە دوای ئەوەدا فێرگە کارەکانی خۆی بەپێی ئەم ئاییننامەیە بەڕێوە بردوە و، بەپێی قوناغە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕی پێویستی بەسەر ئەو ئاییننامەیەدا هێناوە و خۆی لەگەڵ هەلومەرج و قوناغەکانی خەباتدا گونجاندوە.

دوای کونگرەی حەتەمی حیزب کە لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا گیرا، بڕیار درا کۆمیسیۆنێک بە ناوی کۆمیسیۆنی سیاسی_نیزامی بە تێکەڵاوکردنی کۆمیسیۆنەکانی پێشمەرگە و تەشکیلات پێک بێ. فێرگەش کە تا پێکهاتنی کومیسیونی سیاسی _ نیزامی لەلایەن ئەو دوو کومیسیونەوە ئیدارە دەکرا و تەنانەت لە ئیدارەی نێوخۆیشیدا ئەو شێوە ئیدارەکردنەی پێوە دیار بوو، وەک بەشێکی چالاکی ئەو کۆمیسیونە شێوەی کارەکەی گۆڕدرا و، خۆی لەگەڵ دۆخ و مودیرییەتی نوێی حیزب گونجاند و هێندێک بەشی نوێشی پێوە زیاد کرا. ئەو بەشانەی بریتی بوون لە:

١_ کۆڕی هونەری لە پێش کونگرەی هەشتەمی حیزبەوە وەک بەشێک خرایە سەر فێرگەی سیاسی-نیزامی و هەتا دوای کۆنگرەی ١٢ وەک بەشێکی سەر بە فێرگە درێژەی بە چالاکییە هونەرییەکانی خۆی دەدا و لە دەیان بۆنە و جێژنی حیزبیدا بەرنامەی هونەرییان پێشکەش کرد. ئێستا ئەو کۆڕە سەر بە کۆمیسیونی پەروەردە و بارهێنانی حیزبە.

٢_ یەکیەتیی لاوانی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی سینفیی لاوان کە لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٥ەوە بە بریاری دەفتەری سیاسی هاتبووە ژێر چاوەدێریی فێرگە، تا دوای کونگرەی هەشتەم لەو چوارچێوەیەدا مایەوە؛ بەڵام دوای کونگرەی هەشت بە شێوەی سەربەخۆ درێژەی بە کارەکانی دایەوە.

٣_ تەعمیرگای چەکوچۆڵ کە لە ساڵی ١٣٦٧ ڕا خرایە سەر فێرگە.

٤_ بەشی خەیاتی کە ساڵی ١٣٧٥ بە مەبەستی دوورینی جلوبەرگی پێشمەرگە تازەهاتووەکان لە فێرگە دامەزرا، هەتا تا ساڵی ١٣٩٤ بە ڕێکوپێکی ئەو ئەرکەی بەڕێوە دەبرد. هەروەها فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزب لە دوای کۆنگرەی ١٧ی حیزب لە ساڵی ١٣٩٨ ناوەکەی بە فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە گۆڕدرا.

**بەڕێزان!**

لە ماوەی تەمەنی فێرگەدا زۆربوون ئەو کەسانەی کە دڵسۆزانە ئەرکی مامۆستایەتییان لە بەشەکانی سیاسی و نیزامی‌دا بە ئەستۆ گرتوە و بە گەرما و سەرما و لەژێر خێوەت و لە ئەشکەوتدا لەخوبوردوویی و فیداکارییان نواندوە و مایەیان لە خۆیان داناوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لە زانستی خۆیان بەهرەمەند بکەن. تەنانەت هێندێک لەو مامۆستا بەڕێزانە بێجگە لە کاری مامۆستایەتی کاری دیکەی حیزبیشیان بووە و لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبیدا بەداخەوە شەهید بوون. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە ماوەی دامەزرانی فێرگەوە تا ئێستا ئەو کەسانە بەرپرسایەتیی فێرگەیان لەسەر شان بووە.

- بەهاری ساڵی ١٣٦١ بە دروستبوونی فێرگە ڕەوانشاد سەروان چەکۆ ڕەحیمی وەک یەکەمین بەرپرسی فێرگە دیاری کرا.

- ساڵی ١٣٦٣ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە بە کاک مستەفا هیجری سپێردرا.

- ساڵی ١٣٦٤ بەرپرسی نیزامیی فێرگە کاک چەکۆ ڕەحیمی و بەرپرسی سیاسیی فێرگەش کاک محەممەدئەمین مەجیدیان بوو.

- دوای کۆنگرەی ٧ ماوەی ساڵێک کاک چەکۆ ڕەحیمی و، لە ساڵی ١٣٦٥ تا کۆنگرەی ٨ کاک حوسێن مەدەنی بەرپرسایەتیی فێرگەیان لەئەستۆ بوو.

- دوای کۆنگرەی ٨ بۆ ماوەی ساڵێک دووبارە کاک چەکۆ ڕەحیمی بە بەرپرسی فێرگە دیاری کرایەوە و لە ساڵی ١٣٦٨ تا کۆنگرەی ٩ کاک سەید سەلام عەزیزی ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد.

- دوای کۆنگرەی ٩ بەرپرسایەتیی فێرگە بە دوکتور حوسین خەلیقی سپێردرا و لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٧١دا سەرلەنوێ ئەو ئەرکە خرایەوە سەر شانی کاک چەکۆ ڕەحیمی. هەروەها کاک یوسف خوشڕەو ماوەی ٣ ساڵ بەرپرسی فێرگە بووە و لە ساڵی ١٣٧٢ هەتا کۆنگرەی ١٢ کاک کاوە بەهرامی بەرپرسی فێرگە بوو.

- دوای کۆنگرەی ١٢ تا کۆنگرەی ١٣ حیزب کاک عومەر باڵەکی ئەو ئەرکەی بۆ ماوەی ٤ ساڵ بەڕێوە برد و لە دوای کۆنگرەی ١٣، لە ساڵی ١٣٨٣ تا پاییزی ١٣٨٥ کاک حەسەن قادرزادە بەرپرسایەتیی فێرگەی لەئەستۆ بوو.

- لە ساڵی ١٣٨٥ تا ١٣٩١ کاک برایم چووکەڵی بۆ ماوەی ٦ ساڵ بەرپرسی فێرگە بووە.

- ساڵی ١٣٩١ بۆ ماوەی ساڵێک کاک سیامەک وەکیلی و پاشان ساڵی ١٣٩٣ ماوەی ساڵ و نیوێک کاک محەممەد کەسرایی و دواتر لە ساڵی ١٣٩٥دا کاک محەممەد شەهروان بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک ئەو ئەرکەیان بەڕێوە بردووە.

- لە ساڵی ١٣٩٦ـەوە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا ئەو ئەرکە جارێکی دیکە بە کاک برایم چووکەڵی سپێردراوەتەوە.

**ئامادەبووانی بەڕێز!**

فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە بەدرێژایی٤٠ ساڵ تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆی دەوری بەرچاوی لە فێرکردن بارهێنانی لاوانی کوردستاندا بووە. بەشێک لە کارنامەی فێرگە لەم ماوەیەدا بەم جۆرە ئاماژەی پێ دەکرێ:

کردنەوە و بەڕێوەبردنی ٢٤٧ دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، ١١ دەورەی سەرەتایی کادر، ٦ دەورەی ڕاهێنانەوەی نیزامی، ١٠ دەورەی تایبەتیی چەکە سوکەکان، ٧ دەورەی مین هەڵگرتنەوە، ٢ دەورەی چەکی نیوەقورس، دەورەیەکی نەخشەخانی و مین و کاتۆشا و خۆمپارەی ١٢٠، ١٥ دەورەی مودیرییەت و فەرماندەیی، ٢ دەورەی مامۆستایەتیی شۆڕش و ٢ دەورەی وێنەگری.

ماوەتەوە بگوترێ ئەوەی ئەمڕۆ جەژنی بۆ دەگرین، لەو ٢٤٧ دەورەیەی سەرەتایی و چەندین دەورەی مودیرییەتی و دورەی جۆراوجۆری دیکە لە ماوەی٤٠ ساڵی ڕابردوودا، هەزاران لاوی بەهەست فێری سەرەتاکانی کاری نیزامی و سیاسی بوون. لەم هەزاران کەسە بەشێکی زۆریان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی حیزب و گەلدا گیانیان بەخت کردوە و، ئێستاش بە خۆشییەوە بە هەزارانی دی لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی و لەنێو ڕێکخراوەکانی حیزبیدا چالاکانە بەشداری خەبات و تیکۆشانن. مایەی سەربەرزییە کە ئێستاش فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێگەیاندنی لاوانی پێشمەرگە بەردەوامە و لە هەر دەورەیەکدا دەیان ڕۆڵەی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری کورد، بۆ خزمەت بە حیزبی دێموکرات و جوڵانەوەی کوردستان پەروەردە دەکا. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە فێرکردنی پێشمەرگە ناکرێ بە تەواوکردنی دەورەی فێرگە کۆتایی پێ بێ. بە خۆشییەوە هەر تەنیا فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە مەکۆی پەروەردە و بارهێنانی ڕۆڵەکانی ئێمە نەبووە و ئەو ئەرکە لەسەر شانی هەموو ئورگانەکانی حیزب و لە بواری جۆراوجۆری پەروەردەیدا قورسایی کردوە و، ئەم پڕۆسەیە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و دۆخی نوێی خەبات و بە میکانیزمی نوێ و جۆراوجۆر بەردەوام دەبێت.

لەم دەرفەتەدا بە پێویستی دەزانم وێڕای پیرۆزبایی دووبارە بەبۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە، پیرۆزبایی گەرم لە حیزبی دێموکرات بکەین کە بەدانانی ناوەندێکی فێرکردن خزمەتێکی گەورەی بە پێگەیاندنی لاوان لە مەیدانی خەباتدا کرد، هەروەها پیرۆزبایی لە بەشدارانی پازدەهەمین دەورەی مودیرییەت و فەرماندەیی و دەسپێکی دەورەی ٢٤٧ بکەین، هەروەها ئێوە کە دەمێکە بەڕەسمی بوونەتە پێشمەرگە و، ئەرکی قورسی ئەم خەباتە و وەدیهێنانی ئەم سەرکەوتنەتان کەوتۆتە ئەستۆ. چەکی ئێوە و هەموومان لەو خەباتەدا باوەڕ و وزەی خەباتگێڕیمانە.

بەهیوای سەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانی حیزبە خەباتکارەمان و وەدیهاتنی ئامانجی شەهیدانمان.

**فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە**
**٢٨ی بانەمەری ١٤٠١ی هەتاوی**

## خالید عەزیزی: مێژووی خەباتی کورد بەبێ گرینگیدان بە ڕۆڵی ژنان ناتەواوە



ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی سیاسیی تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە ژنانی ئەندامی حیزب بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب وتەیەکی کورتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ژنان لە تێکۆشانی حیزب و بەرزنرخاندنی خەباتیان هاوشانی پیاوان و هەروەها بەشداریی بەرچاوی ژنان لە خەباتی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد. بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا گوتی: ژنان لە هەموو دۆخێکدا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بوون و حیزبی دێموکرات هەمووکات لە خەباتی خۆیدا گرینگیی بە ڕۆڵی ژنان لە ڕیزەکانی خۆی داوە. هاوکات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ژنان بەشداری و ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە ڕابردوویان لەنێو کۆمەڵگە و بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا هەیە؛ بەجۆرێک کە ژنان لەنێو ڕێکخراو و ئەنجوومەنەکانی زمانەوانی، ژینگەپارێزی، شاخەوانی و بە گشتی ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕن. بۆیە ژنانی کوردستان شانبەشانی پیاوان لە خەباتی نەتەوەی کورددا ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەیە و بەبێ گرینگیدان بە ڕۆڵی ژنان باسکردن لە مێژووی کورد ناتەواوە.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب ڕێزنامەی پێشکەش بەو کەسانە کرد کە زیاتر لە ٢٠، ٢٥ و ٣٠ ساڵی لە ڕیزەکانی حیزبدا ڕابردووی تەشکیلاتییان هەیە. لە کۆتا بەشی ڕێوڕەسمەکەشدا ڕێزنامەی تایبەت لە لایەن بەڕێزان مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزب، خاتوو عیسمەت نستانی، کادری حیزب لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات و هەروەها کاک حەسەن خۆشکەلام، بەرپرسی بەشی ئاشکرای تەشکیلاتی حیزب لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات، پێشکەش بە ئەندامانی حیزب کرا.




کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە، ٢١ی بانەمەڕ جارێکی دیکەش ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تۆپباران کردەوە. سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشە نوێیەدا بە تۆپ و کاتیوشا و درۆن کوێستانەکانی بەربزین لە سیدەکان، گەڵاڵە و سمێلان لە چۆمانی کردۆتە ئامانج.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەمیشە بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی یاسا و ڕێوشوێنی دراوسێیەتی، بە بیانووی هەبوونی بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەستدرێژیی کردۆتەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستان. هەمووانیش ئاگادارن کە لە سۆنگەی هێرشەکانی پێشووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵکی گوندنشین و هەوارچییەکانی ئەو ناوچانە زەرەر و زیانی ماڵیی زۆریان پێ گەیشتوە، سەرەڕای ئەوەش کە تۆپبارانەکان زیانی زۆریشان لە ژینگەی ناوچەکە داوە.

هێرشی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خاکی وڵاتی دراوسێی لە حاڵێکدایە کە شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتییەکان بە دۆخی ئابووری و گرانیی لەڕادەبەدەر لە زۆربەی شارەکانی ئێران وەڕێ کەوتوە و خۆپیشاندان و مانگرتنەکان لەو ماوەیەدا لە پەرەسەندندا بوون. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش کە هەموو کاتێک سامانی گشتیی وڵاتی بۆ گێرەشوێنی و قەیرانخوڵقێنی لە ناوچەدا و پەرەپێدان بە تێرۆریزمی دەوڵەتی تەرخان کردوە، ئەمجارەش هەروەکوو سیاسەتی هەمیشەیی خۆی لە بری وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک، بۆ بەلاڕێدا بردنی سەرنجی گشتیی خەڵک لەسەر ناڕەزایەتییەکان دەستی بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان کردوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستدرێژییە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی دەستێوەردانی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری هەرێم و پێشێلکردنی یاسا و سەروەرییەکانی هەرێمی کوردستان و هاوکات نانەوەی کەشی ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ لەنێو دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکاندا مەحکووم دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا ناوەندی هاوکاری خوازیاری ئەوەیە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان هەموو توانای خۆتان بۆ ریسواکردن و لەقاودانی سیاسەتی دەستدرێژیکەرانە و نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بخەنەگەڕ و، لە ڕێگای جۆراجۆرەوە ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی بانەمەڕی ١٤٠١ (١١ی مای ٢٠٢٢ی زایینی)**

# بنەماکانی دەوڵەتداری لە حیزبی دێموکراتدا


شۆڕش شاباز

ئەستۆندەک و پاڵپشتیی هەر بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بریتییە لە جۆری دنیابینی و شێوەی بەکردەیی کردنی بنەما تیورییەکانی ئەم بزووتنەوەیە. کاتێکیش خەباتی بەکردەوە و ڕوحی یاسا و بنەما تیورییەکانی ئەم بزووتنەوە ئاوێتەی یەکتری ببن، بزووتنەوەکە گەر بکەوێتە تەنگانەشەوە ڕێگای سەرکەوتنی خۆی هەر دەبینێتەوە و بە ئامانجەکانی خۆی دەگات. خۆ ئەگەر گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لە ڕەوتی خەبات لەسۆنگەی کەندوکۆسپەکانی تێکۆشاندا درەنگتریش دەست بدات، هۆکارەکەی بۆ چەوتیی بنەما تیورییەکان و جموجۆڵە مەیدانییەکان ناگەڕێتەوە؛ بەڵکوو سەرنجەکان دەبێ لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ و بەرامبەر بێ کە لەمپەری بنەڕەتیی بەردەم وەدیهاتنی ئەو ئامانجەیە.

دەسەڵاتی سیاسیی توتالیتێر و ناوەندگەرا کە بەردەوام هەوڵی داشکاندن و بچووککردنەوەی خواست و داوای سیاسیی نەتەوەکانی دژبەری خۆی دەدا، جەغزێک لە نێوان خۆی و ئەوانیدی دەکێشێ و سیاسەت و پلانی حکوومەت لە هەمبەر جووڵانەوە مافخوازەکان هەموو کاتێک حاشا و نکۆڵی کردن بووە و، لە خۆیدا زەرفییەتی دانان و بەڕەسمی ناسینی ئەو مافانەی شک نەبردوە. جۆری ئەو سیستمە دەسەڵاتدارییانە لە وڵاتانی جۆراجۆر لەیەکتر جیاوازن و ڕۆڵی کەسانی نێو بازنەی دەسەڵات و شێوەی بیرکردنەوەیان و، گوشاری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەش بۆ ناچارکردنی دەسەڵات بە ملدان گرینگیی تایبەتی لە جێکەوتنی ئەو بنەما و تیورییە سیاسییە هەیە کە بزووتنەوە خەباتکارییەکە بەڕێوە دەبات.

جووڵانەوەی سیاسیی کورد یەک لەو بزووتنەوانەیە کە سەرەڕای ماوەیەکی دوورودرێژ لە خەبات و تێکۆشان هێشتا ئامانجە بنەڕەتییەکانی وەدی نەهاتوون. ئەو جووڵانەوەیە کە چەقی بەشێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕابردووی خەباتی نیزیک بە هەشت دەیە پێشەنگایەتی دەکا، هەتا ئێستا لەگەڵ دوو کۆسپ یان بە واتایەکی دی دوو حاکمییەتی دیکتاتۆری و سەرەڕۆی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بووە. دێموکراسیخوازی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەردی بناغەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەمای تیوریی ئەم حیزبە بووە. حیزبی دێموکرات کاتێک کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، دێموکراسیخوازی و ئازادیخوازییەکەی لە پێکهاتەی دەسەڵات و کار و بڕیارەکانی کۆماردا وەک کۆڵەکەکانی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک بە عەینی و بەکردەوە ڕەنگی دایەوە.

ئەو کۆڵەکە بنەڕەتییانە بریتی بوون لە: وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکان، ئازادیی ڕادەربڕین، ڕەچاوکردنی مافی منداڵان و مافی بەرانبەر و وەک یەکی ژنان و پیاوان، بایەخدان بە مافی گرووپە پیشەییەکان، دابینکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان و یەکسانیی مافە ئایینییەکان و تەنانەت بەڕەسمی ناسینی مافی نەتەوەکانی غەیرەکوردی نێو چوارچێوەی حوکمڕانیی کۆماری کوردستان. ئەو کۆمارە کوردییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنەری بوو، بووە قوربانیی سیاسەتی ساتوسەودای نێودەوڵەتی و عەقڵییەتی نیزامی کۆلۆنیالیستی ناوەند، ئەویش لە حاڵێکدا کە ڕێژیمی پەهلەوی خۆی لەو کاتەدا وڵاتێکی داگیرکراو بوو. ئەوە بوو کە دواجار بە هیرشی سەربازیی حکوومەتی حەمەڕەزاشا کۆتایی بە تەمەنی ئەو کۆمارە دێموکراتیکە هات. ڕاستە کۆماری کوردستان بەهۆی گەلەکۆمەگێ ڕووخا، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای لەداردرانی بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی لە ماوەیەکی کورتی دوای نسکۆی ڕووخانی کۆماردا بەهۆی کادرە لاوەکانی ڕێکخرایەوە و درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دایەوە. ڕەوتی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای قۆناغی کۆمار هەورازونشێوی زۆری بڕیوە و لەگەڵ پەرەسەندنی شەپۆلی فکریی چەپ و هۆگری و ئینتیمای زۆر لە گەلانی ناوچە بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان لە ڕێگەی ئۆردووگای سۆسیالیستییەوە، بەڵام حیزبی دێموکرات بنەما تیۆرییەکانی خەباتی خۆی پاراست کە هەموو کاتێک دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بووە. هۆکارەکەشی بۆ ڕەگداکوتانی ئەو وێژمانە لە ڕەوتی جووڵانەوەکە و هەوڵی پڕاگماتیستیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دەسەڵاتێکی حکوومەتیی دێموکراتیکی بنیات نابوو، لە مەیدانی کردەوەشدا دەبوا تیوری و بنەما فکرییەکانی خۆی کە بەرنامەوپێڕەوی حیزبدا هاتوون جێ بخات. هەر بۆیەشە قەوارەی فکری و پێکهاتەیی خۆی وەک چۆن دوکتور قاسملوو بە "سیمای دێموکرات"ی پێناسە دەکا، پاراستی.

قەوارەی حیزبی دێموکرات پتر لەوەی حیزبی بێت، پێکهاتەیەکی دەوڵەتتەوری هەیە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی حیزبی دێموکرات بە هەبوونی پاشخانێک لە دەوڵەتداری –ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێ– تیوری و بنەما فکرییەکانی و هەروەها کار و کردەوەکانی بۆ ئەو پاشخانە دەگەڕێتەوە؛ بەدەر لەوە ئەو پاشخانە تیوری و هەروەها پڕاکتیکەکانی حیزبی دێموکرات شوێنی لە گۆڕانکارییەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش داناوە. دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان نموونەیەک لە کارتێکەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ وڵاتان لەگەڵ دامەزرانی ئەم حیزبە و لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا کە لە سەردەمی کۆماردا خزمەتێکی زۆری بە ناساندنی پرسی کورد کرد. هەبوونی پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت، ناردنی شاندی دیپلۆماتیک بۆ تاران و هەروەها بۆ باکۆ (ئازەربایجان) بەشێک لە دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا بووە. دوای نەمانی کۆماری کوردستانیش پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی حیزب قۆناغێکی دیکەی ئەزموون کرد و زۆر پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە وڵاتانی دیکە و هەروەها کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان گرێ دران کە هەتا ئێستاش بەردەوامن. بەگشتی پێوەندیی دیپلۆماتیک لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتدا ڕەهەندێکە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی ئەم حیزبە، کە خۆی لەسەر تەوەری ناساندن و پۆلێنکردنی ماف و خواستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا پێناسە دەکا. ئەندامەتیی حیزب لە شوڕای ئینترناسیۆنال سۆسیالیست یەکێک لە دەسکەوتەکانی ڕەهەندی خەباتکاریی حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری دیپلۆماسیدایە کە بایەخ و گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە. گرێدان و بەردەوامیی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ بزووتنەوە سیاسییەکان چ لە نێوخۆی ئێران و چ بزووتنەوەکان لە وڵاتانی ناوچەدا و باشی و ئاستی بەرزی ئەو پێوەندییانە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەهەندێکی تری پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

کەرخێکی دیکەی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی حیزب بریتییە لە پێوەندییەکانی ئەم حیزبە دوای گۆڕانکاری لە دروشمی ستراتیژیی ئەم حیزبە لە خودموختارییەوە بۆ فیدرالیزم. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەشدا کە خودموختاری دروشمی ستراتیژیی بوو، هەموو کاتێک دێموکراسیی وەپێش دەخەست و پێی لەسەر یەکیەتیی دێموکراتیکی گەلان لە ئێراندا دادەگرت. هەربۆیەشە کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچێتە نێو شوڕای بەرگریی نیشتمانی، هەر لەسەر بنەمای ئەو پێوەندییە دیپلۆماتیک-دێموکراتیکە هەرچەشنە پێوەندییەک لەگەڵ حیزب و کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکانی ئەندام لەو شورایەدا بە مەرجی بەڕەسمی ناسینی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا گرێ دەدا کە ئەوەش ڕەهەندێکی دیکەی خەباتی دیپلۆماتیکی حیزبی دێموکراتە.

ئەو خەباتە دیپلۆماتیکە دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزب کە دروشمی ستراتیژیی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" جێگای خۆی بە "دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتیک، فیدرال و پلۆرال" دەدات، ڕەوتی بەردەوامیی خۆی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییدا دەپێوێ. دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییە ڕەوتی دیپلۆماتیکی حیزب پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ هاوفکری و کاری بەکردەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران و هەر لەسەر ئەو بنەما فکرییەیە کە "کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدرالی ئێران" پێک دێ و ئەندامەتی لە "شوڕای دێموکراسیخوازان"، "هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران"ی بەدوودا دێ. ئەو هاوبەشییە لەو بلۆکە سیاسییانەش نیشانەی باوەڕ بە پلۆرالیزم و دێموکراسی هەتا مایەپووچکردنەوەی تۆمەتی هەڵوشاندنەوەی وڵات لە پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان لە ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتدایە.

لە سەردەمی ئێستادا خەباتی مەدەنی گۆڕەپانێکی نوێیە بۆ بەگژداچوونەوەی حکوومەت و دەسەڵاتەکان و داواکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. چالاکیی سیاسی و مەدەنی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا سەرەڕای ئەوەی هەموو کاتێک کۆسپێکی گەورەی وەک دەسەڵاتی دیکتاتۆر (حەمەڕەزاشا) و تئوکراتیک و نادێموکراتیک (کۆماری ئیسلامی) لە بەردەم بووە، بەڵام لەو کەشە داخراو و پڕ تێچووی سیاسییەشدا لە فۆرمی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێکخراوە مەدنییەکاندا جموجۆڵێکی هەر بووە. خەباتی مەدەنی لە ئێران زۆرجار بەهۆی هەستیاریی ڕێژیمی سیاسی تێچووی زۆری بۆ چالاکانی ئەم بوارە بووە، لە گرتن و زیندانەوە بگرە هەتا دەگاتە ئێعدام. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو ماوەی تەمەنی خۆیدا خەباتی لەدژی حکوومەتی ناوەندی کردوە، بایەخێکی زۆری بەو ڕەهەندەش لە خەبات –خەباتی مەدەنی– داوە و هەموو کاتێک پاڵنەر و پاڵپشتی خەباتی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی ناوەندی بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ڕچەشکێن و پێشەنگی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لەگەڵ ئەوەدا فاکتەری دیپلۆماسی لەهەمبەر بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا پاراستوە، هەوڵی داوە سەرنجی کەسانی خەباتگێر و گرووپ و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانی دەرەوەی ئەم حیزبەش بۆ لای کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتی هەن لە ئاستی نێوخۆیی هەم دەرەکیدا ڕابکێشێ. خاوەنێتی لەوەها پاڕادایمێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تایبەتمەندیی سیستمێکی دەوڵەتییە هەتا حیزبی! چونکی قەوارەی حیزبی زۆربەی جار هەڵگری خەسڵەتی دەمارگرژی و دوگماتیزمێکە، بەڵام پانتایی پاڕادایمی حیزبی دێموکرات بانتر لەو قەوارەیە بووە و بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی ژێرخانێکی دسەڵاتدارەتی ئاوێتە لەگەڵ کولتووری دێموکراتیکە کە لە قەوارەی حیزبێکدا درێژە بە ژیانی خەباتگێڕیی خۆی دەدات.

د. قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتارێکدا کە بەبۆنەی دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی چلویەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەم حیزبە داویەتی بە پێداگرتن لەسەر ئەو خەسڵەتە تایبەتییانە دەڵێ: "ئێمە [حیزبی دێموکرات] بۆ ئازادی و دێموکراسی تێدەکۆشین. کەسێک ناتوانێ بۆ ئازادی لە دوارۆژدا تێبکۆشێ و ئێستا خۆی ڕێز بۆ دێموکراسی دانەنێت. ئەو کەسەی کە بەڕاستی دێموکراتە، بە قووڵی دێموکراسیی خۆش دەوێ، دەبێ هەر لە ئێستاوە، چ لەنێو حیزبەکەماندا و چ لە دەرەوەی حیزبەکەماندا، بۆ بیروباوەڕی جیاوازی خەڵکی دیکە ئێحترام دابنێ. دێموکرات ئەو کەسە نییە کە ئێحترام تەنیا بۆ بیروباوەڕی ئەو کەسانە دابنێ کە لایەنگری دێموکراسین. هەتا ئەوکاتەی یەکێک دەستی بۆ چەک نەبردوە دژی ئێمە، ئێمە تەحەمولی بیروباوەڕەکەی دەکەین و ئەوە یەکێک لەو پەیامانەیە کە پێشەوای مەزن بۆی بەجێ هێشتووین کە دەبێ دێموکرات بین و تا سەریش دێموکرات بمێنینەوە." وەها هزر و ڕوانینێک لە وتەکانی دوکتور قاسملوو دەربڕی پێکهاتەیەکی بان حیزبییە و دەتوانین لە چوارچێوەی سیستمێکی دەسەڵاتدارەتیدا پێناسەی بکەین.

ڕەهەندێکی دیکەی وتەکانی د. قاسملوو ئاماژە و گەڕانەوەی بەڕێزیان بۆ ڕابردووی مێژوویی وەها پاڕادایمێک بۆ سەردەمی پێشەوا قازی محەممەدە کە جیا لەوەی پێشەوا و ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو، هاوکات سەرکۆماری کوردستان بوو. ئەو چەمکە بنەڕەتییانەی باس کران پێمان دەڵێن کە ئەو بایەخانە لە کولتووری دەوڵەتداری- دێموکراتیک و لە قەوارەی هزری و تەشکیلاتیی ئەم حیزبەدا بیچمیان گرتوە. کاتێک د. قاسملوو بە وەها پاشخانێکەوە پێ لەسەر ڕێزگرتن لە بۆچوون و باوەڕی ئەوانیدی لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەگرێ و سەرنجی ئەندامانی حیزبەکەی بۆ ڕەچاوکردنی ئەو بایەخە ڕادەکێشێ، ئەمە بناغەی هزریی پێکهاتەیەکی دەسەڵاتدارەتیی دێموکراتیکە کە زەرفییەتی وەرگرتنی هەرجۆرە ڕەخنەیەکی هەیە، نەک هەر بەتەنیا حیزبی.

# کارتێکەریی لەشکرکێشیی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین لەسەر نەزمی جیهانی



خالید حەسەنپوور

زیاتر لە دوو مانگە ئەرتەشی ڕووسیە هێرشێکی بەربڵاوی کردۆتە سەر ئۆکراین و بەم هۆیەوە بێجگە لەوەی زیان و زەرەرێکی زۆری لە ژێرخانی ئابووریی ئۆکراین داوە، کارتێکەرییەکی زۆریشی کردۆتە سەر وەزعی ئابووری و سیاسیی جیهان بە گشتی و ئورووپا بەتایبەتی. وا دێتە بەرچاو کە ئەو شەڕە تا ئێستا چارەسەرێکی سیاسیی بەردەستی نەبێ و کۆتاییهاتنی شەڕ بە سەرنجدان بە ویست و داخوازییەکانی هەردولا لانیکەم بەمزووانە چاوەڕوان ناکرێ. لە لایەک دەوڵەتی ڕووسیە لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئۆکراین و هەروەها سیاسەتی ئورووپا، ئەمریکا و ناتۆ بەرامبەر بە خۆی ڕێگایەکی گرتۆتەبەر کە پاشگەزبوونەوە لەو ڕێگایە بۆی زەحمەتە. لە لایەکی دیکەوە ئۆکراینیش لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتەکەیدا، بە لەتوپەتکردنی خاکەکەی لەلایەن ڕووسیەوە باجی ڕێگایێک دەدا کە، پشتکردنە لە ڕووسیە و ڕووکردنە لە ڕۆژئاوا.

لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ئۆکراین مافی خۆیەتی کە ڕوو لە ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات بکا و ئاقاری سیاسیی وڵاتەکەی بۆ خۆی دیاری بکا، بەڵام دەکرا بەر لە داگیرکردنی دوورگەی کریمە و بە دووربینی و زیرەکی خۆی لەو شەڕە لابدا. ئەو شەڕە بێجگە لەوەی کە بۆ ئەو وڵاتە شەڕی مان و مەوجوودیەتە، بۆ ڕۆژئاواش شەڕێکی حەیسییەتیە. بۆ سەرۆکی ڕووسیەش، ئەو شەڕە شەڕێکی چارەنووسسازە، بەجۆرێک کە ئەگەر لەو شەڕەدا سوپای ڕووسیە بشکێ، هەم بۆ خۆی وەک کاراکتەرێکی سیاسیی دیار دەدۆڕێ و هەم پێگەی ڕووسیە وەک گەورەهێزێک لە سیاسەتی نێونەتەوییدا دادەبەزێ. بۆیە وەختێک ئەو دوو فاکتۆرە لە پەنا یەک دادەنێین، نابێ مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕی سێهەمی جیهانی و کەڵکوەرگرتن لە چەکی ناوکی بە کەم بگرین.

## کاریگەریی شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین لەسەر نەزمی جیهانی

کاریگەریی ئەو شەڕە لەسەر سیاسەتی نێونەتەوەیی و نەزمی ئارایی جیهانی زۆرە. بێتوو ڕووسیە لەو شەڕەدا سەر بکەوێ، نەزمی ئارایی جیهانی کە لەسەر بنەڕەتی مافی مرۆڤ، ڕێزگرتنی بەرانبەر و دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان دامەزراوە، جێی پی لێژ دەبێ، بەجۆرێک هەر دەوڵەتێک دەستی بڕوا و هێز دەخۆیدا شک بەرێ، پەلاماری وڵات و دەوڵەتانی لاوازتر لە خۆی دەدا و خاکەکەی داگیر دەکا. بەکورتی یاسای جەنگەڵ کە بریتییە لە بەهێزەکان لاوازەکان قوت دەدەن زاڵ دەبێ و بۆ شێواندنی ئەو نەزمە جێگرتووی جیهانییە ڕووسیەش بەتەنیا نییە، بەڵکو چینیش پشتیوانیی لێ دەکا.

چین و ڕووسیە بێجگە لەوی ڕووبەرێکی زۆری خاکی جیهانیان هەیە، لە ڕووی پیشەسازی و کەرەستەی خاو و وزەوە، پێویستییەکی زۆریان بەیەکتر هەیە. ڕووسیە سەرچاوەی وزە و کەرەستەی خاوە و چینیش وڵاتێکی سەنعەتییە و پێویستییەکی زۆری بە نەوت و گاز و کەرەسیەی خاوی ڕووسیە هەیە. بۆیە لەو بارەوە بێجگە لەوەی پێویستییان پێک هەیە، هەردوکیشیان سەرچاوەی داهاتن بۆ ئەویتر. بێجگە لەوە ئەو دوو وڵاتە لەمەڕ پرسی دێموکراسی، مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتییەکانیش هەم وەکوو یەک بیر دەکەنەوە و هەم لەو بارەوە سیاسەتێکی هاوبەشیان هەیە. هەردوو ئەو گەورەهێزانە نە لە نێومالّی خۆیاندا باوەڕیان بە دێموکراسی، مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتییەکان هەیە و نە لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆشیاندا. ڕووسیە دوای ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیستی لەگەڵ ئەوەی پێی ناوەتە نێو بازاری ئازاد و سەرمایەدارییەوە، بەڵام لە ڕووی سیستەمی بەڕێوەبەری و پرسی دێموکراسی کرانەوەیەکی ئەتۆی بەخۆوە نەدیوە. ئەوە بۆ چینیش هەربەو جۆرە و تەنانەت بەولاوەتریشە. هەردووک ئەو وڵاتە بەهۆی تەماحێک بۆ سەر خاکی تایوان و ئۆکراین و شوێنەکانی دیکە هەیانە، هەم لە شوڕای ئەمنییەتدا سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا بلۆک دەکەن و هەم پشتیوانی لە سیاسەتی یەکتر دەکەن لەو پەیوەندییەدا .

سیستەمی ڕۆژئاواش ( ئەمریکا و ئورووپا ) وەکوو ڕوسیە و چین سیستەمێکی کاپیتالیستییە، کە جۆرێک لە دێموکراسی بە ناوی دێموکراسیی ڕۆژئاوایی بەڕێوەی دەبا. ئەو دێموکراسییە لەسەر بنەڕەتی نیزامی پارلمانی، سیستەمی چەند حیزبی (پلورالیزمی سیاسی) و هەروها لەسەر بنەمای پاراستنی مافی مرۆڤ بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە هەڵدەسووڕێ، هەڵبەت وەخۆگرتنی ئەو هەمووە پەنابەر لە گۆشە و کەناری جیهان خۆی یەکێک لە پێوەرەکانی پاراستنی مافی مرۆڤە. جیاوازیی دیکەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووسیە و چین لەوەدایە کە ڕۆژئاوا ئەگەر بۆی بگوونجێ لە دەرەوەی خۆشیدا پێی خۆشە نیزامی دێموکراسی و مافی مرۆڤ جێگیر بکا، هەرچەند لەو بارەوە ڕوانگەی و پڕاکتیکی ئەمریکا و ئورووپا بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە جیهاندا وەکوو یەک نییە. لە حاڵێکدا ئەمریکا بۆ گۆڕانکاریی دێموکراتیک هەتا ئێستا تەنانەت لە هێزی سەربازییش کەڵکی وەرگرتوە، ئورووپا پێی وایە نابێ بە هێزی ئەرتەش ئەو کارە بکرێ، بەڵکوو پێویستە یارمەتیی حکوومەت و دامەزراوە سیاسییەکان بدا کە بۆخۆیان دێموکراسی و مافی مرۆڤ جێگیر بکەن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا جیاوازییەکی سەرەکیی نێوان ئەو دوو بلووکە لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیان ئەوەیە: لە حاڵێکدا ڕووسیە و چین بەبێ دیکتاتۆرەکان ناژین، ئورووپا و ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی پێیان خۆشە لەگەڵ وڵاتانی دێموکراتیک هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام لەگەڵ دیکتاتۆرەکانیش هەڵدەکەن.

پێکگرتنی سیستەمی ئەو دوو بلووکە لەوبارەوە گرینگە و مەبەستی ئەو نووسینەش ئەوەیە کە، کێ و چ هێزگەلێک جەمسەری سیاسەت و نەزمی جیهانیان بەدەستەوەیە؟ دوای شەڕی ئۆکراین بیرۆکەی ئەوە لە لایەن ڕووسیە و چین هەتا دێ زیاتر بەهێز دەبێ کە ئەو دوو گەورە هێزە بە شێوازی خۆیان بیانەوێ دەست لە دۆخی نەزمی جیهانی وەربدەن و نەزمێک جێ بخەن کە بۆ خۆیان گەرەکیانە. ئەو ناتەبایی و شەڕەی ئێستای نێوان ڕۆئاوا و ڕووسیە و چین، دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری بنەڕەتی: زیندووکردنەوەی شکۆ و دەسەڵاتی پێشووی سۆڤییەت و بەرژەوەندیی ئابووری و داگیرکردنی بازارەکانی جیهان. بۆ چین پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی کەرەستەی خاو و بازاڕەکان جیهان پرسێکی ژیانەکییە و بۆ ڕووسیەش زیندووکردنەوەی دەسەڵات و ئەتۆریتە لەسەر بنەڕەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، بۆتە مەزنەخەون. دیارە لە بلووکبەندیی ئێستادا وەکوو پێشوو ناتەباییەکی ئیدئۆلۆژیک لە ئارادا نییە کە یەکیان سۆسیالیستی و ئەویتریان کاپیتالیستی بێ و، لەو بارەوە شەرعییەتێک بدەن بە ناتەباییەکە. لەگەڵ ئەوەی هەردووک بلووک لە نێوەرۆکدا کاپیتالیستین، بەڵام سەرمایەداری لە ڕۆژئاوادا ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ و دوورودرێژتری هەیە، بە جۆرێک هەم پەرەگرتووترە و هەم پێشکەوتووترە لە ڕووسیە و چین.

لە حاڵێکدا ڕۆژئاوا بۆ وەدەستهێنانی بازار بۆ بەبازاڕکردنی کاڵا و شتومەکەکانی پێویستیی بەوە نییە بە زەبری هێز (سوپا) وڵاتان داگیر بکا، بەڵام بۆ ڕووسیە داگیرکردنی بازاڕەکانی جیهان لە ڕێگای هێزەوە گرینگیی تایبەتی هەیە. بۆیە گاز و وزەش وەک چەک بەکار دێنێ و هەر جارناجارێ بۆڕییەکانی گاز بەسەر ئەو وڵاتانەدا دادەخا کە گرفتی لەگەڵیان هەیە! چینیش ئەگەر چی بۆ دابینکردنی بازاڕەکانی جیهان بۆخۆی کەڵک لە هێزی زبر و زۆر وەرناگرێ، بەڵام لە ڕێگای دانی قەرز و پووڵی نەغد، وڵاتان قەرزداری خۆی دەکا و دەست بەسەر بنکە و بنیاتە ئابووری و پیشەسازییەکان دادەگرێ. کەوابوو هەر هێزێک لەو گەورەهێزانە سیاست و نەزمی جیهانی دیاری بکا، نەزم و سیاستەکە ئاوێنەیێکی باڵانوێنە لە هەڵسوکەوتی ئەو هێزە لەمەڕ دێموکراسی و پڕەنسیپە دێموکراتیک و جیهانداگرەکان هەم لەنێو خۆی و هەم لە دەرەوەی خۆیدا.

## کاریگەریی شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین لەسەر پرسی کورد

ئەگەر ڕووسیە وەک گەورەهێزێک قەرارە خاک و نەتەوە لێکدابڕاوەکان بخاتەوە سەریەک، شتێکی زۆر باشە، بەڵام بۆ ئەو کارە لەپێشدا پێویستە وەک گەورەهێزێک ڕوانگەی خۆی لەمەڕ خاک و نەتەوە دابڕاوەکان بەبێ جیاوازی بۆ خەڵکی جیهان ڕوون کاتەوە و لەو بارەوە دۆکتۆرینی خۆی بداتە دەرێ. هەرچەند بێتوو سیاسەت و ستراتیژییەکی ئەوتۆش بگرێتەبەر، نەک بە بەکارهێنانی زەبر و هێز، بەڵکو پێویستە لە ڕێگای پشتیوانیکردنی سیاسی لەو نەتەوانە بۆ ئەو کارە یارمەتیدەریان بێت. سیاسەتێکی ئەوتۆ کە خاک و نەتەوە دابڕاوەکان پێکەوە دەلکێنێتەوە، بەر لە هەر نەتەویەک بە قازانجی کورد و پرسە نەتەوایەتییەکەیەتی؛ نەتەوەیەک کە بەپێچەوانەی ویست و ئیرادەی خۆی بەسەر چوار دەوڵەت-نەتەوەدا دابەش کراوە. بەڵام بە پێچەوانە ئەو ڕوانگەیە لە سیاسەتی ڕووسیەدا هەر بە تەنیا نەتەوەی ڕووس دەگرێتەوە! لە ڕاستیدا بوونی کەمایەتیی ڕووس لەو وڵاتانەی دوای تێکچوونی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو سەربەخۆ بوون، بۆتە بیانوویەکی بنەڕەتی بۆ دەستێوەردان و داگیرکردنی خاکی ئەو وڵاتانە لەلایەن ڕووسیەوە. ڕووسیە نەک هیچ بەرگرییەک لە مافی کەمایەتییەکانی غەیرە ڕووس لە نێوخۆی و جیهاندا ناکا، بەڵکوو تەنانەت خۆی بە توندترین شێوەش سەرکوتیان دەکا، یان ڕێگا دەدا سەرکوت بکرێن و ئەوەش ناتەباییەکی زۆری لە سیاسەتی ڕووسیە لەمەڕ پرسی نەتەوەکان پێکهێناوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەش کەمایەتیی ڕووس لە ئۆکراین و شوێنەکانی دیکەی جیهان مافی خۆیانە لە چوارچێوەی ئۆکراین و وڵاتانی دیکەدا مافە نەتەوایەتییەکانیان دەستەبەر ببێت.

ئەو داگیرکارییەی ڕووسیە کە لەو چەند ساڵەدا بە بیانووی بەرگری لە مافی کەمایەتیی ڕووس دیکا، زیانێکی زۆری بۆ پرسی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بەگشتی و یەک لەوان کورد هەیە. ڕووسیە بە گرتنەبەری سیاسەتێکی ئەوتۆ ئاوێک دەڕێژێ کە، ئەوانەی لە هاوکێشە سیاسییەکاندا هێزێک لەخۆیاندا شک دەبەن، پەلاماری بێهێزەکان بدەن و خاکەکەیان داگیر بکەن. هاوکات ئەو هەڵسوکەوتەی ڕووسیە لەگەڵ دراوسێیەکانی، کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر دوو دەوڵەتی بەهێزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تورکیە و کۆماری ئیسلامی هەیە. هەم تورکیە

درێژە بۆ لاپەڕەی ٩



## زیندان بەزێنەکانی ئێمە






ئا: دیاکۆ دانا

قادر محەممەدزادە لەدایکبووی ساڵی ١٣٥٦ لە شاری بۆکان یەکێکی دیکە لە زیندانیانی سیاسیی کوردە کە ئێستا لە زیندانی ناوەندی شاری یەزددا بەند کراوە و بەمجۆرە باسی ئازادیخوازی و خەباتکەریی خۆی دەدا.

قادر محەممەدزادە ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٤ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کرا و پاش چەند مانگ هێشتنەوە لە سللولی تاکەکەسیی گرتنگەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شارەکانی مەهاباد و بۆکان و تەواوبوونی قۆناغەکانی لێپێچینەوە بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێ ڕاگوێزرا.

قادر پاش ١٥ مانگ بەندکران و ناڕوونیی چارەنووسی، دواجار لەلایەن لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری مەهابادەوە بە تۆمەتی "موحاربە" و "هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵە" دادگایی کرا. ئەو سەرەیا لەو سۆنگەیەوە سزی ئیعدامی بە سەردا سەپا کە دوای ناڕەزایەتیدەربڕینی ناوبراو بەو حوکمە و بەدواداچوونی زۆری بنەماڵەکەی، حوکمەکەی لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای ورمێدا بۆ ٢٠ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ زیندانی ناوەندیی یەزد گۆڕدرا.

قادر محەممەدزادە لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ هەتاویدا بۆ جاری دوویەم و، ئەمجارەیان لە پەروەندەیەکی دیکەدا بە تۆمەتی "پێوەندی لەگەڵ مێدیاکانی دەرەوەی وڵات" دادگایی کرایەوە و لەو سۆنگەیەشەوە سزای ٦ مانگ زیندانی بە سەردا سەپا و ئەوەندە ماوەیەش بە حوکمی گرتنەکەی زیاد کرا.

ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی قادر محەممەدزادە بە بڕیاری بەرپرسانی دەزگای قەزایی ڕێژیم ئەمجارەیان بە تۆمەتی "پێشێلکردنی یاسای نیو زیندان" لەگەڵ ٣٠ بەندکراوی دیکە بەمەبەستی تەمبیکردن و سزادانیان بۆ بەندی ئەمنییەتیی زیندانی ناوەندی ورمێ ڕاگوێزران. بەڵام قادر بێدەنگ دانەنیشت و سەبارەت بە دۆخی نالەباری زیندان و پێڕاگەیشتنەکان و هەروەها بێبەشی لە مافەکانی هەر زیندانییەک ناڕەزایەتیی توندی دەربڕی. ئەو دواتر لە ڕۆژی ١١ ڕەشەممەوە بۆ ماوەی سێ حەوتوو مانی لە خواردن گرت. ئەوە بوو کە لە ڕۆژی ڕێکەوتی ٢٦ ڕەشەممەدا پێی ڕاگەیاندرا بەڕێی زیندانی ناوەندیی یەزد دەکرێتەوە. کەچی زیندانی یەزد سەرەتا لە وەرگرتنی نابراو خۆی بوارد و دواجار لە ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەدا هەر ڕەوانەی زیندانی ناوەندی یەزد کرایەوە.

پەروەندەسازیی ناوەندە ئەمنییەتییەکان دوای ئەوەش لەدژی قادر محەممەدزادە هەر بەردەوام بوون. بۆیە لە پەروەندەیەکی دیکەدا و ئەمجارەیان بە تۆمەتی "بەشداریکردن لە کوشتنی مەئموورێکی ڕێژیم" و "هەڵگرتنی چەک" و "چوونەدەرێی نایاسایی لە وڵات" لە سنووری سەردەشتەوە بە ٧ ساڵ زیندان مەحکووم کرا. ئەو حوکمە دوای قۆناغەکانی سکاڵا و پێداچوونەوە لە دیوانی بەرزی وڵاتدا گۆڕدرا بە پێبژاردنی "خوێنبایی". لەگەڵ یەکلابوونەوەی ئەو پەروەندەیە کەچی پاش ماوەیەک و لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٨دا بە قادر ڕاگەیەندرا کە ئەو ٧ ساڵ زیندانەی پێشتر پێیان داوە هەڵناوەشێتەوە. ئەویش بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بەو زۆردارییە و ئەو حوکمە زۆرەملێیە لە ڕۆژی ٢٦ی ڕەزبەردا بۆ جاری دوویەم مان لە خواردن دەگرێتەوە. کاربەدەستانی زیندانی یەزد لەبری وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی قادر ڕۆژی ٩ خەزەڵوەر لە سللوولی تاکەکەسیی دەپەستێون و لە حاڵێکدا ناوبراو لەسەر مانگرتنەکەی سوور بووە، ڕۆژی ١٤ خەزەڵوەر بەهۆی ناجێگربوونی باری تەندروستیی بەڕێی بێهداری زیندان دەکرێ.

قادر محەممەدزادە لە هاوینی ١٣٩٩دا و بۆ جاری سێیەم لە ڕۆژی ١٠ی گەلاوێژەوە بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە پێنەدانی مەرەخسی و دەستبەسەرداگرتنی بارمتەی یەک میلیارد تمەنیی بنەماڵەکەی کە لەبری ناردنی بە مەرەخەسی بۆیان دانابوو، مانی لە خواردن گرتەوە. ئەمجارەیان پاش ئەوەی لەلایەنە بەرپرسانی زیندان و ئیدارەی ئیتلاعاتی یەزدەوە بەڵێنی ئەوەی دەدرێتێ کە پێداچوونەوە بە پەروەندەکەیدا دەکەن و بە مەرج لێخۆشبوونی بۆ دەردەچێ، پاش ٤٠ ڕۆژ کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا.

قادر محەممەدزادە لە ڕێکەوتی ٢ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی لە نامەیەکدا کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستانەوە بڵاو بۆوە باس لەوە کرد کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە خراوەتە بەندیخانەوە، "لە پێدانی مەرەخسی و هەرچەشنە مافێکی دیکەی زیندانیی سیاسی بێبەش بووە." هەروەها لەو نامەیەدا پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو کە لە بابەت کوژرانی مەئموورێکی هێزە ئینتزامییەکاندا ناوبراو بێتاوانە و لە هیچ کوێی ئەو بابەتەدا هیچ نەخشێکی نەبووە." ئەو دەڵێ دادگا هیچ بەڵگەیەکی لەدژی من نەبوو، بەڵام قازیی پەروەندەکە گوتی هەرچۆنێک بێ کەسێک لە هێزە ئینتیزامییەکان کوژراوە و مادام تۆ زیندانیی سیاسییت، تاوانبار بیت یان بێتاوان دەبێ سزاکەی تۆ بیدەی". قادر لە درێژەی نامەکەیدا باسی لەوە کردبوو کە "بە بنەماڵەکەیان گوتوە هەتا ئەو بڕە پارەیە نەدەن کە وەک خوێنبایی بۆ کوڕەکتان دیاری کراوە، مەرەخسی نادرێتێ".

ئەو باس لەوەش دەکا کە بەهۆی نەدانی مەرخسی چەند جار ناچار بووە مان لە خواردن بگرێ و دواجار ناچار بووە هانا بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ ببا.

قادر محەممەدزادە پاش ١٦ ساڵ مانەوە لە زیندان بەبێ یەک ڕۆژ مەرەخەسی، دواجار لە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەشەممەی ساڵی ١٤٠٠ هەتاویدا بە دانانی بارمتەیەکی یەک میلیارد تمەنی بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ نێردرایە مەرەخسی. ئەو ئێستا لە زیندانی ناوەندیی یەزددا خەریکی کێشانی هەڤدەهەمین ساڵی بەندکرانیەتی.

## هەنبەی ئاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

کێ دەتوانێ حاشا لەو مێژوویە بکا کە بە خوێنی لاوانی نەتەوەی کورد نووسراوە و شانازیی لێ دەبارێت. بڕوانە ئەو ڕۆژە مێژووییە، کە تەنیا دڵۆپێکە لە دەریایەک لە مێژووی پڕ لە شانازیی پێشمەرگەی دێموکرات: ٤٨ سەعات شەڕ و بەربەرەکانی بە قرچەی گەرما.

بۆنی باڕووت، گرمەی گوللەتۆپ و لوورەی خۆمپارە و هاژەی کاتیۆشا سەرپای گوندی داگرتبوو شەڕ سات بەسات گەرمتر دەبوو. ڕۆژی دووهەم تەقەمەنی لە کەمیی دا، بەڵام دوژمن لە هێرشەکەی بەردەوام بوو. کاتژمێری ١٠ی بەیانی ڕۆژی دووهەم یەک لە پێشمەرگەکان زۆر بەتوندی بریندار بوو. لەبەر گەرمیی شەڕەکە زۆر دژوار بوو کەس بتوانێ فریای بکەوێ. ئاوایی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، بەڵام پێشمەرگەیەکی سوورکارە بە نێو ئاگروئاسن‌دا خۆی گەیاندێ. کاتێک پێشمەرگە بریندارەکە چاوی هەڵێنا دیتی فەرماندەکەیەتی. بزەیەکی هاتێ و گوتی هەر ئەوەندە چاوم بە تۆ کەوت بشمرم خەفەتی لێ ناخۆم. فەرماندە گوتی: یا دەمرم یا ڕزگارت دەکەم.... ئەو فەرماندە ئازا و خۆنەویستە کەس نەبوو جگە لە شەهید عەبە سەلبێ کە هەم هاوڕێ بریندارەکەی ڕزگار کرد و هەم ٤٨ سەعات بوو ئەو شەڕە توندەی فەرماندەیی دەکرد.

شەهید عەبدوڵڵا عەبدی (ناسراو بە عەبە سەلبێ) ساڵی ١٣٤٢ لە کاتێکدا لە گوندی "داشبەرات"ی ناوچەی هەوشار لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بوو کە دەربەگایەتی دوایین ڕۆژەکانی خۆی تێ دەپەڕاند. بەهۆی هەژاری و دەسکورتیی بنەماڵەکەی، عەبدوڵڵا تا پۆلی یەکی ناوەندی خوێندی و تا سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران شان‌بەشانی باوکی کاری وەرزێریی کرد. کوێرەوەرییەکانی ژیان عەبدوڵڵای لاوی کردبوە کەسێکی چاوکراوە و پوخت و زیرەک. ئەو کە بە بیری کوردایەتی گۆش کرابوو، کاتێک ئاخوندەکان دەستیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئێراندا داگرت و وەیشوومەیان خستە وڵات، بە تایبەتی یەکەم تیری نەگبەتیی خۆیان و ڕێژیمەکەیان هاویشتە کوردستان؛ عەبدوڵڵا چەکی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە شان. ئەو کە لە هێزی شەهیدانی هەوشاردا سازمان درابوو، هەر زۆر زوو ئازایەتی و بلیمەتیی خۆی نیشان دا. لە مەیدانی شەڕدا شەڕکەرێک بوو حەماسەکانی وەک ئاوی حەیات، خەم و خەفەتیان لە دڵ دەر دەکرد و ئەویندارانی گەل و نیشتمانیان بە موژدەی ڕزگاری، بە مزگێنی ڕامالینی دوژمن لە شەڕەکاندا خۆشحاڵ دەکرد.

عەبدوڵڵا لە زۆربەی شەڕەکان بە تایبەتی جنووبی کوردستان بەشداریی کرد. ئەو بۆ پێشمەرگە و هاوسەنگەرانی هاوڕێیەکی باش، برایەکی دڵسۆز و پێشمەرگەیەکی نموونە و بەخشندە بوو، بەدیسیپلین و لە هەموو جێگایەک ئامادە بە خزمەت و لەخۆبوردوو بوو. ئەو خۆی بە پێشمەرگەی هەموو کوردستان دەزانی. ئەو لە دەشتی موکریان و ناوچەی مەهاباد، بانە، سەقز، دیواندەرە، سنە و ژاوەرۆ و زۆر شوێنی دیکەی ئەو کوردستانە ئەرکی وەرگرت. عەبە سەلبێ شەڕکەرێکی ئازا بوو، بەڵام لەخۆبایی نەبوو. هەرچی زەمان ڕادەبرد، بەرپرسایەتیی زیاتر و قورستری پێ دەسپێردرا. بە هۆی لێوەشاوەیی و ئازایەتی و دڵسۆزییەکەی کرا بە فەرماندەری لک. لەو بەرپرسایەتییەدا نیشانی دا کە کەسێکی بلیمەتە و ئەو کاڵایە ڕێکی باڵایە و بۆ دوژمن هەروا بەڵایە و خۆشەویستی حیزب و نیشتمانی گەرمتر لە دڵدایە.

دوژمن زراوی لە ناوی عەبە سەلبێ چووبوو، چونکی لەهەر ناوچەیەکی هەوشار شەڕ کرابا و عەبە سەلبێ لەوێ بوایە شکستی دوژمن حەتمی بوو. عەبە سەلبێ کە زۆر شەڕی وەک شەڕەکانی "تەخت"، "باشماخ"، "دارەتوو" و "کوچەتڵا" فەرماندەیی کردبوو، ئازایەتی و حەماسەیەکی خوڵقاندبوو کە سینگ بە سینگ پارێزراوە و لە هەموو ناوچەکە لەسەر زارانە.

شەهید عەبە سەلبێ لاوێکی بەهەست و ئاکار جوان بوو. هەستکردن بە بەرپرسایەتی و تێکۆشان بۆ فێربوون و هەوڵدان بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئاخوندی تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی ناوبراو بوو.. هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە شەڕەکاندا بە کەمترین تێچوو، زۆرترین زەربە لە دوژمن بدرێ.

شەهید عەبە تەنیا فەرماندەیەکی شەڕکەر نەبوو، بەڵکوو وەک کادرێکی بەتوانا لەنێو لکەکەی کاری دەکرد. لە کۆنفرانسی کومیتە شارستان دەنگی متمانەی پێ درا و وەک نوێنەری کۆنگرەی ٧ بەشداری کۆنگرەی حیزب بوو. شەهید عەبە سەلبێ کە لەلای زۆر هاوڕێی گوتبووی "تەنیا ئاواتم ئەوەیە ڕزگاری گەلەکەم بەچاوی خۆم ببینم"، مخابن مەرگ مەودای پێ نەدا کە خزمەتی زیاتر بە خەڵک و حیزبەکەی بکا.

ئەو ڕۆژی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ لە شەڕی نێوخۆیی لە "بنحانە"ی پشت ئاوایی "ماسییەریکۆن" شەهید بوو، بەوەش داخێکی دی کەوتە سەر دڵی بنەماڵە و هاوسەنگەرانی. شەهید عەبە سەلبێ هاوکات دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی. دوای شەهیدبوونی عەبدوڵڵا، حەسەنی برای "کە ئەویش بە حەسەن سەلبێ ناسرا"، چەکی برا شەهیدەکەی لەشان کرد و زۆر ئازایانە ڕێگای براکەی درێژە دا. بەڵام بەداخەوە دوو ساڵ دوای شەهیدبوونی براکەی، ئەویش لە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ لە چیای وەنەوشە شەهید بوو.

# بۆچی هێندێک جوو داکۆکی لە سوپای پاسداران دەکەن؟

ئیسرائیل هایوم-جاناتان س. تۆبین


و: کەماڵ حەسەن‌پوور

**[تا ئێستا، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن خۆی لە بەرانبەر وەسوەسەی سڕینەوەی لە لیستەی تێرۆردا ڕاگرتوە. بەڵام جوولەکە چەپەکان لەو بڕوایەدان کە بتوانن سەرکۆمار ڕازی بکەن پاشەکشە بکات]**

بۆ ئەوانەی پێیان وایە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن ڕەنگبێ بگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستێکی زۆرتر کەتوارگەرانە لەمەڕ پرسی ئێران، ڕاگەیاندنی بەشداریی فڕۆکە سووتەمەنی گەیەنەرەکانی ئەمریکایی لە مانۆڕی سەربازیی ئیسرائیل کە بەو زووانە بەڕێوە دەچێ، هەواڵێکی خۆش بوو. لە هەنگاوێکی تاقانەدا، فڕۆکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ فڕۆکە بۆمب‌هاوێژەکانی ئیسرائیل لە ڕاهێنانێکدا دەفڕن کە لەلایەن زۆرانەوە وەک ڕاهێنان بۆ بۆمبارانی ئێران سەیر دەکرێ.

ئەوە دەبێ وەک پەیامێک بۆ ئێران سەیر بکرێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان بژارەی زیاتر لە وتووێژە بێ‌ئاکامەکان بۆ پێشگرتن بە خولیا ناوکییەکانیانی لە بەردەستدایە. سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، نەفتالی بێنێت، هیوادارە ئەوە بەو مانایە بێت کە خۆبواردنی لاسارانەی تاران بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە لاوازە ناوکییەکە واژۆکراو دەگەڵ سەرکۆماری پێشووتر باراک ئۆباما، ئەمریکاییەکانی ناچار کردوە، جا پێیان خۆش بێ یان ناخۆش، هاوپەیمانییەکەیان دەگەڵ دەوڵەتی جوولەکە پشتڕاست بکەنەوە. بەڵام ئەوە بەو ساکارییەش نیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە وتووێژە ڕاستەقینەکان لەمەڕ ڕێککەوتنێکی ناوکی نوێ دەگەڵ ئێران، لە ڤییەن دەگەڵ ڕووسیەییەکان، کە بەڕێوەبەرایەتیی دێموکرات پێی وایە دەگەڵی بەهۆی داگیرکردنی ئوکراین "لە جەنگ"دایە، و ناوبژیوانی نێوان ئەمریکاییەکان و ئێرانییەکانە، بەڕێوە ناچێ. وتووێژە یەکلاکەرەوەکان لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و هاوپەیمانە پێشکەوتنخوازەکانی خەریکی مشتومڕی نێوخۆیی لەسەر ئەگەری ملکەچ بوون بە یەکێک لە داواکانی تاران، لە واشینگتۆن بەڕێوە دەچێ.




تیمی سیاسەتی دەرەوەی بایدن، لەژێر ڕێبەریی سەرۆکی دەستەی دانوستانکار دەگەڵ ئێران و کۆنەسازشکار، ڕۆبەرت ماڵی، هەر ئێستا ڕەزامەندیی لەسەر گەلێک لە بڕیارەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئایینی لەمەڕ ڕێککەوتنێکی نوێ و لاوازتری بەرجام دەربڕیوە کە دەستکەوتی نموونەیی سیاسەتی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما بوو. ئەوان لەجیاتی ئەوە کە تەنیا بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنە کۆنەکە، کە ئەوانی دەوڵەمەند و بەهێز کرد، ئێرانییەکان داوای مەرجی شلتر و دەستخۆشانەی نەغدیی زیاتر دەکەن. بەڵام یەکێک لە داواکارییەکانیان، لانی کەم تا ئێستا، قەڵەمبازێکی مەزن بووە بۆ بایدن: سڕینەوەی سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان.

سوپای پاسداران بەشێک لە هێزی سەربازیی ئێرانە. بەڵام ئەو هەر وەها بەڕێوەبەری ڕایەڵەیەکی نێونەتەوەیی لە تاقمە تێرۆریستییەکانیشە. سوپای پاسداران ڕێکخەری بەخێوکردن و ڕاهێنانی حیزبوڵڵا، جیهادی ئیسلامیی فەلەستین، بەرەی گەلیی ڕزگاریی فەلەستین، حەماس و تێرۆریستەکانی حوسییە و بەرپرسی تاوانە جۆراجۆرەکانیانە.

ئەو هەروەها ڕێژەیەکی لە ئەژمار نەهاتووی شارۆمەندانی ئێرانی کە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی دەوڵەتەکەیانەوە هەستاون، کوشتوە. دەسەڵاتی سوپا هەروەها بەشێک لە ئابووریی ئێرانیش دەگرێتەوە کە ئەوی کردۆتە تیغەرەی پشتی سەرەڕۆیی ئایینی.

بەڵام تا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، ئەمریکا خۆی لە دانی مۆرکی تێرۆریستی لە سوپای پاسداران دەبوارد چونکە دەیهەویست پێوەندییەکی باشتری دەگەڵ تاران هەبێ. لە کاتێکدا کە ئابلۆقەی دیکە خراونە سەر سوپای پاسداران و ڕێبەرییەکەی، دستنیشان‌کردنەکەشی وەک تێرۆریست بایەخێکی سیمبۆلیکی مەزنی هەیە. دەستنیشان‌کردنەکە ئاشکرای دەکا وڵاتە یەکگرتووەکان فریوی هەوڵەکانی ئێران بۆ لێک‌جیاکردنەوەی ئەو تاقمە یان بەناو باڵی سەربازییەکەی لەو ڕێژیمەی خزمەتی دەکات، ناخوا. بێتوو لە لیستەکە بیسڕنەوە، ئەوە زۆرتر وەک داکۆکی لە هەوڵەکانی ئێران بۆ خۆ دەربازکردن لە چالاکییە تاوانکارەکانیەتی. ئەوە بەو مانایە دەبێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانییەکی لەمەڕ هەوڵە بەردەوامەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و سەپاندنی هێژمۆنیی خۆی نییە.

تا ئێستا سەرکۆمار جۆ بایدن، بە پشتیوانیی باڵی ڕیفۆرمخوازی حیزبەکەی، خۆ لە بەرانبەر داوای هەڵگرتنی مۆرکی تێرۆریستی لەسەر سوپای پاسداران ڕاگرتوە. ئەو تێ دەگات، چونکە وێدەچێ هاوپەیمانە پێشکەوتنخوازەکانی تێ نەگەن، کە هەڵوێستێکی ئەوتۆ وەک ژێستێک دەچێ کە خەڵکی ئەمریکا وەک لاوازیی و بێتوانایی لەمەڕ وەستانەوە دژی دوژمنانی وڵات و ڕێژیمە سەرەڕۆیەکان لێکی دەدەنەوە.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر حەوتوویەک، هاواری ناڕەزایەتی لەبارەی ئەو بڕیارە لە لایەن پێشکەوتنخوازەکانەوە بەرزتر بۆتەوە و، بۆ تووڕەیی ئەوانی هیوادارن بایدن لەسەر بڕیارەکەی پێداگر بێ، تەنانەت پلەبەرزترین کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیەکە باسی دوودڵیی خۆیان لەمەڕ پاراستنی ئەو هەڵوێستە دەربڕیوە.

بۆ وێنە، کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوە ئانتۆنی بلینکن لەو دواییانەدا لە کۆنگرە شایەتیی لەبارەی وتووێژەکانی ئێران دا، بووە مایەی نیگەرانیی هەردوو لایەن. ئەو کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرەی دڵنیا کردەوە کە تا ئێران ئاکاری خۆی نەگۆڕێ، مۆرکی تێرۆریستیی هەڵناگیرێ. ڕەنگبێ بە وەستاندنی چالاکییە تێرۆریستییەکانی کە بوونە بەشێکی دانەبڕاو لە سوپای پاسداران لە سەرەتای دامەزرانییەوە ماوەیەکی کورت دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە لە ١٩٧٩. بەڵام، ئەو درێژەی پێ دا و گوتی کە بە بڕوای ناوبراو مۆرکلێدانەکە بێ سوود بووە.

خەڵکی دیکە لە بەرەی چەپ ئەو گوتەیان دووپات کردۆتەوە، لە ناویاندا مەت داس، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی سەناتۆر بێرنی ساندرز (سەربەخۆ لە ڤێرمۆنتەوە) کە گوتی بە درێژەپێدان بە هێشتنەوەی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستان‌دا، بایدن لە داوێک کەوتوە کە ترامپ بۆی نایەوە تا بووژاندنەوەی بەرجام دژوارتر بکات. بەڵام لەنێو دەنگ بەرزترینەکان دژی دستنیشان‌کرانی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی، جوولەکە ئەمریکاییەکانی ڕەخنەگری ئیسرائیلن.

لۆبیی چەپڕەوی جەی ستریت زۆر دەخوازێ سوپای پاسداران لە لیستەکە بێتە دەر و دەلیلی هێناوەتەوە کە بایدن هەڵەیە بێتوو وا بیر بکاتەوە ئەو تێچوویەکی سیاسی بۆ ئەو بڕیارە دەدا. وتاربێژی دژە زایۆنیست، پیتر بەینارت لە "نیویۆرک تایمز"دا نووسیی بە "ترسان لە سیاسەتی" پاکانە بۆ سوپای پاسداران، بایدن "لە ئەمینترکردنی دنیا" شکست دێنێ. بە تایبەتی ئەو هۆدانە گەلێک مەترسیدارە. ڕێککەوتنێکی نوێ دەگەڵ ئێران بە کردەوە دنیا کەمتر ئەمین دەکات، چونکە بە هیچ شێوەیەک پێش بە ئێران ناگرێ تا دەستی بە چەک ڕابگات، بەرجامە ڕەسەنەکە و شێوەیەکی لاوازتری ئەو بە کردەوە زەمانەتی ئەوە دەکەن کە ئێران دوای تەواوبوونی کاتی مەرجەکان، پاش چەند ساڵ بومبێکی دەبێ. لە هەمان کاتدا، ئەو دراوەی لە هەڵگیرانی ئابلۆقەکان دەستی دەکەوێ و زانیاریی ئەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشت لە بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ئیسرائیل و هاوپەیمانە عەرەبەکانی دەکات، ئێران مەترسیدارتریش دەکات. کەوابوو، بۆچی جەی ستریت و هێندێک لە هاوپەیمانە توندئاژۆ دژە زایۆنیستییەکانی لە بەرەی چەپ وا لیبڕاوانە بە نوێنەرایەتیی سوپای پاسداران لۆبیگەری دەکەن؟

ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خووی خۆڕسکی داکۆکی لە هەر شتێک کە پێوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباماوە هەیە و ڕەتکردنەوەی سیاستە ماقووڵترەکەی ترامپ، کە بە دروستی تێگەیشت درەنگ یان زوو، ڕێککەوتنەکەی سەرۆکی پێشوو دەبێ وەلا بندرێ و جێگرەوەکەی شتێکی توندتر بێ کە بەڕاستی پێش بە توانایییە ناوکیە پەرەئەستێنەکانی ئێران بگرێ.

ئەو شەرە غەریزە حیزبییەکان ئاشکرا دەکا، کاتێک تێکەڵی بێوازیی بەرانبەر بە بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ئیسرائیل بکرێ، کە بۆتە هۆی حەزی دەنگدەران، تەنانەت لە نێو جوولەکان کە دەیانهەوێ سیاسەتێک ماقووڵ نیشان بدەن کە دەبێتە هۆی ئەوە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەک دابڕێژێتەوە کە ببێتە هۆی دوور کەوتنەوە لە هاوپەیمانە نەریتییەکانی و نزیکایەتی لە ئێران.

گەلۆ ئەوان سەردەکەون؟ پاڵەپەستۆی سەر بایدن بۆ نەرمی نواندن بەرانبەر سوپای پاسداران، بە یارمەتیی ئاماژەکانی ئێرانییەکان کە بێتوو ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆ نەکرێ، ئەوان هێندەی دیکەش لە دۆخی تێپەڕین لە لێواری بەناوکی‌بوون نزیک دەبنەوە. ئەوان کە پێشووتر بە بلۆف سازشی گەلێک زۆرتریان دەستەبەر کردوون، تاران هەموو هاندەرێکی هەیە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوان لە کۆتاییدا سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆر دەردێنن و، هەر وەک ڕابردوو، ویستی تاقمە جوولەکەکان بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەو پرسە، وێدەچێ یەکلاکەرەوە بێ.

ئامادەیی تاقمە جوولەکەکان بۆ خۆگێل‌کردن لەوە ڕاستییە کە ئەو یەکەیە، کە لە ڕشتنی خوێنی ئەو هەموو جوولەکەیەدا دەستی هەبووە، تێرۆریست نییە، کارێکی قیزەوەنە. مرۆڤ بیر دەکاتەوە کە ڕەواییدان بە سوپای پاسداران تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە ئەفسانەی وەستاندنی بەرنامەی ناوکیی ئێران لەلایەن ئۆبامای و کشانەوە ترامپ لە ڕێککەتنەکە بووە هۆی گەشەکردن بەرەو بۆمبێک، شوورەییە. هەرچەند ئەو تاقمانە حەز دەکەن وا بنوێنن کە "لایەنگری ئاشتین،" ئەوەی ئەوان لە هەموو شتێک مەیلیان لێیە لاواز کردنی ئیسرائیل و بەهێزکردنی ئەو دوژمنانەیە کە بە کردەوە سوێندیان خواردوە ئیسرائیل لەنێو بەرن. هەمان شت پێشکەوتنخوازە جوولەکەکان وەک ماڵی، کە یەکێک لە دەستڕۆیشتووترین پلەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەدستەوە، دەگرێتەوە.

بەو مانایە، مشتومڕ لە بارەی سوپای پاسداران بایەخێکی سیمبۆلیکی ئەوتۆی هەیە، بەپێچەوانەی دوودڵیی بلینکن، کە ئاشکرای دەکات هیچ پاشەکشەیەک بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕادەبەدەر سەرشۆڕانە نییە کە نەیانهەوێ پشتگیریی لێ بکەن تا ئەو کاتەی وەک یارمەتیدان بە ئێران و زەرەر گەیاندن بە ئیسرائیل بێتە بەرچاو.

# بزووتنەوەی خوێندکاری لە چاوگەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا

## (بزووتنەوەی خوێندکاری وەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نوێ)

### (١-٢)

شـاهۆ مەتین

بزووتنەوەی خوێندکاری بەهۆی بەردەوامی و مانـەوەی لـە کـاتـدا، بۆتـە بەشێک لـە هـزری گشتی، دامەزراوەیەکی سیمبولیک و نادیار کە تەنانەت لە بارودۆخی زۆر سەختدا و نەبوونی ڕێکخراوەی خوێندکارییش، لـە وەچـەیـەک بۆ وەچەیەکی تر گوازراوەتەوە و هیچ دەسەڵاتێک لەنێو سـەدەی ڕابـردوودا نەیتوانیوە ڕوح و ماهییەتی بزووتنەوەی خوێندکاری لەنێو ببات. ئەوەی ئەمڕۆش لە زانکۆکان و کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا دەگوزەرێ، دەرخەری ئاڵوگۆڕێکی هـزری و کۆمەڵناسانەیە کە لەگەڵ ڕابـردووی خۆی زۆر جیاوازە.

بزووتنەوەی خوێندکاری لە شکڵی سەرەتایی خۆی لە کوردستان لەنێو ئەو لاوانەی کە بۆ زانست چوونە زانکۆ بێچمی گرت و دەستە خوێندکارییەکان سـەرەڕای ڕێژەی کەمیان بەڵام بەشێکی گرینگ لە ئاڵوگۆڕی بەستێنی فەرهەنگی و سیاسیی ئەو کاتی جڤاتی کوردستان بوون. کۆمەڵگەی پڕ لە کڵپەکڵپی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی و ڕۆڵی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران دەرخەری ئەم ڕاستییە کە، کاریگەریی بزووتنەوەی خوێندکاری و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی کۆمەڵگەدا زۆر بەرجەستەیە. تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێت بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان یەکێک لەو بزووتنەوە شوناسخواز و چالاکەیە کە بە هاودەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان (حیزبەکان) بە زێهنییەت و کارکردێکی ڕۆژهەڵاتتەوەرانە دەیهەوێ ماف و ئازادییەکان وەدی بێن و کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار، ئـازاد و دێموکراتیک چێ ببێت.

دەیەی ١٣٤٠ی هەتاوی دەسپێکی قۆناغێکی نوێ بوو بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزووتنەوەی خوێندکاریی ئەم دەورەیە بە هاوپەیوەندی و هاوفکریان لەگەڵ بزووتنەوی خوێندکاریی جیهانی و بە کوردستانیکردنی ئایدیا و ئەندێشەی ڕزگـاریـخـوازیـی جیهانی، بوونە پێشەنگانی خەبات دژی دیکتاتۆریزمی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران کە سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی، پێشڕەوانی ئەم هزر و تێکۆشانە پڕ لە سەروریەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بەمجۆرە سەرەتا بەهۆی خەفەقان و مڵهوڕیی ڕێژیمی پاشایەتی و داخراوبوونی فەزای گشتیی کۆمەڵگە، نـاوکـی سـەرەکیی چالاکیی گرووپە سیاسییەکانی (خەباتی چەکدارانە) بۆ نێو زانکۆ دەگوازرێتەوە و لە ئاکامی ئەم بەرپرسیاریەتییەدا بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد حەماسەی وەک جووڵانەوەی چەکداریی (١٣٤٦-١٣٤٧ ) دەئافرێنێ.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی خوێندکاران لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سـەردەمـن. لە کۆمەڵگەی کـەونـارا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یا هەر نەبوون، یان ئەگەر بشبووبێتن زۆر کەم بوون. هەرچەند لە کۆمەڵێک جڤاتی وەرزێریدا سەرهەڵدان و ڕاپەڕین ڕووی داوە بـەڵام بۆ مـاوەیـی و خێرا بـوون، هاوکات لە کۆمەڵگەی شارنشینی و پیشەسازیدا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە سەرنجدان بە ڕێژە و جۆراوجۆرییان بەشێک لە ڕێکخراوەی کۆمـەڵایـەتـین، لـە کـۆمـەڵـگـەی سـەردەمـیشـدا بـزووتـنـەوەی کۆمەڵایەتی هـەم هـۆکـار و هـەم ئاکامی تۆمارکردنی مێژوون.

بـەکـارهـێـنـانـی چـەمـکـی "بـزووتـنـەوە کۆمەڵایەتییەکان" لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لـە ئـوروپـای ڕۆژاوا، داکـەوت و یەکێک لە سەرەتاییترین باسە ڕێکوپێکەکانی ئەم هزرە لە کتێبی "لۆرێنس فوون ئێشتاین" بە ناوی "مێژووی بـزووتـنـەوە کـۆمـەڵایـەتییەکان لـە فـەڕانسـەی (١٧٨٩) تاکوو ئەمڕۆ"دا شی کراوەتەوە کە تێیدا شۆڕش بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی زۆرتری کۆمەڵایەتی شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ کـراوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناسەیەکی تردا بریتییە لە هەوڵدانی گشتی بۆ بەرەو پێشبردن یا بەربەرەکانی کردن لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕەکان لەنێو کۆمەڵگەدا کە خۆیان بە بەشێک لەم ئاڵوگۆڕە بە ئەژمار دێن. لە ڕەهەندی بنەمایی و هزرییشەوە، بـزووتـنـەوەی خوێندکاری سەنتێزێک لە سێ کۆچەمکی بـزووتـنـەوەی کـۆمـەڵایـەتی، ڕەوتـی ڕووناکبیری و ڕەوتی ڕابوو لە چینی نێوەڕاستی نوێیە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین.

### بزووتنەوەی خوێندکاری وەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نوێ

لـە بـاسـە زانستییەکان لـەسـەر بـزووتـنـەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، یەکەم شت کە دەتوانین بچینە سەری بزووتنەوە خوێندکارییەکانە. بە خوێندنەیەکی تر لە زنجیرە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە لە دەیەی (١٩٦٠) دەستی پێ کرد، بزووتنەوەی کـۆمـەڵایـەتـیـی خـوێـنـدکـاران یـەکـەم ئـەڵـقـەی دامـەزراوەی ئەم خەباتە بوو و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لە مانگی مەی (١٩٦٨ ) بەم لاوەیە کە بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە ئوروپا، بە تایبەت لە فەڕانسە دەست پێ دەکەن و بزووتنەوی ژنان، ژینگەپارێزی، ئاشتی، ڕاستیستی و... بـەدوودا دێت.

چـالاکـی و هـەوڵـدانـی گشتی بـۆ ئـاڵـوگـۆڕ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک خەسڵەتی گشتی و تایبەت بە خۆیان هەیە:

**یەکەم**، ئەم جووڵانەوە گشتییە لە ڕایەلکەگەلێکی پـەیـوەنـدیـی نـاڕەسـمـی لـە نـێـوان تـاکـەکـان، گرووپەکان یا ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانە شکڵ دەگـرێ. "سیدنی تـارو" پێی وایـە بـزووتـنـەوە کۆمەڵایەتییەکان لە فۆڕمی تاک و تاکیدا ڕوو نـادەن، بـەڵکوو پـاژێـک لـە شـەپۆلێکی گشتیی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانن کە تێکرا بە هۆی کۆمەڵێک ڕووداوی پێشبینینەکراو خێرایی وەردەگـرن و لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا، دەرفەتە سیاسییەکان ئاسان دەکەن."

**دووەم**، لـەسـەر کـۆمـەڵـێـک هـاوبـەشـی لە بـاوەڕمـەنـدی و ئێنتیماکان بنیات نـراوە. ئەو بابەتە هۆکاری شکڵگرتنی شوناسی گشتی بۆ یاریکەرانی گشتییە و سەرجەم پێکهێنەرانی ئەم یاریە گشتییەش لە درێژماوەدا بە بزووتنەوەیەکی تەواو یەکدەست دگۆڕدرێت. بە بڕوای "چارلێز تیلی"، بـزووتـنـەوەی کـۆمـەڵایـەتـی "کـردارێـکی ژێرمەندانە، ئامانجخوازانە و ڕێکخراوە".

**سێهەم**، کـرداری هــەرەوەزی لە بزووتنەوە کـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـانـدا لـەسـەر پـرسـە سیاسـی، کۆمەڵایەتی یا فەرهەنگییەکان پێداگری دەکات کە: ئەم هەڵوێستە بەو هۆکارەیە کە یاریکەرانی بزووتنەوە لە هەوڵی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدان، چ لـە ئـاسـتـی ڕێـکـخـراوەیـی و چ لـە ئـاسـتـی ناڕێکخراوەییدا. لێرەدایە کە پەیوەندی نەیارانە لە نێوان ئـەوان و ئەوانی تـردا کە ئەوانیش لە هەوڵی کۆنترۆڵی پرسی هاوچەشنن دێتە ئاراوە و تێکهەڵچوونی لێ دەکەوێتەوە. لێرەدایە کە "مایر زاڵد و مەک کارتی" بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە "کۆمەڵێک لە بڕوا و بایەخ کە ڕەنگدانەوەی مەیل بۆ ئاڵوگۆڕ لە بەشی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یا دابەشکردنی هەڤیازی کۆمەڵایەتی" پێناسە دەکەن.

**چوارەم**، ئەکتەران و چالاکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ناڕەزایەتییەکان، بەتایبەت ناڕەزایەتی گشتی بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی خۆیان کەلک وەردەگرن.

**پێنجەم**، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگری ئیدۆلۆژیی تایبەت بە خۆیانن کە بایەخ و ئامانج دیـاری دەکـەن و جۆرێک چەمکی یەکگرتوو بۆ ڕاڤەی ئەزموونەکان و پێشهاتەکان دابین دەکەن.

**شەشەم**، لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەڵێنی و ناچارکردنی تاک بە بزووتنەوە، مەبەست و ئیدۆلۆژیی بزووتنەوە لە ڕێگەی چالاکییەکان یا ئەزموونەکان ەەدەست دێت و بەمجۆرەیە کە شوێنی تاک لە ڕێکخراو دیاری دەکرێ و ئەوان بە بایەخەکان، بەڵێنییەکان و کرداری نوێ ئاشنا دەبن.

**حەوتەم**، نەیارانی بزووتنـەوەیەک ئیمکانی هەیە ڕاستەقینە یا دەستکرد بن کە بۆ بانگەشە و گەشەی بزووتنـەوە پێویستن. ڕکەبەرەکان هۆکاری یەکگرتوویی و یەکدەنگی و وەئەستۆ خستن و ڕوو لەگەشەیی بزووتنەوە دەبن.

**هـەشـتـەم**، جـووڵانــەوەی گشتیی سیاسی لـە بـزووتـنـەوە کۆمەڵایەتییەکاندا یـا ئـارام و ڕیفۆرمخوازانە، یا ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیە.

لە ئاکامدا دەتوانیین وای دانیین کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، سـاڵانێکی زۆر بـە شێوەی ڕیفۆرمخوازانە بەردەوام دەبن و هیچ کات حاڵەتی شۆڕشگێری بە خۆیانەوە ناگرن یا بەپێچەوانە، دەتوانیین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی دیکە وێنا بکەین؛ کە لە مـاوەی ژیانی خۆیدا ڕادیـکـاڵ و حاڵەتی شۆڕشگێریی هەبێ. بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەوڵی ئاڵوگۆڕدان، بەڵام یەکیان بە ڕێگەی ڕیفۆرم و لەوی تریاندا بە شێوەی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕی.

**(بەشی دووهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوودا)**

---

دارسمە

دەنووکێ لە سمین ناپارێزێ

# "دڵداریدەرمانی" شێوازی نوێی چارەسەری هەموو کێشانە

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت "لە کۆتەرەدار ڕەویەوە بەسەر بەرازدا کەوت". ئەم پەندە لە خۆمان یانی لەمن و لە تۆ و هەموو ئەوانی دیکە ڕووی داوە.

ماوەی چەند ڕۆژێکە لە ئێران زیاتر لە جاری جاران نان چووەتە پشتی شێران و برسیەتی فرە هێرشی هاوردووە. هەر لەبەر ئەمەشە خەڵکی ئێران شەوانە خەریکن لە شار و بازاڕان خۆیان پێشان دەدەن، یانی شەوانە خەریکی خۆپێشاندانن.

خۆپێشاندانی شەوانە چەند هۆکارێکی هەیە. یەکیان ئەمەیە خەڵک بە ڕۆژ بە دوای نانڎا دەدەگەڕێن و ئەگەر دەستیان کەوێ لە شوێنێک دەیدۆزنەوە، گوێی دەگرن و دەیهێننە ماڵەوە و بە دزیی دەروجیران و دوور لە چاوی میوانی سەربەخۆ پارچە پارچەی دەکەن و دەیخەنە گووپی ژن و منداڵی برسییانەوە.

یەکی دیکە لە سوودی زۆری خۆپێشاندانی شەوانە ئەمەیە شەوان زۆربەی کووچە و کۆڵانی شاران تاریکن و خۆپێشاندەران باشتر دەتوانن لە پەسیواندا خۆ لە ڕاوەدوونان و گرتنی هێزی تازەناوی "فەراجا" بپارێزن.

یەکێکی دیـکـەی هـۆکـاری خۆپێشـانـدانـی شـەوانـەش کۆتاییهێنان بە شەودانیشتنی هەتا درەنگانە. شەودانیشتن لە ماڵاندا تام و چێژی جارانی نەماوە. هەتا ئەم دواییانە باش بوو خەڵکەکە لە ماڵەوە هەرکەس بە مۆبایلی خۆیەوە خەریک دەبوو، بەڵام ئێستا بە گەدەی بەتاڵ و ترسی نەبوونی نانی سبەی سەیرکردنی تۆڕ و مۆڕی کۆمەڵایەتیش تاموچێژی جارانی نەماوە و ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانەیە ژن و پیاوی ماڵەوە شەوان دەچنە خۆپێشاندان و چوون بۆ خۆپێشانانیش هەر هیچ نەبێ دوو سوودی بەرچاوی دیکەی هەیە: یەکیان ڕاکردن لەدەست پرتەوبۆڵەی ئەوانی دیکەی نێو ماڵەوە و ئەوی دیکەش خەوی بەیانیەکەیە و دەکرێ بڵێی هەتا درەنگانی شەو لە خۆپێشاندان بوومە و ئێستاش ئەگەر بە ڕۆژ کارم نەبێت، خەوتن زۆر باشترە و بۆ خۆپێشاندانی شەوی داهاتووش وزەیەکی باشترم دێتەوە بەر.

ئەم هەوڵ و جووڵەی خەڵک لە کاتێکدایە هەڵسوڕێنەرانی کۆماری ئیسلامی دوای ئـەوەی بە حیساب و کیتاب و لێکدانەوەی پارە و داهاتی پاشکەوتکراوی خۆیان ڕاگەیشتن، بیر لە دەنگ نەهێنانەوەی حیزبوڵڵای لوبنان و سەرنەکەوتنی چوارچێوەی هەماهەنگی لە عێراق و دەرچوونی هێزی چەکداری ڕووسیە لە سووریە دەکەنەوە. بەرپرسانی پلەباڵای مەملەکەتی ئیسلامی شوکرانەبژێرن دەبینن خۆیان پێداویستییەکی ئەوتۆیان نییە و ماڵ و منداڵیان لێرە و لە هەندەران تێر و تەسەلەن. خودی جەنابی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەمشەو بیری لە قسەی ڕۆژی ڕابردووی شای ئۆردۆن دەکردەوە. شای ئۆردۆن دوێنێ گوتبووی هێزی چەکداری ڕووسیە باشووری سووریە جێدەهەڵێن و چەکدارانی سەر بە ئێران و حیزبوڵڵا جێگەیان دەگرنەوە. ئێستا جەنابی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی تێدا ماوەتەوە، ئاخۆ جارێ بە شێوەی کاتی سەبارەت بە باشووری سووریە و پێوەبوونی چەکدارانی لەوێ و سەرنەکەوتنی جەماعەتی خۆی لە پێکهێنانی کابینەی عێراق پیشان بخواتەوە، یان بۆ گەرمکردنەوەی ئاگری شەڕی هەموو ناوچە بە حووسیانی یەمەن بڵێ ئاگربەستیان لەگەڵ سعوودیە بشکێنن؟

ڕێبـەرانی بـەمشـووری ئـەم وڵاتـە شێوە پشیلەیە، وەنـەبـی بیر لە خەڵکی نێوخۆش نەکەنەوە. هەر لە دوو سێ ڕۆژی ڕابـردوودا بەرپرسانی موحتەرەم بە تایبەت لەنێو هەزارەزیلەی پایتەخت، بۆ پێشگیریکردن لە سەرهەڵدانی خۆپێشاندان، بە بیانووی خۆڵبارین لە هەموو قوتابخانە و زانکۆ و ئیداران پشووی ڕەسمییان ڕاگەیاند. لە کاتێکدا بۆ ڕۆژی دووهـەم هـەوای تـاران پاک و خاوێن بۆوە، پشووی ڕاگەیەندراو هەروا بەردەوام بوو، لەبەرئەمە بوو کەوتینەوە بیر ئەم بەسەرهاتە: "دەگێڕنەوە لە جادەیەک ئۆتوبووس لە پێچێک سـوڕایـەوە و کوڕێک لە تەنیشت خانمێکەوە بە بیانووی نەمانی هاوسەنگی شانی هاویشتە سەر شانی خانمەکە و کەمێک پێ چوو ئۆتووبووس ڕاستەڕێ بۆوە، بەڵام کوڕە هەر شانی لەسەر شانی ژنە بوو. خانمەکە دەستێکی گەیاندە شانی کوڕە وگوتی، کاکە ڕاستەوە بە، خۆ دەمێکە پاسەکە ڕاستەڕێ بووەتەوە."

لە لایەکی دیکەوە خۆپێشاندەران و خەڵکی داماو جاروبار بەردی لە دەستدانی کوڕەکەی ڕەزاشـا لە ئەژنۆ دەدەن و دەڵێن "ڕەزاشا ڕوحت شاد". لێردا نازانم مەبەستیان بیرهێنانەوەی پەندی "ڕەحمەت لە کفندزی پێشووە" یان خەریکن جارێکی دیکە "لـە کۆتـەرەدار دەڕەونە و بە سەر بەرازدا دەکەون"؟

ژنانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپێشاندانان دەستپێشخەرییەکی باشیان کردوە. ئەوان دەزانن ئەم خۆپێشادانانە بە هۆی برسیەتیەوە سەریان هەڵداوە. لە ئاکامدا پێشنیاریان کـردوە ژنـان لە نێوماڵی خۆیاندا بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی ئەم کێشەیە خۆی لێهەڵماڵن. ژنانی نزیک لە حـەوزەی خویندن و ماموستایانی فێرگەی ئیسلامیی قوم دەڵێن پێویستە ژنان شەوانە لە ماڵەوە زیاتر دڵداری لەگەڵ پیاوانیان بکەن و بە ئەویینداری و خۆشەویستی، برسیەتی و نەدارییان لەبیر بەرنەوە. کەسیش نییە چەپڵە بۆ ئەم ژنانە لێ بدا و بڵێت هەی چاوی سەرم بن! خۆ بەم ڕێنوێنیەی ئێوە فەرمایشتی میرزا خواجە عەلیش جێبەجێ دەبێ و ئەوانەی شەوانە بەم "شیددەت"ە دڵداری دەکەن، وەچەی زۆرتریان لێ دەکەوێتەوە ئوممەتی شەهیدپەروەری ئێرانیش لە پیری ڕزگارییی دەبێ.

---

درێژەی لاپەڕەی ٧

# کارتێکەریی لەشکەرکێشیی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین لەسەر نەزمی جیهانی

و هەم کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە تا ئێستا نەیانشاردۆتەوە کە چـاوی تەماحیان لە خاکی دەوڵـەتـان و نەتەوەکانی دیکـەی ئـەو ناوچـەیە و یـەک لــەوان کـورد بـڕیـوە. هـەردووکـیـان بە بەئەمنیەتیکردنی پرسی کـورد ئـەو ئیزنەیان بە خۆیان داوە خاکی دراوسێیەکان -عێڕاق و سووریە- داگیر بکەن. ساڵهایە تورکیە بە بیانووی هەبوونی پارتی کریکارانی کوردستان بەشێک لە خاکی باشـووری کوردستان و چوار ساڵیشە عەفرین و بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستانی سووریەی داگیر کردوە. لەگەڵ ئەوەی شێوازی داگیرکاریی کـۆمـاری ئیسلامی لـەگـەڵ تورکیە جیاوازیی هـەیە، بە چەشنێک کە کۆماری ئیسلامی زیاتر هەوڵی ئەویە لە ڕێگای هێزە نیابەتییەکانەوە سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچە بهێنێتە ژێر ڕەکێفی خۆیەوە، بەڵام دەکرێ بڵێن لە نێوەڕۆکدا ئامانج و مەبەستی هەردووک لایەن هەر یەکە. ئەوەش کە کەی کڵاوی ئەو دووانەش -تورکیە و ئێران- لـەسـەر فراوانخوازییەکانیان لە نـاوچـەدا تێک دەگیرێ، جارێ ڕوون نییە، بەڵام مادام هەردوک لا لەسەر ئەو سیاسەتەیان بەردەوام بن، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر تێک دەگیرێن.

ئێستا بە سـەرنجدان بـەو کەڵەوەکێشییانەی ڕووسیە لە ئاستی جیهان بۆ شێواندنی نەزمی ئارایی دەیکا و چینیش بە جۆرێک پشتیوانیی لێ دەکا و، بە سەرنجدان بە کشانەوەی ڕێژەیی سەربازیی ئەمریکا لە ڕۆژهـەڵاتـی نێوەڕاست و جیهاندا، دەست بۆ تەڕاتێنی زیاتر کۆماری ئیسلامی و تورکیە لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و مەسەلەی کورد بە تایبەتی ئاوەڵاتر دەبێت. هەربۆیە لەو قۆناغەدا گرینگە کە کورد و هێزە سیاسییەکانی زۆر لە جاران زیاتر خەم لەو پرسە هەستیارە بخۆن و لەو بارەوە دوو ئەکی بنەڕەتییان دەکەوێتە سەرشان:

ئەرکی یەکەم ئەوەیە کە سـەرەڕای جیاوازیی بـیـروبـۆچـوون و جـیـاوازیـی دۆخـی سیاسیی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتری، پێویستە جـووڵانـەوەی کـورد لە هەموو سەردەمێکیتر یەکگرتووتر و تۆکمەتر بێت. ئەرکی دوهەمیش ئەوەیە هێزەکانی نێو جووڵانەوەی کورد هیچ بـەیـانـوویـەک نـەدەن بـە دەسـت دوو دەوڵـەتـی فراوانـخـوازی تورکیە و کـۆمـاری ئیسلامی کە لەشکرکێشی بۆ سەر خاکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکا و خاکەکەیان داگیر بکا .

***

# وەڵانانی هاوبەشە سیاسییەکان لە بازنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا



ڕەزا دانشجوو

تیرۆر، کوشتن و زیندانیکردنی نەیارانی کۆماری ئیسلامی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە تەنانەت پێش سەقامگیربوونی ئەم ڕێژیمە. لە ڕاستیدا ئەم وشانە لەگەڵ بیرۆکەی سازبوونی کۆماری ئیسلامی لەدایک بوون وبەشێکی جیانەکراوەی ژیانی سەراسەر ڕەشی ڕژێمی ئاخوندین. وەک تەواوی حکوومەتەکانی دیکتاتۆر و دژی مرۆڤایەتی، سیاسەتی کوشتن و زیندانیکردن تەنانەت ئۆپۆزیسیۆن و نەیارانی نەگرتۆتەوە و زۆرجار کەسانی پێوەندیدار و نۆکەرانی ڕێژیم کەوتوونەتە بەر قین و غەزەبی دیکتاتۆر. بێدەنگکردن و حەزفی فیزیکیی بەشێک لە کەسانی زۆر شوێندانەر لە ساڵەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧، یان لە چەند ساڵی سەرەتای کۆماری ئیسلامی دەسپێکی ئەم مێژوو ڕەش و تاریکەن، لە مردنی گوماناویی "تاڵەقانی" تا تیرۆری "بەهەشتی"، "ڕەجایی" و "موتەهەری" هەموو بەشێک لەم سیاسەتە چەپەڵەن. هەرچەندە پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی هەمیشە تێکۆشاوە ئەم کارە بخاتە سەر شانی تاقمێک گرووپی نەیار وەک "موجاهیدینی خەڵق" یان "فورقان"، بەڵام ڕۆڵی خامنەیی و هاشمیی ڕەفسەنجانی لەم پاکتاوە حیزبییەدا بەئاشکرا ڕوون بۆتەوە و بەبێ یارمەتی ئەوان ڕەنگە هیچ کام لەوانە ڕووی نەدابا.

لە مەجبوورکردنی "بازەرگان" بە دەستلەکارکێشانەوە تا لابردنی "بەنی سەدر"، یەکەمین سەرۆککۆماری ڕێژیم تا دوورخستنەوە و خانەنشینکردنی "مونتەزیری"، جێگری ڕێبەری، بەباشی نیشانی دا کە لای دیکتاتۆر و ڕێژیمی دیکتاتۆری هەر کەسێک تا کاتێکی دیاریکراو دەبێ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و مانەوە لە دەسەڵاتدا تەنیا بە لەناوبردن و دوورخستنەوەی کەسانی دیکە دەبێت.

دوای مردنی خومەینی و هاتنەسەرکاری خامنەیی، ئەم سیاسەتە زۆر زیاتر لە ڕابردوو درێژەی پێ درا و کەڵکی لێ وەرگیرا. خامنەیی بە دەرسوەرگرتن لە ساڵەکانی ڕێبەریی خومەینی و بە ئاگاداربوون لەو ڕاستییە کە ئەو پێگەی خومەینیی لەنێو لایەنگرانی کۆماری ئیسلامیدا نییە، بە دوورخستنەوەی تەواوی ئەو کەسانەی کە پێش خامنەیی لە کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بوون یان لەلایەن خومەینییەوە ڕێزیان لێ گرابوو، زۆر زوو دەورووبەری دەسەڵاتەکەی لەو کەسانە چۆڵ کرد. "مووسەویی ئەردەبیلی"، "مووسەویی خۆئینیها"، "میر حوسێن مووسەوی" و ... تا "هاشمیی ڕەفسەنجانی"ی ڕەفیقی پەنجا ساڵەی کە هەر بە گێڕانەوەی تەواو ناڕاستی وی بوو بە ڕێبەر، تاقمێک لەم کەسانە بوون کە هەموویان لە لایەن خامنەییەوە وەلا نران.

## بنەماڵەی لاریجانی

هاشم ئەردەشیر لاریجانی ناسراو بە میرزا هاشم لاریجانی لەدایکبووی لاریجان شارۆچکەیەک لە پارێزگای مازەندەران و دەورووبەری شاری "ئامول"ە. سەرەتا بۆ خوێندنی دەرسی مەلایەتی لە تەمەنی منداڵیدا ڕووی لە تاران کرد و دواتر چوو بۆ قوم و لەوێ گەیشتە پلەی ئیجتیهادی شیعە. هاشم لاریجانی دواتر ڕووی کردە نەجەف و ساڵانێک لەوێ نیشتەجێ بوو و لە کۆتاییدا لە شاری قوم مرد. جێگە لە واژۆکردنی چەندین نامە دژی ڕژێمی شا و لایەنگریی لە خومەینی هیچ کات ڕۆڵێکی بەرچاوی لەنێو دارودەستەی ڕێژیمدا نەبوو. پێچەوانەوە منداڵەکانی تەواو لەگەڵ لانیکەم بەشێک لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا تێکەڵاو بوون بە تایبەت لە قۆناغی دوای خومەینیدا بەشێکی جیانەکراوەی دەسەڵات بوون. تێکەڵاوی بنەماڵەی لاریجانی لەگەڵ مێژووی کۆماری ئیسلامی لە چەند بواری جیاوازدا جێی سەرنج و بایەخپێدانە:

یەکەم: بەشداریی پێنج برا هاوکات لە پرۆسەی حوکمڕانیی وڵاتێک و وەرگرتنی دەیان پلەوپۆستی جوراوجۆر، یان بوونی دوبرا هاوکات لە دوو پۆستی سەرۆکی پارلمان و سەرۆکی دەزگای دادوەریی وڵاتێک ئەگەر نەڵێین بێوێنەیە، بەڕاستی زۆر کەم و دەگمەنە. فەریدە فەرەهی، مامۆستای زانکۆی هاوایی و نووسەری نیزیک لە کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ لەگەڵ ئەلجەزیرەدا دەڵێ: "هەرچەند بوونی بنەماڵە لە سیاسەتی ئێران چ پێش کۆماری ئیسلامی و چ ئێستا شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی بنەماڵەی لاریجانی جیاواز دەکا، بوونی پێنج برا هاوکات لە سیاسەتدایە. ئەوان بەباشی دەزانن چۆن خۆیان لەگەڵ بارودۆخی وڵات بگونجێنن تا لە سیاسەتدا بمێننەوە. مارشا بی کۆهێن، مامۆستای زانکۆ لە فلۆریدا دەڵێ: "ئەوەی بنەماڵەی لاریجانی (بۆ لایەنی حوکمڕان) سەرنجڕاکێش و خۆشەویست دەکا توانایی بێوێنەیانە لە خۆڕێکخستن لەگەڵ جەهەتی بایە، ئەوان فێر بوون کە چ بکەن کە لەلای حکومەت هەمیشە باش و بەکەڵک بەرچاو بکەون". گۆڤاری تایم ساڵی ٢٠٠٩ دوای تێکهەڵچوونی نێوان ئەحمەدی‌نەژاد و بنەماڵەی لاریجانی دەنووسێ: "پێنج برا بە موو و ڕیشی کاڵ، بنەماڵەی "کێنێدی"ی نێو سیاسەتی ئێستای ئێرانن کە ساڵانێکە لاقیان لەنێو دەسەڵاتدا قایم کردوە".

دووهەم: ئەگەر تاقمێک تیرۆر و لەنێوبردنی سەرەتای کۆماری ئیسلامی کە بە مەبەستی پاکتاوی حزبی و لە ڕاستیدا بۆ لادانی ڕکەبەر لە کەسانی نیزیک لە خومەینی ڕووی دا، وەلانیین، تەواوی ئەم کەسانەی کە لە بازنەی یارانیی نزیکی ڕێبەر دوورخرانەوە، زیندانی یان خانەنشین کراون لە کاتێکدا بووە کە سەربەخۆ یان پێچەوانەی قسە و ڕاسپاردەکانی ڕێبەری جووڵانەوە و کاریان کردوە. لە"مونتەزیری"، "مووسەوی"، "کەڕووبی" تا "ئەحمەدی‌نەژاد" هەتا ئەوکاتەی بەپێی ڕێنوێنییەکانی ڕێبەری و لە چوارچێوەی دیاریکراودا کاریان کردوە، کەسانی دەستڕۆیشتووی نێو دەسەڵات بوون و تەنیا ئەو کاتە لە بەرچاوی ڕێبەری کەوتوون کە لە بەرانبەر ئەودا ڕاوەستاون. بەڵام ئەوەی کەیسیی بنەماڵەی لاریجانی تەواو جیاواز دەکا ئەوەیە کە ئەوان لە کاتێکدا لە بازنەی یارانی نزیک لە ڕێبەری و پۆستە گرینەکان دوورخرانەوە کە تەواو بەپێی دەستوری ئاغا دەچوونە پێشێ و هیچ کات بەرانبەر جەنابی دیکتاتۆردا ڕانەوەستاون و هەمیشە گوێ لە زاری ئاغا بوون. لە ڕاستیدا لە کارنامەی بنەماڵەی لاریجانیدا جگە لە نۆکەری و خزمەتگوزاری بۆ ڕێبەری هیچی دیکەی تێدا نابیندرێ. هەڵبەت وەک تەواوی کەسانی نزیک لە دەسەڵاتی کۆماری ئێسلامی دزین و ڕاووڕووت وداگیرکردنی زەوی و سامانی خەڵک بۆ بنەماڵەی لاریجانیش ڕێگەپێدراوە و زۆر ئاساییە. لێرەدا وێرای ناساندنی زیاتری بنەماڵەی لاریجانی، ئاماژە بە بەشێک لە داستانی نۆکەری و خزمەتکردنی ئەم بنەماڵەیە بۆ دیکتاتۆری ڕێژیم دەکەین.

### فازڵە لاریجانی

گەورەترین منداڵ و تەنیا کچی هاشم لاریجانی لەدایکبووی نەجەف، پێچەوانەی براکانی هیچ کات بە شێوەیەکی دیار لە نێو سیاسەتدا نەبووە. فازڵە ژنی "موستەفا موحەقیق داماد"ە کە ساڵانێکی زۆر سەرۆکی سازمانی بازرەسی بوو. موستەفا نەوەی شێخ "عەبدولکەریم حائێری" بناغەدانەری حەوزەی قومێیە. میرزا هاشم لاریجانی لە زەماوەندی منداڵەکانیدا دەیەویست لەگەڵ بنەماڵەی ناودارەکان (نزیک لە دەسەڵات) پێوەندی ساز بکات. هەر ئەوەش بووتە هۆی ئەوەی کە لاریجانێکان بتوانن پێوەندێکی بەربڵاویان هەبێت، بە تایبەت لەگەڵ مەلاکانی قوم.

### محەممەد جەواد لاریجانی

کوڕی گەورە و منداڵی دووهەمی هاشم لاریجانی، لەدایکبووی نەجەف، جگە لە نوێنەرایەتیی سێ جارەی مەجلیسی ڕێژیم و جێگری وزارەتی کاروباری دەرەوە، بە ئایدۆلۆگ و بیرداڕێژی لایەنی ڕاستی ڕێژیم دەناسرێ. سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ڕێژیم! لە سەرەتای دامەزرانی تا ساڵی ٩٨ و بناغەداری بنکەی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس لە کارەکانی دیکەی محەممەد جەوادە. پاکانە بۆ ڕێژیم و تێکۆشان بۆ سڕینەوەی کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و بەتایبەت ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە هەر شێوەیەک گەورەترین کار و ئەرکی سەر شانی کوڕە گەورەی بنەماڵەی لاریجانییە.

محەممەد جەواد میوانی هەمیشەیی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییە، گرینگ نییە باسەکە چ بێت، کاتێک بۆ باسکردن لە مافی مرۆڤی ئیسلامی!، زەمانێک بۆ دژایەتی لەگەڵ هاشمیی ڕەفسەنجانی، مووسەوی، خاتەمی، ئەحمەدی‌نیژاد و بەگشتی هەر کەسێک کە دژی قسەکانی ئاغا ڕاوەستا بێ. کاتێک وەک کارناسیی وەرزشی باس لە ئەخلاقی ئیسلامی و پێداویستیی ڕەچاوکردنی لە یاریگاکان و کاتێکیش باس لە فەلسەفەی ئیسلامی لە زانکۆکان دەکا. گرینگ ئەوەیە ئەمرۆ ئاغا باسی چی کردوە و چی دەوێ، ئەوە کاری موحەممەد جەوادە.

### عەلی لاریجانی

عەلی شەش ساڵ لە محەممەد جەواد چکۆلەترە و لە نەجەف لەدایک بووە. عەلی لە سپای پاسداران ڕا هاتە نێو سیاسەت. دوای لابردنی خاتەمی لە وزارەتی ئێرشادی دەوڵەتی هاشمیی ڕەفسەنجانی بوو بە وەزیر و دواتر بە حوکمی خامنەیی بوو بە سەرۆکی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئێسلامی. ئەوە سەرەتای نزیکبوونەی عەلی بوو لە ئاغا و پێشکەوتنەکانی دواتر و وەرگرتنی دەیان پۆستی جوراوجۆر، دەبیری شۆرای ئەمنیەتی میللی، بەرپرسی پەروەندەی هەستەیی و سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم و... .

لەنێو بنەماڵەی لاریجانیدا ڕەنگە هیچ کامیان وەک عەلی لە خزمەتکردنی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا نەبووبێ. کاتێک بە یارمەتیی حوسێن شەریعەتمەداری، سەرۆکی ڕۆژنامەی کەیهان بە سازکردنی بەرنامەی "هویت" و "چراغ" بۆ فشار لەسەر نووسەران و ڕووناکبیران و کەسانی خاوەن بیروڕا و کاتێک بە بڵاوکردنەوەی "کۆنفرانسی بێرلین" بوو بەهۆی دەسبەسەرکردن و زیندانیکردنی تاقمێک لە بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە و فشارخستنە سەر دارودەستە خاتەمی. عەلی هەمیشە و هەموو کات فەدایی ئاغا بووە. لە کاتی ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ بەتەواوی دژی لایەنی بەرامبەر ڕاوەستا. لەکاتی" نەرمیشی قارەمانانە"ی ئاغا بوو بە هۆی ئەوەی کە مەجلیس تەنیا لە پانزدە خولەکدا بەرجام پەسند بکا، دواتر کە بەرجام سەرنەکەوت عەلی و حەسەن ڕۆحانی وەک تاوانبار ناسران و کەس باسی "نەرمێشی قارەمانانەی"ی ئاغای نەکرد! عەلی زاوای "مورتەزا موتەهەری"، مەلای دەستڕۆیشتوو و کەسایەتیی نزیک لە خومەینییە.

### سادق لاریجانی

لە دایکبووی نەجەف و تەنیا کوڕی هاشم لاریجانی کە وانەی مەلایەتیی خوێند و ڕێگەی بابی هەڵبژارد. سادق سەرەتا لە لایەن خامنەیی بوو بە ئەندامی شۆڕای نیگەهبان و دواتر بوو بە سەرۆک دەزگای داد! و لە کۆتاییدا بوو بە سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی باڵای ڕێژیم. گرتن و دەسبەسەرکردنی هەزاران ڕۆژنامەنووس، چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئێعدام و لە سێدارەدانی سەدان کەسی بێتاوان بەشێک لە خزمەتەکانی سادق بە ڕێبەری ڕێژیمە. گردەنشینکردنی تەنانەت کەسانی نێو دەسەڵات وەک "مووسەوی" و "کەڕووبی" بەشێکی تر لە کارنامەی ڕەشی شێخ سادق لاریجانییە. سادق زاوای مەلا وەحید خوراسانی، موجتەهیدی شیعە و کەسایەتی دەستڕۆیشتووی حۆزەی قومێیە.

### باقر

کوری چوارەمی بنەماڵەی لاریجانی لەدایکبووی قوم، تەواوی ژیانی لە پۆستەکانی جۆراوجۆری وەزارەتی تەندروستی ڕێژیمدا کاری کردوە. پێچەوانەی براکانی دیکەی، باقر کەمتر لە میدیا و ڕۆژنامەکاندا بیندراوە. باقر وەک براکانی دیکەی ڕەسمی بنەماڵەی لاریجانی لە هەڵبژاردنی خێزان درێژە داوە و زاوای مەلا حەسەن حەسەنزادەی ئامولی ڕۆحانی ناسەراوی شیعەیە.

### فازڵ

چکۆلەترین منداڵی میرزا هاشم لەدایک بووی قوم، بە بەراوەرد لەگەڵ براکانی زۆر کەم ناوی بیسراوە. باشترە بڵێین تا کاتی نیشاندانی فیلمی بەرتیلوەرگرتنی لە لایەن مەحموود ئەحمەدی‌نیژاد زۆر کەس لە بوونی تەنانەت ئاگاداریش نەبوون. فازڵ ساڵانێک لەژێر سێبەری براکانیدا بەئاشکرا خەریکی دزی و ڕاووڕووت بوو. پاشەبەرەی میرزا هاشم بوو بە پاشنەی ئاشیل و سەرەتای کەوتنەخوارێی بنەماڵەی لاریجانی. هەرچەندە دواتر باسی لێ دەکەین کە هۆی ڕاستەقینەی دوورخستنەوەی بنەماڵەی لاریجانی چی بوو، بەڵام دەتوانێن بڵێین کە فازڵ ڕۆڵی کاتالیزۆری لەم پرۆسەیەدا هەبوو و بوو بە هۆی ئەوەی ئەم دوورخستنەوە زۆر زووتر جێبەجێ بکرێ.

### چێرۆکی دوورخستنەوە

هەروەک گوتمان بنەماڵەی لاریجانی بە کارنامەی سەرانسەر ڕەش و پڕ لە خەیانەتیان، هەمیشە لە خزمەتی ئاغادا بوون. بۆیەش زۆرکەس لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە سادق دەبێتە جێگری ئاغا و عەلی دەبێتە سەرۆککۆماری داهاتوو. کاتێک بە حوکمی خامنەیی سادق هاوکات لەگەڵ سەرۆکایەتیی دەزگای دادوەریی ڕێژیم، سەرۆکایەتیی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی باڵای ڕێژیمیشی پێ سپێردرا، زۆر کەس باسیان لەوە دەکرد تازە بنەماڵەی لاریجانی بە کەس لاناچن. بەڵام بەپێچەوانە ئەمە سەرەتای دوورخستنەوەیان بوو. زۆر زوو سادق لە دەزگای دادوەری دوورخرایەوە، دواتر بە فشارێکی بێوێنە وایان کرد کە عەلی نەوێرێ تەنانەت خۆی بۆ مەجلیسی ڕێژیمیش کاندید بکات! محەممەد جەواد کە خۆی بناغەدانەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ڕێژیم بوو دوای ساڵانێک لە ١٣٩٨ لەم پۆستە لادرا. بەڵام ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نەبوو و نییە. گرتن و دادگاییکردنی "ئەکبەر تەبەری" دوای ساڵانێک لە دادگایەکدا کە زۆرتر لە شۆی تەلویزیۆنی دەچوو بە مەبەستی بێئابڕووکردنی سادق لە مێدیاکانی سەر بە سپا بەشێکی تر لەم چیروکەیە. هەرچەندە خامنەیی لە چەند ڕستەی سادە دوای ماوەیەکی زۆر دڵداریی دایەوە، بەڵام کێیە نەزانێ ئەمە تاکتیکی هەمیشەیی خامنەییە.

سالانێک پێش، کاتێک ئەحمەدی‌نیژاد باسی لە هاشمیی ڕەفسەنجانی و بنەماڵەکەی کرد و بە فەرمانی ئاغا ڕیسوای کردن، خامنەیی لە نوێژی هەینیدا وێڕای ئەوەی پاڵپشتیی خۆی لە ئەحمەدی‌نیژاد دووپات کردووە، لە دوو ڕستەدا دڵداری دا بە ڕەفسەنجانی و گوتی: هاشمیی ڕەفسەنجانی هاوڕێی پەنجا ساڵەی منە!

ڕەنگە کۆتابزمار لە تابووتی بنەماڵەی لاریجانی چێرۆکی بەشداریی عەلی لە دواییترین هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ڕێژیم بێ. لە کاتێکدا بەپێی زۆر سەرچاوەی باوەڕپێکراو، عەلی بە قسەی موجتەبا خامنەیی و بۆ گەرمکردنی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە ڕۆژی کۆتاییدا خۆی کاندید کرد، بەڵام لەلایەن شوڕای نیگەهبانەوە کە سادق یەکێک لە ئەندامەکانی بوو، ناوی لە لیستی پاڵێوراوانی کۆتاییدا نەهات. ئەمە بوو مایەی سەرسووڕمانی زۆر پسپۆڕ و شارەزایانی بواری سیاسی. چۆنکە کارنامەی عەلی لاریجانی جگە لە نۆکەریی ئاغا هیچی تێدا نەبوو. عەلی موتەهەری لەم بارەیەوە دەڵێ:" من لە نەبوونی ناوی خۆم سەرسام نەبووم، ئەوەی ئەمنی زۆر سەرسام کرد نەبوونی ناوی عەلی لاریجانییە کە لە تەواوی ژیانیدا بەپێی قسەکانی ڕێبەری جووڵاوەتەوە."

دواتر خامنەیی دیسان لە چەند ڕستەی کورتدا وەک هەمیشە ئەم جار بێئەوەی بەڕوونی ناوی کەس بێنێ، دڵداری دا بەو کەسانەی کە لەلایەن شوڕای نیگەهبان بنەماڵەکەیان سووکایەتیی پێ کراوە! هەڵبەت تێپەڕبوونی کات نیشانی دا کە هیچ شتێکی تازە لە گۆڕێدا نییە و هەموو شتێک بەپێی دەستوری ئاغا کراوە. دەستلەکارکێشانەوەی سادق لە شوڕای نیگەهبان و باشتر بڵێین دوورخستنەوەی دوای ئەوەی حازر نەبوو بروانامەی سەرۆککۆماریی "ڕەئیسی" واژۆ بکا، تازەترین بەشی ئەم چێرۆکەیە. بنەماڵەی لاریجانی کە کاتێک هاوکات سەرۆکی دەزگای دادوەری، سەرۆکی مەجلیس، سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی باڵای نیزام و دەیان پۆستی گەورەو چکۆلەی تر لایان بوو، ئیستا تەواو خانە نشین کراون.

### هۆکاری دوورخستنەوە

وەک دەگێڕنەوە قەزافی، دیکتاتۆری لیبی دژایەتیی یەکجار زۆری لەگەڵ بەشار ئەسەد، دیکتاتۆری سووریەدا هەبوو. لە دانیشتنەکانی سەرۆکانی وڵاتانی عەرەب، قەزافی بە دیتنی بەشار ئەسەد زۆر تێک دەچوو، هۆکاری ئەم دژایەتیکردنە و ڕق و قینە نە باسی سیاسی بوو، نە پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵات. قەزافی لە تەواوی سەرۆکانی وڵاتانی عەرەب باڵابەرزتر بوو جگە لە بەشارئەسەد، نەیدەتوانی ببینێ کەسێک لەوی باڵای بەرزترە، بەتایبەت ئەوەی کە ئەسەد زۆر جوانتریش و بوو!

ئەمە چێرۆکی تەواوی دیکتاتۆرەکانی دنیایە. هیچ کەس بۆی نییە بە هیچ شێوەیەک لە ڕیزی دیکتاتۆردا بێت. بنەماڵەی لاریجانی بە پێوەندیگرتن بە تاقمێک بنەماڵەی دەستڕۆیشتوو هاتنە نێو ئاڵقەی یارانی ئاغا و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خۆیان لەنێو سیاسەتی ڕێژیمدا بڵاوکردەوە. بوونی بنەماڵەیەکی وەها بەربڵاو لەنێو سیاسەت ا مەترسیی گەورەیە بۆ جێگریی موجتەبا خامنەیی. لەنێو قاموسی دیکتاتۆرەکاندا هەر نۆکەرێک هەرچەندیش وەفادار و گوێ لە زار بێت، ڕۆژێک ماوەی بەسەر دێت. بۆیە بەردەوامیی ژیانی سیاسیی بنەماڵەی لاریجانی مەترسییەک بوو بۆ سەر جەنابی دیکتاتۆر! نابێ ئێزن بیدەی کەس ئەوەندە گەورە بێ کە بتوانێ داواکاریی هەبێت، یان هەست بکا کەسێکە بۆ خۆی، ئاغا تەنیا نۆکەری دەوێ، ئەویش نۆکەری بێدەسەڵات!

***



# گەندەڵی لەنێو گەندەڵیدا


فەریبا ڕەشیدی

بەپێی ئاماری بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بواری گەندەڵیی نێوخۆییدا بە یەکێک بە گەندەڵترین وڵاتەکانی جیهان دادەنرێ. هەر لە سۆنگەی گەندەڵی و سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم لە جومگەکانی دیکەی ئابوورییە کە خەڵکانی ئێران جارێکی تر ڕژاونە سەر شەقامەکان و بە بەرزکردنەوەی دروشمگەلێکی توند بەدژی ڕێژیم و بەتایبەت عەلی خامنەیی (ڕێبەری ڕێژیم) و ئیبراهیم ڕەئیسی (سەرۆککۆماری ڕێژیم)، خوازیاری ئاڵوگۆڕ لەو ڕێژیمەدا بوون.

بەپێی ڕووماڵ و ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنەکانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، ڕێژیمی ئاخوندی هیچ کۆنترۆڵێکی بە سەر بازار و نرخی بازاردا نییە و هەڵاوسان و گرانییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە هەڵکشانە و گوشارێکی لەڕادەبەدەر لەسەر خەڵکانی ئەو وڵاتە و بەتایبەت خەڵکی کەمداهاتی کۆمەڵگەی ئێرانە، هەروەها بارودۆخی ئەو خەڵکە لە هەموو سەردەمێک شپرزەترە و سفرەکانیان لە هەموو سەردەمەکان بەتاڵترن.

د. ئالبێرت بەغزیەن، ئابووریناسی تارانی، دەبێژێ: "دەوڵەتی سێزدەهەم برێنجی ٣٠ هەزار تمەنی وەر دەگرێ و نرخی هەمان ئەو برێنجە دەگەیەنێتە زیاتر لە ١١٠ هەزار تمەن". ڕێژیمی ئێران بەفەرمی نرخی مریشک، هێلکە، شیرەمەنییەکان و خواردەمەنییەکانی تری زۆر زیاتر گران کردوە و، هەر بەپێی ئەو نرخە ڕاگەیەندراوە نوێیانەی خودی ڕێژیم، نرخی کیلۆیەک مریشک گەیشتووەتە نزیک بە ٦٠ هەزار تمەن، ڕۆنی گوڵەبەڕۆژەی ٨١٠ گرەمی گەیشتووەتە ٦٣ هەزار تمەن، کیلۆیەک هێلکە نزیک بە ٤٠ هەزار تمەن، پەنێری بەستەی ٣٨ هەزار تمەن و شیری پاکەتی گەیشتووەتە پانزە هەزار تمەن. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی نێوخۆی ئێران، بەهای هەر دۆلارێک لە سنووری ٣٠ هەزار تمەن تێپەڕیوە.

گەندەڵیی ماڵی و ئابووری لە سەردەمی ڕێژیمی ئاخوندیدا گەیشتووەتە ئاستێکی لەڕادەبەدەر و بارودۆخی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو شڵەژاوی و خراپی دەڕوا و هەروەها دۆخی کۆمەڵگەش زیاتر بەرەو شپرزەیی، ئاڵۆزی و شێواوی دەکشێ و، قەیران لەسەر قەیران، گەندەڵی، هەژاری و نادادپەروەریی زیاتر ئەوکی خەڵک و کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەی گوشیوە.

ئەو گەندەڵییانەی کە لە بانکەکانی ڕێژیم و بەگشتی سیستەمی بانکیی ڕێژیمدا دەکرێ، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاندانی سەرمایەدار و دەستڕۆیشتووەکانی ئێرانە بەرەو گەندەڵی و هەر ئەم هۆکارەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئابووریی بەلێشاو و گەندڵکارانی ئابووری لەو وڵاتەدا. بۆیەشە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم گەندەڵییە بۆ سیستەمی بانکیی هەنووکەی ڕێژیمی ئاخوندی دەگەڕێتەوە.

پەرەگرتنی گەندەڵی لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئاخوندیدا گەیشتووەتە ئاستێک کە تەنانەت نوێنەرانی دەستنیشانکراوی ئەو ڕێژیمە لە مەجلیسدا بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی کارەکانی ڕۆژانەیان، ناچارن بەرتیل بدەن یان بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵک بەرتیل وەربگرن. لە ڕێژیمی ئیسلامیدا گەندەڵی و بەرتیلوەرگرتن و ئاکارپیسی و بێڕەوشتی بەتەواوی سیستەماتیک کراوە و بووەتە نۆرمێکی ئەو ڕێژیمە.

گەندەڵیی ئابووری لە بنەماڵەی ئاخوندەکاندا و دیاردەیەکی هاوشێوەش لەنێو بنەماڵەی چینەکانی تری ئەو ڕێژیمە کە هەنووکە منداڵەکانیان بەرپرسی دامەزراوە و ناوەندە جیاوازەکانی ئە ڕێژیمەن، بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاو و گرێدراویی بنەماڵەی سەران و بەڕێوەبەرانی ڕێژیم و گشت ئاخوندەکان. تەنانەت گەندەڵیی دارایی و ماڵی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و ... بە جۆرێک بووەتە سیستەمێکی ڕەوا لەنێو خۆیاندا کە دەکرێ ناوی بە ڕێکخراوەییبوونی گەندەڵی پێ بڵێین.

گەندەڵیی سیستەماتیک بە بارودۆخێک دەگوترێ کە مانەوەی ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان بەو گەندەڵییانەوە گرێ درابێتن و وەها دۆخێکیش لە ڕێکخراوەکان، یاساکان و نۆرمی هەڵسوکەوتەکە کۆمەڵایەتییەکانیان دەگاتە ئاستێک کە ئاشکرابوون و بڵاوبوونەوەی دزی، کەڵکاژۆی ماڵی و دارایی، بەرتیلخۆریی وەزیرەکان و بەرپرسانی تری ئەو ڕێژیمە لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاسایی دەبێتەوە و هیچ بایەخێکی پێ نادرێ.

جۆرەکانی تاوان وەکوو؛ کوشتن، مرۆڤدزین و بارمتەگرتن، دزیکردن، کڵاولەسەرنان، سپیکردنەوەی پارە، فرۆشتن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، فرۆشتن و بەکارهێنانی جۆرەکانی خواردنەوە هۆشبەرەکان و قاچاخی نەوت و زۆر دیاردە و تاوانی تر کە لە ئێراندا ئاسایی بوونەتەوە و تاوانبار و تاوانکاران تووشیان دەبن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرەیان پێ دەدرێ.

بەپێی یاسای لێپرسینەوە و سزادانی ئیسلامی کە لە ئێراندا باوە، ئەو خاڵانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، بە تاوان ئەژمار دەکرێن و دەبێت تاوانباران و تاوانکارانیان سزا بدرێن. بەڵام ئەو جۆرە یاساگەلە بەڕێوەبەرانی ڕێژیم، بەرپرسان، وەزیرەکان، منداڵانی بەرپرسان و سەرانی ئە ڕێژیمە یان هەمان ئاغازادەکان ناگرێتەوە کە هەموو سامان و دارایی و داهاتی خەڵکانی ئێرانیان بەتاڵان بردوە و بەکردەوە دەبینین ئەوان لە هەموو سزا و لێپرسینەوەیەک پارێزراون.

دزیکردن و گەندەڵیی بەرپرسانی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی ڕێژیم، نەشیاوبوون و نەبوونی شایستەتەوەری و دەیان هۆکاری تری هاوشێوە کۆمەڵگەی بەرەو گەندەڵی و ئاڵۆزی و تێکدان ڕاکێشاوە و دەبینین کە دابڕانێکی گەورە لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا هاتووەتە ئاراوە و هاوکاتیش هەژاری و بێڕەوشتی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر بە چڕوپڕی باڵی بەسەر کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەدا کێشاوە.

بارودۆخی شپرز و داڕووخاوی ئابووری لە ئێراندا نەک هەر ڕەخنەگرانی ڕێژیمی تووڕە کردوە، بەڵکوو دەنگی لە لایەنگرانی ئەو ڕێژیمەشی بەرز کردۆتەوە و ئەم تووڕەیییانەش گەیشتووە بەو ئاستەی کە بەئاشکرا ناڕەزایەتیی خۆیانیان دەربڕیوە و لەسەر هەڵاوسان و گرانییەکان ڕێژیمیان وریا کردۆتەوە. "ترۆمۆبیل گران بووە"، "نان گران بووە"، "شیرەمەنی گران بووە"، "ماکارونی گران بووە"، "ڕۆن گران بووە"، "خانووبەرە گران بووە" و ... لەم ڕۆژانەدا ئەم هەواڵانە هێندە بڵاو بوونەتەوە کە ئیتر گوێمان بەو جۆرە هەواڵانە ڕاهاتوە.

ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی گرانییەکان لە دەروانی سەرۆککۆماریی "ئیبراهیم ڕەئیسی" و کابینەکەیدا تەنیا لە بازنەی لایەنگرانی ڕەوتە فۆرماڵیتەکەی و بەگشتی لایەنگرانی ڕێژیمدا بەرتەسک نەکراوەتەوە، هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، ئەو ڕەخنەگرانەش کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕەئیسی و کابینەکەیدا گەرەکیان بوو بێدەنگی هەڵبژێرن، ئەوانیشی تووڕە کردوە و بارودۆخەکە گەیشتووە بە ئاستێک کە ئیتر ئەوانیش بێدەنگیی خۆیان بشکێنن.

محەمەدڕەزا بادامچی، نوێنەری دەستنیشانکراوی پێشووی ڕێژیم بۆ مجلیس لە ترسی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان بەهۆی کڵپەی ناڕەزایەتییەکان دەڵێ "چیی دیکە خەڵک بەرگەی هەڵکشانی چەند بەرانبەری نرخەکان ناگرن و ئازاری گرانییەکان لەسەر ڕێژەیەکی زۆری خەڵک گەیشتووەتە سەر ئێسقانیان." ناوبراو جەختی لەسەر ئەوەش کردووە کە؛ دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی ڕێژیم دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە، چونکی سەرەڕای بارودۆخ و ئەو باسانەی کە لەسەر دۆخی ئابووریی وڵات هەیە، دامەزراندن و هاوردنەسەرکاری کەسانی ناشارەزا و نەزان شەرمەزارییە و دەبێ لەوەش ئاگادار بن کە ئەم جۆرە کارانەیان زیان و خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراو بە کۆمەڵگە دەگەیەنن."

ئەو نوێنەرە دەستنیشانکراوەی پێشووی ڕێژیم وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە خەڵک توانایی قەبووڵکردنی شەش تاکوو حەوت هێندەی هەڵکشانی گرانبوونی نرخی کەرەستە سەرەکی و پێویستەکانیان نییە و دەبێ لەسەر ئەم بارودۆخە ئاگاداری بە بەرپرسان بدرێ، بەرپرسانی ڕێژیمەکەی لە مەترسیی ئەو دۆخە ئاگادار کردۆتەوە و دەڵێ ئیبراهیم ڕەئیسی، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بە خەڵک دەدا و ئەیوت؛ لە دەورانی سەرۆککۆماریی مندا گرانییەک نامێنێ، چونکە ئێمە بەرنامەمان هەیە و چاودێری و کۆنترۆڵی هەموو شتێک دەکەین؛ ئەدی کوا؟"

هەشت مانگ لە هاتنەسەرکاری ڕەئیسی و کابینەکەی تێپەڕ بووە، بەڵام نرخی شتە سەرەتاییەکان و بۆ نموونە نرخی پراید لە ١٢٨ میلیۆن گەیشتووە بە ٢٠٠ میلیۆن تمەن، ئەمە تەنیا نموونەیەکی سادەیە و دەکرێ بە زۆر شت و کەرەستەی تر ئاماژە بکرێ کە نرخەکانیان زۆرتر هەڵکشاون.

هەر لەم پێوەندییەدا محەممەد مەهاجری، بناژۆخوازێکی ڕەخنەگری دەوڵەتی ڕێژیم لە لاپەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتێری خۆیدا بە بەکارهێنانی هەشتاگی (دەوڵەتی ئیفلیج-دولت علیل) نووسیویەتی: "بەڕێز ڕەئیسی! وێڕای سڵاو، دەمهەوێ لە بەڕێزتان بپرسم چەندە کاتتان پێویستە و دەبێت چە کارەساتێک لە ئابووریی وڵات ڕوو بدات تاکوو تێ بگەن کە ئێوە و دەوڵەتەکەتان شیاوی دەسەڵاتداری نین؟".

هەروەها ڕەحمەتوڵڵا بیگدلی، کەسێکی ناسراوی ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم، لە لاپەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتێری خۆیدا نووسیویەتی: "تاکوو چەند مانگی پێش هێزی سایبێری دەیوت: سێ دانە ماکارونی، نە سوویا، نە کەشک، پانزە دانە هێلکە، نە پەنێر، دەبنە ٩٦ هەزار تمەن! لەعنەتت لێ بێت ڕوحانی، لەعنەتت لێ بێت خاتەمی! بەڵام هێشتا ڕەئیسی نەهاتووە کەچی سێ دانە ماکارونیی کردووە بە ١٠٢ هەزار تمەن! ئایا بەم دەوڵەتی ئینقلابییەی ڕەئیسی، دەگەین بە ئاستێک کە بە تەڵ ماکارونی بکڕین؟

هەر وەکوو لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاگادار بووینەوە، ئەوە تەنیا خەڵک نین کە تووڕە و ناڕازین و سەبریان نەماوە، بەڵکوو لایەنگرە ڕادیکاڵەکانی ڕێژیمیش تووڕەن و ئەوانیش بێدەنگییان شکاندوە و دەنگی خۆیانیان بەرز کردووەتەوە، لە نوێنەرە دەسنیشان کراوەکانەوە بگرە تاکوو سیاسەتوانە بناژۆخوازەکان و تەنانەت ئەو مەداحانەیش کە بەردەوام لە خزمەتی ڕەئیسیدا بوون و پێدا هەڵیاندەوت، دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز بووەتەوە.

هاتنەسەرکاری ڕەئیسی، بەو شێوە بڕیار و کاردانەوەی شورای نیگابانی ڕێژیم، چاوەڕوانکراو بوو و سەرەڕای ئەوەی کە ڕەخنەیەکی یەکجار زۆر لەسەر ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ بەڕێوەبردنی ئێران هەبوو، بەڕێوەبردن و دەسەڵاتداری بە شێوەی هەڵسوکەوتی ڕەئیسی لە کاتی بەرپرسیارەتیی ناوبراو لە دەزگای بەناو دادوەریی ڕێژیمدا دیار بوو، بەڵام ئیتر بڕیار درابوو کە لە پاش حەسەن ڕوحانی، بەرپرسیارەتیی دەوڵەت بدرێ بە ناوبراو و هەر وەک دەزانین پێشی درا. بەڵام پاش هاتنەسەرکاری ڕەئیسی، هەموو لایەکمان ئاگادارین کە بارودۆخی خەڵک و ئێران بەگشتی تووشی چە کێشە و گرفتگەلێک، تووشی چە گەندەڵی و دیاردە و کارەساتگەلێک بوون و ڕێژیمیش زیاتر لە جاران باوەڕپێنەکراتر و بێمتمانەتر بووە.

# سەرهەڵدانی سیاسیی برسییە وشیارەکان


ئەییوب شەهابیڕاد

هۆکاری ئەوەیکە لەو وڵاتە هەر بستە منداڵێک دەبینی، کۆڵێک بەکۆڵەوە بۆ نانی ڕۆژانەی خۆی یان تەنانەت بنەماڵەکەی خەریک قووڕبەسەرییە، هەمووی لە ئەستۆی دەسەڵاتی زاڵی کۆنەپەرستانەی مەندیل لەسەرانە کە، هەموو هەوڵێکیان داوە کۆستی کۆمەڵگە بخەن و، خەڵک لە قون تەندوور دانێن و دەیان دیاردەی ناشیرینی وەک ڕیزبەستن بۆ کاڵا، خەوتن لە خانووچکە کارتۆندا، گیرۆدەی بەنگەمەنییەکان لە کەلێن و کولێنی کووچە و شەقاماندا، هەڵوەدا و بێکار و، زۆریتر لەو کۆمەڵگەیەدا سەرهەڵبدا. کە بەم ڕۆژە بگا، خەڵک بگاتە ئەوکیان و بڕژێنە سەر شەقامانەوە.

جا ئێستا ئەوەیکە "ئایەتوڵڵا پاشکەوتووەکان" هەتا ئێستا توانیویانە بە درووشم و هاتەران پاتەران دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و لە دەسەڵات نەکەون، قسەی تێدا نییە. بەڵام پاشڤەڕۆی ڕاستەقینە، ئەو بەناو شارستانییە مودێرنەن کە بە بینینی تابلۆی خوێناوی و کۆستکەوتووی کۆمەڵگەی ئێران، هێشتاش باس لە ڕیفۆرم و ئاڵۆزی دروستنەکردن و ترسی هەڵوەشان دەکەن.

بەشێکی زۆری ئیلیتی ناوەندنشین چوونەتە دەرەوەی وڵات و جاروبار دژی ڕێژیمیش دەدوێن و ڕەخنە دەگرن، کە سەرەتاکان هەر ئەوان هۆکاری سەقامگیربوون و پنجداکوتانی ئەم ڕێژیمە بوون. ئەزموونی هەموو سەرهەڵدانەکان و ناڕەزایەتییەکان و تەنانەت هەوڵی نەزۆکی ڕیفۆرمخوازانیش لەو سیستەمدا، پێمان دەڵێ ئەو کەچە "داکۆکیکارانەی مافی خەڵک" هێشتاش بە جۆرێک لە جۆرەکان هۆکاری مانەوەی ئەم ڕێژیمەن و لە کاتی تەنگانەدا بە هانای ڕێژیمەوە دەچنەوە.

فاکت و هۆکارێکی تاقیکراوەی زۆرن هەن کە هۆکاری دەسەڵات بەدەستەوەگرتن و مانەوەی دیکتاتۆرەکانن. بەڵام یەکێک لە کارەساتبارترین چەشنی شرۆڤە و وەرددانەوەی دیکتاتۆرەکان ڕوتووش کردنی دیاردەکان و ئێفێکتدانان لەسەر نێوەرۆکناسیی دژایەتیکردنەکانە. دیاردەیەک کە ئەگەرچی ئەمڕۆژانە خەڵکی بۆ نانی وشکی کوێرەوەری دەکێشن، هێشتاش دە جەستەی ڕەشبووی ڕێژیم و سەرهەڵدانەکانی خەڵکی دەسوێن. ئەو وێژمانە نادیموکراتیک و دژەخەڵکییە، ئەگەرچی تریبونێکی زۆری لە نێوخۆ و بەتایبەتیش دەرەوەی وڵات هەیە، دوو ئاکامی دیار و هەست پێکراوی هەبووە:

یەکەم، هەمیشە سنگێک بووە لەسەر جەستەی هەر چەشنە شۆڕشێکی ڕادیکاڵ و ئارمانخوازنە و ناڕاستەوخۆ هاوبەشی ڕێژیمیشە لە هەموو کۆست و نەهامەتییەکاندا.

دووهەم، قەیران و نەهامەتییەکانی ئابووری.

سەرچەشنی سیاسەتی ئابووری دەوڵەتی سێزدەیەم و یەکدەستی خامنەیی کە هاوکات نازناوی "دەوڵەتی ئینقلابی، شۆڕشگێڕ"یشی پێ دراوە، گەڕانەوەیەکی تەواوە بۆ سەرچەشنەکانی "ئابووری ئیسلامی"ی ساڵەکانی سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵاتیان. پرسیارەکە ئەوەیە، ئەرێ دەوڵەتەکانی دیکە توانیبوویان لە بازنەی هزرینی "ئابووریی ئیسلامی" دەرچن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە چاوێک بە بەرنامە و شێوازی بەڕێوەبەری دەوڵەتەکانی پێشوودا دەخشێنین.

سیاسەت و بەرنامەکانی ڕێژیم لە ساڵەکانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی، پۆپۆلیستی، دروشمی پڕوپووچ و زیاتر کاریگەریی لێکدانەوە شەریعەتییەکانی خومەینی بەسەرەوە بوو هەتا تێگەیشتنێکی دروست لە ئابووری. هەربۆیە دوای شەڕ، ڕەفسەنجانی بە دروشمی "بیناتنان-سازندگی" هێندێک لەو شێوە تێفکرینە دوور کەوتەوە. ڕەفسەنجانی لە ماوەی سەرکۆماریی خۆیدا سیاسەتی ئازادی ئابووری، قەرزکردن لە دەرەوەی وڵات، زیادکردنی هاوەردە و ئازادکردنی نرخەکانی گرتەبەر. بەڵام لە دوایین دەوری سەرکۆماریی خۆیدا تووشی هەڵکشانی بێکاری، نەختینەیی و قەرزێکی زۆر بە دەرەوەی وڵات، هەڵاوسان بوو و، بۆیە ڕووی کردە سیاسەتی هاوسەنگی ستراکچەرە ئابوورییەکان.

دەورانی سەرکۆماری خاتەمی، ئەحمەدینژاد و ڕوحانی، هەر خووڵانەوە لە بازنەی شکست و نوشستی بەڕێوەبەریی هەڵە، گەندەڵی، نایەکسانی دابەشینی سامان، زاڵبوونی زیاتری "بەیتی خامنەیی" لە ڕێگەی پاشکۆکانی وەک ئۆرگانە ئەمنییەتی و سوپای پاسداران بوو. قۆناغی دەست بەسەرداگرتنی بەتەواوەتی ئابووری لە لایەن "بەیتی خامنەیی"ییەوە دەگرێتەوە بۆ سەردەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد. ئەحمەدینژاد بە بیانووی جێبەجێکردنی سیاسەتی کەرتی تایبەت، دەستی کرد بە فرۆشتنی کۆمپانیا و پشکی دەوڵەتی بە کەرتی تایبەت. بەگوێرەی ئامارەکان زیاتر لە سەدا نەودی ئەو فرۆشتنانە بەبێ هیچ زیادکردن "مزایدە" و تەنانەت نرخەکەشیان ناڕوونە چۆناوچۆن دراون بە "بەیتی خامنەیی" و سوپای پاسداران.

ئەگەر بیانووی خامنەیی تا بەرلە بە سەرکۆمارکردنی ڕەئیسی، یەکدەست نەبوون و شۆڕشگێڕ نەبوونی دەوڵەت بوو، ئێستاکە تەواوی سەروەت و سامانی ئێرانی لە تەنگەی باخەڵی ناوە و، تەنانەت نانی وشکیشی لە خەڵک بڕیوە. ئەگەرچی دەبێ لە "بەیتی خامنەیی"دا بۆ بنەما و هۆکاری دارمانی ئابووری ئێران بگەڕێین، بەڵام بەو مانایە نییە، هۆکاری ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانەکانی خەڵکی تەنیا لە ئابووریدا کورت بکەینەوە. نەتەوەکانی ئێران بە بەئامانجگرتنی خامنەیی، خوازیاری سیستەمێکی دێموکراتیک و بەتەواوی جیاواز لە هزرین و جیهانبینی کۆماری ئسیلامیین.

بە کورتی: ئیدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە. ئەوان هەرچی لەو جسنەی بوو، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ ەوە، خستیانە نێو لاپەڕەی کتێبەکانەوە و بەکردەوە خزمەتی ئیدیۆلۆژیی بەرمەبەستی خۆیان کرد. بەڵام ئێستا بەر لەوەی شۆڕشێکی دیکە لە ئێراندا سەرهەڵبدا، شۆڕشگەلێکی جوراوجۆر لە بواری پێوەندی و میدیا و تێگەیشتن و زانیاری لە ئێران ڕووی داوە. گشت شەقامەکان، ئەمجارە لەژێر هەنگاوی پتەوی خۆپێشاندەران و وێژمانێکی ڕووت، بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون و لەسەر پێگەیشتوویی و دواڕۆژبینیی خۆیان پێناسە کردوونەوە.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:823 21 May 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
kdp.taskilat@gmail.com
+9647508483312


## ڕێزنامەی دەفتەری سیاسی بۆ فێرگەی سیاسی- نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بۆ بەڕێز بەڕێوەبەریی فێرگەی سیاسی- نیزامی (فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە)!

لەگەڵ سڵاوی گەرم،

بەهاری ئەمساڵ، ٤٠ ساڵ بە سەر دامەزرانی فێرگەی سیاسی- نیزامیی حیزبی دێموکراتدا ڕادەبرێ. ماوەی ٤٠ ساڵە فێرگەی سیاسی- نیزامی بووە بە ناوەندێکی گرنگی پەروەردەی کادرەکان، فەرماندەران و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەم دامەزراوە، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پێگەیاندنی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و ئامادەکردنیان بۆ تێکۆشانی بەبەرهەمتر لە بوارەکانی سیاسی، نیزامی، تەشکیلاتی، بەڕێوەبەریتی و هتددا. هەزاران پێشمەرگە و سەدان کادر و فەرماندەری لێهاتووی حیزبی دیموکرات، لە ڕێگای دەورە و بەرنامەکانی ئەم فێرگەیەوە، سوودیان لە زانست، پسپۆری، ئەزموون و ڕێنوێنیی مامۆستایان، بەڕێوەبەران، فەرماندەران و ڕێبەرانی حیزب وەرگرتوە و ئاگایی و توانای سیاسی، تەشکیلاتی، نیزامیی و ڕەزمیی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردوە.

دەفتەری سیاسی بە ئەرکی خۆی دەزانێ لە ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی نیزامیدا ، بە پێزانینەوە ئاوڕ لە کارنامەی پڕ بەرهەمی ئەو ناوەندەی فێرکردن و پێگەیاندن لە حیزبی دیموکراتدا بداتەوە. ئێمە بە ڕێزەوە یادی داهێنەرانی بیرۆکەی دامەزراندنی فێرگەی سیاسی – نیزامی دەکەینەوە، هەر وەها ڕێز دەگرین لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی حیزب کە وەک بەرپرس، بەڕێوەبەر، مامۆستا و کادر و پێرسۆنێلی فێرگە لەو ماوەیەدا خزمەتیان کردوە. بە تایبەتی جێی خۆیەتی یادی هەوڵ و زەحمەتی ماندوویی نەناسانە و بەنرخی کاک چەکۆ ڕەحیمی بکەینەوە کە لە دانانی بناغەی فێرگە و ئامادەکردنی بۆ جێبەجێکردنی چاوەڕوانییە پەروەردەییەکانی حیزب، ڕۆڵێکی کەم وێنەی هەبووە.



دەستخۆشی لە ئێوە بەڕێوەبەران و مامۆستایانی ئێستای ئەو فیرگەیەش دەکەین کە بە دڵسۆزی، لێهاتوویی و هەوڵی ماندوویی نەناسانەتان، فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگە لە سەر جێبەجێکردنی ئەرکە بە نرخەکانی بەردەوامە.

پیرۆز بێ ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی- نیزامی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

## چەند دیمەنێکی ڕێوڕەسمی یادی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی فێرگەی پێگەیاندنی حیزب




## بەر لە ماڵاوایی

# شکاندن یان لەقاودان



شەهریار تەهماسبی

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی وێنەی ژن، کچ و زاواکەی قالیباف لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی تاران بە بارێکی زۆر و قورس کە لە بیست جانتای گەورەدا جێ کرابوونەوە و هەروەها کەلوپەلی ژووری منداڵ کە بە «سیسمونیی گەیت» ناوبانگی دەرکرد؛ شەپۆلێکی بەربڵاوی ڕەخنە و توانج بەرەوڕووی سەرۆکی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی کران کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

باسەکە سەرەتا ئەوە بوو کە چۆن دەبێ بنەماڵەی سەرۆکی یەکێک لە سێ دەزگای سەرەکیی وڵات بۆ کڕینی کەلوپەلی منداڵ سەردانی ئیستانبوڵ بکەن، بەڵام دواتر هەواڵدەری و مێدیاکان لەقاویان دا کە لیستی کڕینی بنەماڵەی قالیباف هەر ئەوەندە نەبووە و ملک و ماڵ و خانووشی تێدا بووە. سروشتییە کە قالیباف سەرەتا حاشا لەوە بکا و دواتر لە کۆبوونەوەی مەجلیسدا ئەمەی بە بەشێک لە پڕۆژەی شکاندنی خۆی دانا. تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامە و شوێنی ئەو دوو خانووبەرەیە لە ئیستانبوڵ کە لە شارۆچکەی «سکای لەند» لە گەڕەکی ماسلاک بە ناوی محەممەدڕەزا بوحەیرانی و محەممەد بوحەیرانی، زاوا و برای زاواکەی کڕدراوە و مێدیاکانی تورکیەش پشتڕاستیان کردەوە؛ دیسان قالیباف پێی چەقاند کە خۆی و بنەماڵەکەی لە ئاوی شەو پاکترن! ئەو گوتی بەڵگەنامەکان ساختەن و باندێکی ئەمنییەتی لەدژی ئەو دروستیان کردوە، هەر ئەو گرووپەی کە پێشتر ئەحمەدینژاد، سەرۆککۆماری پێشووی ڕێژیمیش زۆر جار ئاماژەیان خۆی گوتەنی ئەوەی بن بەڕەیان بۆ دێنێتە سەر بەڕە. بەڵام ڕوونە کە لەوبەری گەندەڵییەکان شتی تریش لە ئارادایە.

چەندفاقێتیی دامودەزگا ئەمنیەتی و بەڕێوەبەری لە ئێراندا فۆڕمی حاکمییەتی سیاسیی لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی لاداوە و ئەم فۆڕمە ویکچوویەکی زیاتری لەگەڵ گرووپە مافیاییە چەکدارەکان هەیە تا حکوومەت. ئەو گرووپە ڕکەبەرانەی کە بۆ مانەوەی پتریان لە قووچەکی دەسەڵاتدا خوێنی خەڵک لە شووشە دەکەن، سەروەت و سامانی گشتیی وڵات بەتاڵان دەبەن و لە کێبرکێی دەسەڵات و ستاتوی خۆیاندا ڕەکەبەرەکانیان دەشکێنن و هەوڵ دەدەن بە لەقاودانی گەندەڵییە ماڵی و ئەخلاقییەکانیان مەیدانیان پێ چۆڵ بکەن؛ ئەمە سروشتی مافیای حکوومەت لە ئێران و باندە هاوتەریبە ئەمنییەتییەکانە لەو ڕێژیمەدا.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لە ئەرکە ڕێکخراوەییەکانیان پڕۆژەی شکاندنە کە لە دەیەی یەکەمی دوای شۆڕشدا ئەو ئەرکە بە کەسانێک سپێردرا کە دەسەڵاتی سیاسی بۆخۆی دواتر بە شاڕلاتان و گەندەڵکار ناوی بردن. لەگەڵ پەرەسەندن و هەمەگیریی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم ئەرک و بەرپرسایەتییە خرایە سەر شانی مێدیاکارە بەکرێگیراو و سایبێرییەکان. شکاندنی کەسایەتیی کەسانی ڕەخنەگر و دژبەری ڕێژیم ئەرکێک بووە کە بەهۆی چەندفاقێتیی ناوەندە ئەمنیەتییەکان زیان و خەسارەکانی ئەوکی خودییەکانی نێو دەسەڵاتیشی گرت.

هەوڵی پاوانخوازانەی باندە مافیاییەکانی حکوومەت بۆ گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی یان مانەوەی ئەو جڵەوە لە دەستیاندا کە بە نرخی هەڵلووشین و بەتاڵانبردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی وڵات بەدی هاتوە، چارەنووسێکی سەخت و لەتاقەتبەدەری بۆ خەڵکی وڵات بەدیاری هێناوە. بارودۆخێک کە بە سەرنجدان بە چەندفاقێتیی بەرژەوەندییەکانی باندەکانی نێو حکوومەت نەک هیوا بە چارەسەرکردنی ناکرێ، بەڵکوو دوورەدیمەنەکانی قوڵبوونەوەی قەیرانەکان لەسەر حسێبی خەڵک پتر خۆی دەنوێنێ. چەند فاقێتییەک لە ناوەندە ئەمنییەتییەکاندا کە ڕێگەی بۆ دزەکردنی ڕێکخراوی هەواڵگریی وڵاتانی دیکەی وەک مووسادی ئیسڕائیل خۆش کردوە کە دەرکەوتەکانی ڕوونن: بەتاڵانبردنی بەڵگە و زانیارییە نهێنییەکان، کوشتنی مۆرە گرینگەکانی ڕێژیم لە کەرتی زانستی ناوکی، بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و دیکیۆمێنتە هەرە هەستیارە ئەمنیەتییەکان، هێرشی وێرانکەر بۆ سەر بنکە سەربازی و ئەتۆمییەکانی ڕێژیم.

گەرای ئەو پڕۆژەیە کە سەرەتا بە مەبەستی تۆکمەکردنی دەسەڵات و نەهێشتنی کەسی دژبەر داندرا، ئێستا بۆتە هۆکاری کەلێن و دابڕانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە قەوارەی حکوومەتدا. تەنانەت هەوڵی دوو سەرۆککۆماری نێو بەرەی ڕیفۆرمخوازی حکوومەت بۆ پاکسازی و یەکخستنی ناوەندە ئەمنیەتییەکانیش ئاسنی ساردکوتان بوو. کەلێن و کەلەبەرێک کە سەرەتا کاتێک ڕێبەری ڕێژیم بە پشتیوانیکردن لە ئیتلاعاتی سپا و دامەزراندنی ناوەندێکی ئەمنیەتیی هاوتەریب چرژی خستە نێو پێکهاتەی ڕێژیم، ئێستا ئەو چرژە سەرلەبەری قەوارەی دەسەڵاتی ڕێژیمی داگرتوە.

ناوەندە ئەمنیەتییە ڕکەبەر و هاوتەریبەکان، دەوڵەتی سێبەر، دەسەڵاتی جێبەجێکاری پشتی پەردە وای کردوە کە قەیرانەکان لە ئێران و تەنانەت لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پتر و پەرەسەندووتر و چارەسەرنەکراو بن. بارودۆخێک کە هەم ژیانی ئابووری و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی خەڵکی بەئامانج گرتوە، هەم زەبرێکی قورسیشی لە پێکهاتەی خودی دەسەڵات داوە.